# (شادارستان)ی

# ئاڤا و بڵند

**رەهبەر سەید برایم**

**2021**

ناوی کتێب : شادارستانی ئاڤا و بڵند

نووسینی : ڕەهبەر سەید برایم

تایپ : سەرمەد سەڵاح سابیر

دیزاین : توانا ئەحمەد

تیراژ : 1000

ساڵی چاپ : 2021

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

چاپخانە :

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی سپاردنی (        )ی ساڵی 2021ی پێدراوە

# پێرست:

1- شادارستانی ئاڤا و بڵند
2-چوونە ناو باس
3-گلکۆی گوڵزار
4-دەروازەی ڕەزان
5-ئێزدی و شێخانی
6- ڕەگ و چرۆ
7- گوڵە داڵیا و سۆزان
8-گەشت و سروشت
9-هێمای داهێنان
10-ئاسۆی تێروانین
11-هونەر و پایە
12-مەرگ و کراس گۆڕین
13-سەرچاوەکان
14- پەراوێز و پەرێز
15- ڕاڤەی وشەکان
16- ژیاننامە وبیرەوەرییەکانی
17- نووسین و بڵاوکراوەکانی
18- بەڵگە و دەستنووسەکانی
19- پرسەنامەکان

**20- ئەلبوومی وێنەکان**

(1)

# شادارستانی ئاڤا و بڵند

(2)

# چوونه ناو باس

تایەر ئیسماعیل ساڵح یان تایەری وەستا سمایلە سووری نەجار (**خاڵە گەورە**) ماستەری هێنابوو لە دارستان لە ئەمریکا ، لە ویلایەتی (**یوتا**) خزمەتی ژینگە و دار و گوڵ و مەل و دارستانی کوردستانی کردبوو ، دارستانی (**هەیبەسوڵتان و پیرمام و خانزاد و سەرسەنگ و ئاسکی کەڵەك**)ی دامەزراندبوو ، بۆیەش ناوونیشانی کتێبەکەمان ناو لێنا ( **شادارستانی ئاڤا و بڵند** ) چونکە دوو مانا دەگەیێنێ ، واتە ئاوەدانی و بەرزی هەمیش کچە نۆبەرەکەی ناوی (**ئاڤا**)یە ، کوڕە تاقانەکەی ناوی (**بڵندە**)ە ، لە ناوەڕۆك ناوونیشانی (**گوڵە داڵیا و سۆزان**) هاتووە ، ئەویش هەر بۆ دوو مەبەستە ، داڵیا و سۆزان ناوی کچەکانیتی ، لە هەمان کاتیشدا (**داڵیا**) گوڵێکی جوانە و (**سۆزان**) بە مەبەستی سۆزی دڵ و دلۆڤانی بەکارهاتووە ، واتە خاڵی گەورە ( **سێ کچ و کوڕێکی هەیە** ) ناوی منداڵەکانی تا ڕادەیەك جیهانییە زۆر لە میللەتان پێ ئاشنان وناوەکان نامۆنیین لە زمانەکانی بێگانە:

هەستمان کرد خاڵە گەورە زۆر گومناو و مانگی بن هەورە ، بەو توانا و زیرەکی و ڕاژە و شاکارەکانی وەك پێویست ناناسرێت ، پەندێك هەیە دەڵێت (**مام برازای بزر کرد خاڵ خوارزای مەزن کرد**) هەرچەند وامەزەندە دەکرێ ئەو پەندە لە زاری ( **دایکان** )ەوە کوترابێ چونکە دایك برای پێ گرینگترە لە شووبرا ئێمە وەکو خوارزا( **خوشکەزا**) دەمانەوێ خاڵمان مەزن و بەرز ڕاگرین خوشکەزا بین نەك خوشکە قەزا ، بۆیە خاڵ و خوارزایەتیمان کرد ، چونکە خاراوین لە خەم و خۆشەویستی خاڵ.

نامانەوێ خاڵە گەورە لە ناو مێژوو دا بزر بێ ، مەبەستمانە هەقی خۆی بدرێتێ ، کاکڵی مەبەست ناساندنیەتی ، چونکە پیوار و نادیارە بۆ رێز گرتنیەتی ،

**بولبول بوو ، ڕەنجی لەگەڵ گوڵ کێشا**

**کەچی بای بەیان عەتری گوڵی برد**

**بە پەنجەی عەشق کێو بێستوون نەخشا**

**کەچی فەرهاد بوو ناوبانگی دەرکرد**

کامەران موکری شاعیر بە گوڵاوی شیعر دەروون پڕ دەکا:

**گوڵ بەو جوانییە لە کۆشی دڕکا**

**ئەگەشێتەوە پەڕەی ڕەنگینی**

**دڵ بۆ شادیگای بییەوێ پڕکا**

**ئەبێ بچێژێ تاڵاوی ژینی**

**(هیوا)ش لە کۆشی ناسۆر و خەما**

**ئەپشکوێ خونچەی جوان و شیرینی**

ئەو کتێبە نە ڕۆمانە و نە چیرۆك ، باسی زاتێك دەکا لە ناوەڕۆك ، خاڵ (تایەری وەستا سمایلە سووری نەجار) واتە ڕۆحی گوڵ و گڵ و دار و دارستان و گوڵزار و بێستان جار ، بە مانای دیمەن و چیمەن و گوڵشەن و سروشت و کانی و تافگە و رووبار ، واتە پسپۆر لەو بوارە لێزان و بەئەزموون ، دیدەروون و بەورە و بڕوا بەخۆبوون ، ئەو کتێبە پێکهاتووە لە (19) بەش و ()وشە و () وێنە مرۆڤ بوخچەیە تا نەکرێتەوە نازانی چی تێدایە! حاجی قادری کۆیی دەفەرموێ:

**(کەیفی) حاجەت نییە بکەم باسی**

**ئەم کتێبە بخوونی دەیناسی**

دەبێت سوپاسی ئەو پەرۆشدارانە بکەین زۆر هاوکار و ماندوو بوون بۆ دەرچوواندنی ئەو کتێبە هەروەك:

1-سەرمەد سەلاح سابیر ( خوشکەزای ) خالە گەورە

2-شوکریە سابیر حەداد ( خێزانی ) خالە گەورە

3-د.ئاڤا تایەر ئیسماعیل ( کچی ) خالە گەورە

4-هۆشیار حەمەدئەمین سالح ( دۆست و دراوسێ ماڵی بابی خالە گەورە )

5-مامۆستا عەبدوڵڵا زەنگەنە ( دۆزەرەوەی بابەتە ونەکان )

6- هێمن مەولود ئیلنجاغی

7- هاوکار محەمەد مەهدی ( فۆتۆگرافەر )

رەهبەر سەید برایم

(نەورۆزی 2021)

(3)

# گلکۆی گوڵزار

گوڵ و درەختی باخ و دارستان
مەل و گژ وگیای گەرمیان و کوێستان
دەگەشانەوە بۆ خاڵە گەورە
( بڵند و ئاڤا ) مانگی بن هەورە
شوکر و سابیرن سۆزان و داڵیا
خامۆش باخچەی خاڵ هەوار خاڵیا
بێ ڕاژە و ژاکاو ، چیمەن و گوڵزار
باڵدار بێ هەواڵ ، دار و گوڵ یادگار
شوورە و گومبەزی بەرز و دیار بێ
شەنگەبی و چنار بە ئەسپیندار بێ
لە دار زەیتوون و سەروو و سنەوبەر
بۆ ساباتی ڕۆح سەوز و بە سێبەر
گۆڕی گوڵپۆش بێ ، ئارامگای خۆش بێ
شەرابی پاکی بەهەشتی نۆش بێ

★★★★★★★

# (4)

# دەروازەی ڕەزان

بەهەشت ئەو شوێنەیە کە خۆشی و خۆشەویستی تێدایە ، ژیان کورتە و کات خێرایە ، گەنجی یاقووتێکی گرانبەهایە ، لە دەستدانی دەرفەت ، دەبێتە خەم و مەینەت ، ئەورۆ ئاگرە سبەی خۆڵەمێش ، مردن کوێرە چ بکەی هەر دێتە پێش ، جوانی مرۆڤ زانیاری و ئازادی و ئەوینداریە ، ئەو جوانیانەی هەبن شتێکی گەورە و موڵکداریە ، شاردنەوەی هەژاری هونەری کەسی مەزنە ، سامان بۆ میرات نییە بۆ ژیان و چێژ وەرگرتنە ، خەڵکی خێرخواز تۆی دۆستایەتی و خۆشەویستی دەچێنێ ، ژیان بێ خۆشەویستی و بێ هیوا ، گۆڕستانە بەهای نامینێ ، نزیکبوونەوە لە گوڵ ئاسوودەیی دەگەیێنێ ، گەورەترین سەرمایە لەکن مرۆڤی ژیر ئامۆژگارییە ، خەڵکی هۆشمەند کتێب و ژیان دەخوێنێتەوە عەوداڵی زانیارییە ، پەرۆشی بێ زانیاری ئاگرێکی بێ رووناکییە ، زانایی و شارەزایی دایکی زانستە و هەوێن و ماکییە ، زانست و زانین کلیلی قوفڵەکانە ، پێشکەوتن و سەرکەوتن زادەی روونی عەقڵەکانە ، زیرەکی گەوهەرە ، زانایی هێزە ، هێزت هەبێ ، رێزت دەبێ ، هێز رێزە ، ئارامی هێلانەی حەوانەوەیە ، شارەزایی چاکترین قوتابخانەیە ، بێ دەنگی و هێمنی رێز و هەیبەتت پێ دەدات ، بزە و دڵخۆشی مرۆڤ تەمەن درێژ دەکات ، پێکەنین هەتاوێکە گوڵی ئارامی دەگەشێنێتەوە ، هەتاو هەتا سەر لەبن هەور و تەم نامینێتەوە ، هەموو هەتاوێك ، ئاوابوونی هەیە تاوێك ، راست نەکردنەوەی هەڵە هەڵەیە ، چاکردن و بەخۆداچوونەوە بۆ گەشەکردن و فۆرمەڵەیە ، خۆشترە کوخێك لە باخێك ، نەك خزمەتکاری لە کاخێك ، کەم بژی شێر بی ، نەك زۆر بژی و لە ژێر بێ ، نان و ئاو و سەربەستی ، نەك پشتێنی زێڕ و ژێردەستی ، هەتاو گەورەترە لەوەی کە دیارە ، لە چاو زەوی گەورە و تینی گەرمی بە هەزاران هەزارە ، گرانە بگەرێ ی بە دوای رستە و وشە و مانایەك ، کاڵا بە قەد باڵا بێ بۆ ناسینی دانایەك.

(5)

# ئێزیدی و شێخانی

ئازارنەدانی خەڵك جوانترین ئاینە ، قوولبوونەوە لەدین ، باوەڕ و تێگەیشتن و زانینە ، شێخانییەکان لە بنەڕەتدا ئێزیدین ، جلوە و مەسحەفا ڕەش بە کوردین ، ئێزدییە شێخانییەکان کە کەوتوونەتە ناوچەی سۆران و کۆیە لە مێژە ، چەند بۆچوون و ڕای جیاواز هەیە لە روداوی مێژوویی باسێکی درێژە.

*ساڵی 1535ز میری ئێزدییان فەرمانڕەوایی میرنشین داسنی و سۆران بووین ، لەسەردەمی سوڵتان سلێمان قانوونی لەو دەڤەرە حوکمڕان بووین ، بۆیە کەوتوونەتە کۆیە و ناوچەی سۆران ، رایەك هەیە شاری کۆیە شوێنی هەڵقوڵانی شێخانیان بووە لە دەوران!! سنجاق بە ئاڵای ئێزیدییان پێوەندیدارە ، پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زانستی هەیە چونکە جێی ڕامان و پرسیارە!

بە گوێرەی رووداوی مێژوو ناکۆکی کەوتۆتە نێوان چۆلۆ بەگ و خەنجەر بەگ لەسەر میراتی ئێزیدیایەتی و دەسەڵات ! چۆلۆ بەگ دەکوژرێ و خەنجەر بەگ دەبێتە میر و ساڵی 1205ی کۆچی کۆچ دەکەن بەرەو سۆران و کۆیە بە هۆی کێشە و کارەسات ، خەنجەر بەگ مێرگەی شێخانیان و داسنیان بە جێ دەهێڵێ ، سەرەنجام بە شێخانی دەناسرێن و بڵاوبونەتەوە وەك خێڵێ ،!

*حەمێی مسێ لە باعەدرێ ، ئامۆزایەکی خۆی لە دەست دەکوژرێ ، دوایی بە (حەمەد ستی) دەناسرێ ، رووداوەکاتە وراتی کۆیە دەبێتە مەڕدار و خاوەن مێگەل و مێشەنگ و ئاش و لە زەوی و زار ، چەند گوندێك داگیردەکات بە زۆری زۆردار ، بایزی کوڕی ( حەمەد ستی) جێیەك داگیر دەکات گوندی (بایزاغا) ! زۆر لە شێخانیان لە *تۆڕمەی حەمێ ی مسێن لە وەچاغا !

*فەرمانی کوشتاری پاشای گەورەی میرنشینی سۆران ، بە ناوی (شەرع و دین ) چەسپاندنی بەسەر ئێزیدییان ، ساڵی 1831ز دە هەزاری لێ بە دیل گرتن ، بە هەزاران ئێزیدی و عەلی بەگی داسنی لێ کوشتن ، پاشای کۆرە چی پێ کرا لەگەڵی کردن !! میری سۆران پاشا کۆرە یان پاشای گەورە ، کەوتە قرچ وپڕی ئێزیدییان بەو زوڵم و جەورە ،

داسن لوتکه شاخێکه له شەنگال و (شێخادی) رابەری رۆحی ئێزیدییان خەڵکی بناری شاخی داسنی بووه له هەکاری ، شاخی داسن تاکه شاخه ئاراستەی رووی له کەعبه نەبووه بۆیه ناویان گۆری به (مەقلووب) له زەمانی لەشکری ئیسلام و قۆڕخکاری ! له زمانی کۆنەکان وئاینی حەران ، (داسن) واته خوای تاك و بیٚ هاوتا نەك دەعبا و دێو ، هەروەك بن دیان و بن حجو و بن داسنی واته بن کێو.

ئێزیدی واتا فریشته – به ئاین لقێکی یەزدانین ، ئاینێکی وەحدانین ، شێخادی خوا نییه ، ملەتی ئێزیدی له خۆڤەکرییه گەلەك ، خودا تاك وتەنیایه بەقەولی تاوسی مەلەك :

یا ڕەبی عەلاشانەك و عەلا مەکانەك وعەلا سوڵتانەك

یا ڕەبی تویی کەریمی تویی رەحیمی

یا ڕەبی هەر تۆ خودای

هەر توی لائیقی مەدح و سەنای

یا ڕەبی تو مەلەکێ مەلکێ جیهانی

یاڕەبی تو مەلەکێ مەلکێ کەریمی

یا رەبی تو مەلەکێ عەرشی عەزیمی

یا ڕەبی ژ عەنزەل دا هەر تۆێ قەدیمی

تو تام و کام و رای

یا ڕەبی هەر توخودای

هەر توی های

ئێزیدی ملەتەکی خودێ پەرێسن ، دێو پەرست نین ، کێوێکه (داسن) ! شێخادیان پێ پیرۆز و کەرامەتداره ، خوا به پێی قەولەکان و لاڤژ دیاره :

خودێ ئێکه به بێ شەریکه و بێ هەڤاله ، وەحدل قەهاره ، للالشێ سەکنیین گۆت : ئەڤه حەقواره ،

**رووگەی ئێزدییانە لالش ، لەسەر باوەڕ چیان لێ دەقەومێ چش ، لالش بە یەکەم نشینگەی سەر هەسارەی زەوی دەزانن ، بەرجەستەی پردی سیراتە و شوێنیکی پیرۆزی ئێزیدیانن ، روداوی مێژووی پڕ ستەمیان بە سەرداهاتووە و چەوساونەتەوە ، بەڵام زۆربەیان لەسەر دین و باوەڕی خۆیان هەر ماونەتەوە ، ئێزدی لە زمانی پەهلەوی و ئاڤێستادا واتە (یەزدان) مرۆڤن ئاینن**

**بە هەق و ویژدان ، شایەتمانی ئێزییدیان ئەوە دەگەیێنێ خوا تاك و بێ هاوتایە : ئێزیدی دەبێژن : شەهدا دینێ من ئێك ئەڵایە ، واتە شایەتی ئاینی من یەك خوایە ، ئێزیدی دینێکی یەکتاپەرستییە ، خۆڕاگری و خۆشەویستییە !**

**باوەڕ و کلتور و نەریتی ئێزدییان بۆ قوڵایی مێژوو دەگەڕێتەوە ، ئاینێکی کۆنی کوردە بە جەور و ستەم ناسڕێتەوە ، شێخانییەکان کریڤن ، لەگەڵ هاوخوێنییان شەریفن ، بەو شێوە و رووداوانە بڵاوبوونەتەوە لە کۆیە و دەڤەری سۆران ، لە دین بووین لە خوێن نەبووین ، شێخانییەکان بوونەتە موسڵمان**

(6)

# ڕەگ و چرۆ

شێخانییەکانی ناو کۆیە لە توخماتی حەمەدی شێخانیین ، لە باڵی فریشتە و پەڕەی تاوس و لقێکی یەزدانین ، تایەری وەستا سمایلە سووری نەجار ، لە لالشێ شێخانیان و لەو رەگ و مێرجار ، ساڵی 1929 ، لە شارەکەی کۆ ، لە گۆڕەپانی جەژنێ ، چاوی هەڵهێنا بە چەشنێ ، لە ناو تەختە وتەشو ودار ، نۆبەرە و جوان و نازدار ، چونکە پێکهاتەی ئاوی پاك و جوانی گڵ بوو ، بۆیە دڵی شەتلگە و ئینجانەی گوڵ بوو ، بە هەژاری دەخوێنێ ، بۆ خۆی خۆی پێ دەگەینێ ، بە عەشقی خوێندن بە زیرەکی ، دوو نیشان دەپێکێ بە تیرەکی ، بۆ خوێندن و بژێوی ژیان تێدەکۆشێ ، بەفر و شەربەتی مێوژ و بادەمچە دەفرۆشێ، بە هەژاری هەر بە منداڵی ، ژیاوە بە مەردی و حەڵاڵی! بە زیندەگی سەخت خارا بوو ، بە شەرمبەخۆیی گۆشکرابوو ، لە ناو تەختە و ڕەندە و شەقە و مشار ، بزمار و پەروانەی جەنجەڕ و دەستەندووی هەوجاڕ ، بە ئارەقەی نێوچەوان ، خۆی پێ گەیاند زۆر جوان.

لەو ڕۆژگارە سەخت و تاریکە ، بۆ خوێندن دەگاتە ئەبوغرێب و قوبرس و ئەمریکا، لە قۆناغەکانی خوێندن هەر یەکەم دەبێ ، بۆماڵی باوکی کەمتەر خەم نابێ و زۆر بە خەم دەبێ ، کە شلکە نەمام و لە بەهاری ژیان و چرۆی تەمەن بوو ،لە ڕادە بەدەر زیرەك و یەکەمین و دەگمەن بوو ، لە ڕۆژگاری هەژاری و نەخوێندەواری لە ریزی هاوشاران، ئاسۆی گەش هیوای و دیاربووە لە ناو خوێندکاران ، بە دڵسۆزی و وەفایی ، بە پێی توانای دارایی ، بە نامە و دیاری و هاوکاری ، غافڵ نابێ لە کەس و کاری ، کەم کەس پیاوەتی وای لە دەست دێ و هەڵدەکەوێ ، پەرۆشی دایکی و باوکی بێ  و خۆشی خۆی نەوێ ، بە ویژدانەوە ئاوڕیان لێ بداتەوە ، خانوویان بۆ  نۆژەن بکاتەوە، لە تاڤ تولازی قۆز ، بە لۆژیك و بیردۆز ، داوێن پاك و ڕاشکاو ،عاشقێکی دڵشکاو ، دڵی دابێژ ، نابێ سارێژ، عەشق و ئەشك حەشار نادرێ ، پیرۆزییەکەی نهێنییە و باس ناکرێ ، ئەمین و ڕاستگۆ ، سەر سپی وەك پەمۆ ، گفتوگۆی دەکرد بە بێ

رووپایی ، نیشانەی دەپێکا بە ئەسپایی ، ڕای خۆی دەردەبڕی بە بێ ڕییایی ، ئاواتی گەورە دروست دەکات پیاوی گەورە ، دەگمەن و نموونە بوو لەو زەمان و دەورە، لە گەنجیدا پیر ، لە پیریدا ژیر ، تەماحی نەبوو نەیدەکرد غارە غارە ، خۆشی بە غرام وخەم بە تەغارە ، پێی وابوو چاوچنۆك نەخۆش بەختە ، نەخۆش وەختە ، بەڵکو دەردی سەختە ، گەرچی لەگەڵ خزم و خێزان و دۆستانی ڕوو خۆش ڕێك و تەبا بوو ، بەڵام تووڕەبوونی گەردەلوول و ڕەشەبا بوو ، ناهەقی قبووڵ نەدەکرد ، ئاگر بوو گڕی دەکرت ، سەرراست و چاك كوردێكی پاكژ ، بە گژ گەندەڵی دادەچوو دژ.

زەهوە سابیر (دایە زەوە) (1909-1998)دایکی تایەری وەستا سمایلە سووری نەجار ، لەبەر خۆشەویستی کوڕەکەی و ڕێزی مێردەکەی بە زمانی گوڵ و گوڵزار ، بە مێردەکەی دەگووت بابی کاك تایەری ، ڕستەکەی پڕ ئەدەب و ڕێز بوو بە نرخ وەك گەوهەری ، دەست ڕەنگینی وەستا سمایلە سووری نەجار ، کە مرد دوایین وەستا بوو لە دروستکردنی جەنجەر و هەوجار.

## (7)

# گوڵە داڵیا و سۆزان

دڵی جوان بوو وەك روخساری ، سۆز و خۆشەویستی و دلگەشی لێ دەباری ، دەم و چاوی پڕ بوو لە هیوا و خەندان ، باخچەی گوڵی گەش بوو بەفرانبار و ڕێبەندان ، ئاشنا بوو بە خەندە و عاشق بە گوڵ و درەخت ، لە شاخ و باخ و دارستان و سروشت وەرز نەدەبوو هیچ وەخت ، کەس نەبوو وەك ئەو، عاشق بە گوڵ و دار و چۆلەکە و کەو ، سروشتخواز، خۆشخوان و بە ئاواز ، بەو دانی سبەینێی سالحان ، خێر و شەڕ بەش نەدەکران ، هەموو سپێدان بە پاچ و شەکۆ دوودەو و بێڵان ، دەکەوتە بژار و پاگژی و ئاودان و کێڵان ، سەحەری پێش هەتاو بە خەبەر ، تیشکی ڕۆژ نەدەهاتە دەر ، قەت هەتاو پێش ئەو ، هەڵنەدەستا لە خەو ، ئاو و قاوەیەکی دەخواردەوە ، وەك نانی گەرم ڕۆژنامەیەکی دەخوێندەوە ، کە چۆلەکە لە باخچەکەی دەیجریواند ، بە مەزەندە و خەیاڵی خۆی دەیدواند ، وایدەزانی هەواڵ و موژدەی (بڵند)ی کوڕی بۆ هێناوە ، یادگاری لەگەڵ چۆلەکە هەبوو رووداوی دەگێراوە ، لە باخچەی ماڵ بەرامبەر مەل و گوڵ و درەخت رادەما ، داڵغەی لێ دەدا و جغارەی بەربا دەدا خەم و نامۆیی نەدەما ، باخچەکەی پێ (باخی ئیرەم) بوو ، پڕ لە گوڵ و داری ناوازە و لێی بە خەم بوو ، وەك حەزرەتی نالی گوڵی بە دڵ پەرژین دەکرد ، زوو باخچەی ماڵی دێراو و گوڵاو پەڕژێن دەکرد ، لەسەر خوان نانی نە دەخوارد بێ گوڵ لەسەر مێز ، بەرچایی بەیانیانی وەك پاشا و نانی*فراوینی وەك شازادە و ئێواران وەك هەژاران نانی دەخوارد دەیکرد پارێز ، خواردنی شەو بێ هۆشییە ، ئەنجامەکەی نەخۆشییە ، نرخی کاتی دەزانی ورد و بەرنامە ڕێژ ، خشتەی دانابوو ڕۆژانە لێی دەیکرد چێژ ، وەختی گەشت و گەڕان و خەو و خواردن و خوێندنەوە دیاری کردبوو ، چرکە بە چرکە کاتی دارشتبوو ، لە بەڵێن و بەرنامە وردبوو ، لە پاش نوێژی خەفتنان ، خۆی دەخزاندە ناو نوینان ،لە وەختی خۆی بێ هەست و خوست ، یادگاری خۆشی وەبیرخۆی دەهێنایەوە و لێی دەنوست ، بە دوای هەل و مەرج دەگەڕا وەختی دروست دەکرد ، سوودی لە دەرفەتە جۆر بە جۆرەکان وەردەگرت، بە توانا لە وتەی زێڕین و سەربوردە و پەندی کوردەواری ، گەنجینەی مرواری و سەر ڕێژ

**لە ئەزموون و یادگاری ، یادگا و دیدگا گەش رون هزری تیژی ، مرۆڤ دۆست و دژ بە توند و تیژی، ورد لە ڕۆژمێژوو یاداشتی تۆمار ، داسووی تەبارەی خەرمانەی یادگار، رووداوەکانی بە وردەکاری ، خاڵ خاڵ دەینووسی بۆ ئامۆژگاری .**

( 8 )

# گەشت و سروشت

پێی وابوو مرۆڤ ئەگەر نەگەڕێ و گەشت نەکات ژەنگ هەڵدەهێنێ ، پێی خۆشبوو هەموو شوێنێ ببینێ ، گەشت و کەڕان مرۆڤ ژیر و بیرفراوان دەکا ، زۆر لە کونی ژوور بەندیخانەیە دڵ وێران دەکا، حەزی لە گەڕان بوو گەشتخواز و سەیرانچی ، نەیدەویست یەك چرکەی ژیانی بە خۆرایی و تاڵانچی ، ! بە پاسەپۆرت ساڵانە وڵاتان دەگەڕا بە گەشت ، کەش و هەوایەکی خۆشی دروست دەکرد دەیکردە بەهەشت ! بە دوای شادییدا بگەڕێ خەم بۆ خۆی دەدۆزێتەوە، گوڵی ژیان بە خەندە و خۆشی گەش دەبێتەوە، زۆر جیهان گەڕابوو وڵات بە وڵات ، نەك ئەمریکا و ئەوروپا و ڕۆژهەڵات ، لە کوردەواریش شارەزا بوو لە بادینان و سۆران و هەورامان ، یادگاری و زانیاری وردی هەبوو بە سەرنج و ڕامان ، دەگەڕا بە لاقان کەند و لەند و کێو و بەندەنان ، ئەشقی تەشق بوو بۆ مەشق و ساغی بەدەنان، بایەخی دەدا بە بەروبوومی خۆرسکی و خۆماڵی ، سەیری دەهات بە مەڕداران و بێری و شوانی دەم بە شمشاڵی ، دڵشاد دەبوو بە ماڵە ڕەوەندان لە هۆبە و هەوار و بن ڕەشماڵان ، دەتاسا بە دیمەنی ڕەنگین و هاژەی زیوین و ئاوی بەفرین و بۆنی هەڵاڵان ، کوردستانی پێ خۆش و جوان و پیرۆز و بەرز بوو ، چونکە هەتاو و ئەستێرە وئاسمانی دیار بوو ساڵی چوار وەرز بوو ، بەو پەڕی خۆشحاڵی ، خەفەتی پێ ڕادەماڵی ، شەیدای چیا و پەپوولە و هەنگ و مەل بوو ، ڕۆحی لەگەڵ بەهەشتی سروشت تێکەڵ بوو ، دەیزانی کوێ لەوەڕ و پووش و پاوان و پەرێز و زەمەندی زۆر و زەبەندە ، دەیزانی کام خاك و خۆڵ بۆ گژ و گیا و گوڵ و دار و دەوەن باش و پەسەندە!

**وامەزانە خاکی وەتەن**

**ئاو و گڵە دار و دەوەن**

**ئەو وەتەنە ئاو و گڵە**

**پشت و ئەژنۆ و جەرگ و دڵە**

ناهەقی نەبوو (مەلا کۆرە)بە شیعری جۆبار ، لە مەولوودان بخوێنێ وەکو کەو و کەوبارِ ، بەو گەرووە ئاگرینە:

**کوردستانە چەند شیرینە**

**جەنەتی ڕووی زەمینە**

**خوایە هەر ئاوەدان بیٚ**

**قەومی کورد جیٚ نشینە**

نیشتیمانی لا شیرین بوو ، دڵی بۆ کورد سویٚ و برین بوو ، بۆچوونی وابوو ئەو هەموو دەشت و شاخ و کێوە، پیرۆز و ئاڵە خوێنی شەهیدانی پێوە، ئاو وگڵ و دار وبەردی کوردەواری ، لەکنی بەنرخ بوو وەك زێڕ و مرواری ، دڵی دەکراوە بە کانی و خوڕگە و کارێز و بافل و بن سوول و سولاوك ، بەکەژ و کەسکایی و قامیشەلان و تراوکە و ترۆپك و پاناوك ، پەلکەزێڕین و هەتاو و بارانی پیٚ جوان بوو ، عەشقی سروشت و شاخ و گوڵستان و بێستان و دارستان بوو ، مەست دەبوو بە بۆنی خۆشی زەوی پاش باران ، بە جوانی دەشت و ڕەوەز و نزار و زناران.

**جوانە کوردستان**

**دیمەنی بێستان**

**وێنەی وەك بەهەشتە**

**ئەم هەردو ئەم دەشتە**

**جوانە کوردستان**

**خاکی پیرۆزە**

دەیگووت دەبیت مرۆڤ لەگەڵ فریشتە بدویٚ ، چونکە باخ چاوی هەیە پەرژین گویٚ ، خولیا بوو بە بەفر و کەڤر و ڕەنووی دۆڵ و نسیٚ و نزار ، لوتکەی شاخی هەزار بە هەزار ، دارستانی زەبەند و چڕ ، کانی و رووبار و تاڤگەی بە خوڕ ، نێرگز جار و مێرگجار و گوڵشەن و دیمەن ، زنە و زەنوێر و بژوێن وچیمەن ، تریفەی مانگ و پڕشنگی گەلاوێژ ، ئارەزووی بوو بەوپەڕی چێژ ، شیعری ستایشی هاوارە:

**پڕ لە شاخ و کێو چیا و روبارە**

**هەمووی سەیرانگا و گوڵ و گوڵزارە**

**چوار وەرزی گەڵا هەروەك بەهارە**

**بۆ هەر لا ئەچی هەر مێرگوزارە**

**ئەو شەونمی درەخت لە رووی پژابوو ، لە جوانی گوڵان سەرنجی دابوو ،**

(9)

## هێمای داهێنان

پسپۆر و ژیر و گەشبیر و زرینگ و زاکوون ، گەریدە و دونیا دیتە و بە ئەزموون ، لێزان لە گوڵ و گڵ و مەل و دارستان ، پێشنیازی کردبوو بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ، (داربەڕوو) هێما و سومبوڵی داران و (نێرگز) هێمای گوڵان بێ ، (کەو) هێمای مەلان بێ ، (بزنەکێوی) هێمای ئاژەڵان بێ ، قوتابخانەیەك بوو لە بەرنامە و وانە و پڕۆژە ، چونکە ئامانجی دەدیت لە ئاسۆی پاشەڕۆژە ، درەختی دەچاند بۆ هەزار ساڵ ، واقیع بینین بوو نەك خۆش خەیاڵ ، خەونی ڕەنگا و ڕەنگی هەبوو ، کار و پڕۆژەی گرینگی هەبوو ، دەویست چنارۆك و دوکان ، بکاتە بووکی بووکان ، نەك ئەوێ هەموو شاخەکانی کوردستان ، بۆ گەشت و ژینگە بیکا بە کێڵگە و ڕەز و دارستان ، لە شیکاری و ڕێکاری و تۆژینەوە و رووەکپەروەری و ژینگەوان لە بەرزایی ئاست، لە زانستی پۆلێنبەندی و فلۆر وەك شاگردی ئەفلاتوون و تیئۆفراست ، ئاواتی بوو شوێنی وشك بەیار و شەولە و پەژستان برازێنینێتەوە بە سەوزایی و گوڵستان و دارستان و بێستان ، مەبەستی بوو ڕێژەی ستانداری سەوزایی ، بە چاندنگا بگەێنێتە ئاستی بەرزایی ، بۆ دوورایی دواڕۆژ نەخشەی بۆ داڕشتبوو، نەکرا چونکە بێ هەشت و مشت و پشت بوو، چەندی کرد بۆی دانەمەزرا ، دەست بەکار با لەرەن و مەزرا،

**(ئەم ئەرزە مەزرەعەی عەمەلە و گوڵخەنی ئەمەل)**

، بەو تەرزە تەژی لە مافووری گیا و فەرشی گوڵ و چاوگەی ئاو و خاکی بە کەلك و رواوگەی روەك و بەهەشتی گیاندار و مەل ، متمانەی بە خۆی هەبوو پێی دەکرا و لێی دەزانی و دەیتوانی ، وڵات کەسك بکا بۆ سەیرانگا و نموونەی جوانی ، دڵ ئارا دەبوو بە زەوی بەبرِشت و ئاڵاو واڵاو و بە ئارایشت ، شیعری شاعیرەکانی لە ستایشی کوردستان دەکردە فەرمایشت ، گشت کوردستان ، بە تەنستان ، خاکی زمرووتە ، بەپیت و بە برووتە، شیعرەکەی (بێکەس) بەسە بۆ جوانی بێ سنوور :

**شاخی ڕەنگا و ڕەنگی کوێژە باعیسی کەیف و سروور**

**هەر دەمە بەرگی ئە پۆشێ ، گا سپی ، گا سەوز و سوور**

مەحاڵ بوونی نییە لە خەون و خۆشەویستییدا ، نەسرەوتن دەتگەیێنێ بە ئاوات و راستیدا!، خۆی گوڵە (داڵیا )و درەختێکی باڵا (بڵند) بوو ، ئاڤا و سۆزان ژیانی هەموو راستی و ئەزموون و پەندبوو ، پەند دەنگی خوایە ، ڕۆژان ڕۆژی لە دوایە ، ژیانی چڕ بوو وەك دارستان ، دڵی سپی بوو وەك بەفری زستان ، گوڵستان و دارستان وسروشتی گەش بوو لە ناخی گیانیدا ، خێرخواز و پاك نیاز و سەرفراز و کارساز و ئاواتە خوازبوو لە ژیانیدا ، عەودالی تۆی ناوازە و نەمام و شتڵ بوو ، گوڵ و داری سەیر و جوانی لە ناو مەرکانە و ستڵ بوو، مەبەست و هەوەسی بوون ، یەك یەك لەسەری نووسیبوون لە تابلۆ سەر تەتەڵان ، لە تاوێر و ناو بەردەڵان ، بە تەواوی لێ دەنووسیین ، لێت دەزانی بەبێ پرسیین ، دڵی نەرم ونیان ، مرۆڤ دەکا جوان ، بەرکەتی و هێژا، ورد لە راوێژا ، دارستانی (**پیرمام و خانزاد و سەرسەنگ و هەیبەسوڵتان و ئاسکی کەڵەك***) ی دامەزراندبوو، (سەدان شتڵ وگوڵی ڕەش و داری ئورز و دار پلاتانۆزی) **(Orientalis Platanus)** لە کوردستان ڕواندبوو ، ئێلچی و پردی پەیوەندی نێوان کورد و ئەمریکا بوو، لە داری تەمەندار و (کەو) نیشانەی پێکابوو ، دڵنیا دەبوو، بێ هیوا نەبوو، بەدەستچێن و شارەزایی شتڵ٬و چقڵ و قاش و تۆ و شتڵ ، کارنامەی فراوانی هەبوو خاکی نیشتمان ئارایشت بکا بە شینایی و درەخت و گوڵ، گەریدەی گرد و گەوە و یاڵ و دۆڵ و بەردەلان ، ملە و کەپك و شانی شاخ و هەر لە تەلان و کەندەلان ، کون بە کون هەوراز و لێژ و بەیرون و دێمەکار و سەنگلاخ و قشلاخ و لێلاخ گەڕا بوو ، رەڤان و کەستەك و تەمۆخ و ئاودڕ و شینك و سۆرك و گڵەزەردە و گڵەسەر و هەرکەو و قۆپەن لێی بە هیوا و هۆنیا بوو ، بە زەوق و سەلیقە بەرامبەر سروشت خوێنی دەبزووت ،لە ئاست خەملیوی خاکە لێوە وەك گوڵ دەپشکووت ، عاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕخاڵ نەبوو ، خاڵە گەورە عاشقی کەژبوو وەك هێمن:

**عاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن**

هەمیشە گەش لە مەجلیسان بە پێکەنین و نوکتە و قسەی خۆش ، تایەر ئیسماعیل ساڵح سیاسی نەبوو بەڵام کورد پەروەر و بۆ گەلەکەی بە پەرۆش، خەیاڵاتی کوردی دەکرد ، حیزبی نەبوو بەس کورد بوو کورد ، خوێنەر و نووسەر ، ببوو بە ئەفسەر ، پێی وابوو دیموکراتی بریتیە لە ئازادی و دابین کردنی بەختەوەری و خۆشکردنی گوزەران و ژیان ، هەر کەس خەڵك ڕاو بنێ خۆشی

**ناحەسێتەوە ماندوو دەبێ دەکا زیان ، زۆر جار گێژەلوولکەیەك چڵە پووشێکی بێ ناشکێ بەڵام داری گەورە لە رەگەوە دەردەهێنێ.**

# (10) 

# ئاسۆی تێڕوانیین

چاو پەنجەرەی هۆش و ژێی سۆز و ئاوێنەی دەروونە خۆی تێدا دەبینێ ، جیهان خۆی نیشتیمانە ، چاکەکردن ئاین و ویژدانە ، ژیانی بە شەوەزەنگ نەدەشوبهاند ، بۆیە چرای دادەگیرساند و گوڵ و درەختی دەچاند ، ساڵانە بۆ دۆست و برادەران و کەسوکاری ، گوڵ و درەختی بۆ دەناردن بە دیاری ، ئاژەڵ دۆست و دۆستی باڵندە و ژینگە پارێز ، رای وابوو دار و گوڵ ڕۆحیان هەیە شایستەن لە رێز، زەردەشت و ئیبن سینا و ڕازی وەك دەرمان بایەخیان بە گوڵ و گژ و گیا داوە ، (باپیروس) ساڵی (1874ز )هەڵگری ناوی (800)گیا و گوڵی دەرمانی بەکارهێناوە ،خاڵە گەورە خارا بوو لە خەم وهەژاری ، هەنبانە و مۆزەخانە بوو لە ئەزموون و یادگاری ، خاڵی بوو لە خار و درك و رك و کینە و بێزاری ، ویژدانی ئاسوودە و قەرزاری کەس نەبوو ، خەمی هەموانی بوو بەس لەگەڵ ئەوەش بێ هەوەس نەبوو ، مرۆڤ کە بۆ خۆی ژیامەرگە، دەکەوێتە پەراوێز و پەڕگە، بە سۆز و دڵۆڤان ، بۆ خزمان بە کۆڤان ، خێوەتی خارا بوو ، بە خەم و کارا بوو، تەڤگەر و تەڤگۆ ، خاکی و پڕ ڕاژۆ ، خوا ناس ، نوێژی دەکرد چووبووە حەجێ ، ئەرکەکانی موسڵمانیەتی کردبوو جێ بەجێ ، دڵی بە دنیا خۆش ، هەمیشە گەش و بە جۆش، گوڵ و گڵ و مەل و دار و درەخت و گژ وگیای دەناسی ، دەیزانی ناوی زانستی و جۆری نەخۆشییەکان و خەسڵەت و شوناسی ،گیانی روەکی دەزانی لە پنچ و پنجك و پۆرگ و پۆقژە ، لە تاجی گوڵ و موتربە و برك و قاش و قەڵەم و قژقژە ، پسپۆر لە پەتا و ناسینی کرم و زیندەوەر و مێش و مەگەز ، دەوای دەردی دەدۆزیەوە چارەی دەکرد لە بنەچە و ڕەگەز ، دەیپاراستن لە وشکبوون و پیرەلۆك ، بە ئامۆژگاری و پارێزگاری کردنی بە تانۆك ، رووناکبیرێکی فرەلایەن و پڕ ئارەزوو ، لە هاوسەنگی رێز سەنگین لە تای تەرازوو، کۆمەڵایەتی و ئاوەدان ،چراچی کۆڕ بە خەندان ، خۆش بوو وتە و گفتاری ، قەند لە دەمی دەباری، جگە لە کوردی و شێوەزاری بادینی و چەند زمانی دەزانی ، عەرەبی و ئینگلیزی و تورکی و... بە روون و ڕەوانی و جوانی ، چونکە خوێندنی تەواوکردبوو لە قوبرس و ئەمریکا ، (ویلایەتی یوتا) ، شارەزا بوو لە گوڵ و درەخت دەیزانی کام خاك نەرمان و باش و بە رەنێو و بە پیتە ، گەڵا وەریو و ڕزیوەکانی بن دار و

گوڵ ، پێی وابوو بە کەلکە دەبێ بە پەین و زبڵ ، بۆخۆشی چارەی نەخۆشی و گەشانەوەی گوڵ و درەختی دەزانی باش ، بۆیە ناویان لێنابوو دکتۆری دار و درەختی بە بەلاش، دەیزانی کام روەك لە چ خاکێك دەڕوێ، چەند حەز بە ئاو و هەتاو دەکا و چۆن دەپشکوێ ، شارەزا لە شەواشینك و دڕکەزی و تووددڕك و خڕنووك ، لە گژ و گیای بەهاری و لە گۆڵمەزە و گەپڵە و گلێخە و گۆزروان و گێلاخە و گوێژ و لووشە و ترشۆکە و شەکرۆکە و شەکرەباوی قواڕدە و قەرەقاج و قەیتەران و بەلارووك ، گوڵناس و زەویناس و گژ و گیا و دار و بەردی دەناسی ، هەموو جۆرە نەخۆشییەکانی دەزانی بە وردی دەیکرد باسی. پێشەنگی کاروانی کێڵگە و گوڵستان و جەنگەڵستان بوو ، رابەری کشتوکاڵ و ڕاوێژکاری ڕەز و شینایی و بێستان بوو، پێشکاری باخچەوان و جوتیاران لە ناسینی و رواوگە و خاك و دۆڵ و تەپۆڵکە و بەرد ، لە خاکاو و ماکاو و نازاو و شۆ و شیناوەرد و گەردووەرد ، ورد و کارامە لە ئاوداشتنا ، لە نەمامگە و تۆ و شتڵ ئاشنا ، دەشت و دەر و کەژ و سارا ، لە کژ و ئاهەنگی بەهارا ، دەبێتە کەژاوە و تارا ، بەهەشت ئارا ، دەنگی مەلان ، مێرگی گوڵان ، گەشی دار و درەخت و جوانی سروشت ، دڵخۆش دەبوو پێی لێی تێدەگەیشت ، قوول دەبۆوە لە بەرنامەی پزیشکی بە شێوەیەکی زانستی ، دەیزانی سوودی سەوزە و میوە و خواردەمەنی و قرتەمەنی و شلەمەنی بۆ تەندروستی ، لە چ پێکهاتووە ! چەند رێژە تەندروستە ! بۆ ساغی گیان و لەش چ پێویستە ! دوو کچی دکتۆر بوون ، زانیاری زۆر بوون ، بە زانیاری و یادگاری و هۆشیار و ئاگادار ، بە دەگمەن هەڵدەکەوێ وەك ئەو لە دارستان شارەزا و شەهادەدار.

## (11)

# هونەرو پایە

تایەر تۆفیق و تایەر ئیسماعیل ساڵح هەردووك تایەر و بن ئامۆزا و شێخانی و یەك بەرەباب بوون ، دوو کەسایەتی جیاواز و هەڵکەوتوو و مرۆڤی نایاب بوون ، باوکی تایەر تۆفیق ، (تۆفیقە درێژ) ، نەیدەویست و حەزی نەدەکرد کوڕەکەی ببێ بە گۆرانی بێژ ، کە گۆرانی گووتبوو لە ئێستگە نیگەران بوو خۆی دانابوو بە بەخت ڕەش ، گوتبووی هەی بە چەلاوییەوە کوڕی خەڵکی دەبێ بە مامۆستا و ئەندازیار و دکتۆر و... کوڕی من دەبێ بە چاوەش ، نەیدەزانی هونەر لە بڕوانامە و پلە و پۆست بەرزترە ، هونەرمەندی گەل هەر زیندووە و نامرێ لە زۆر کەساییەتی بەهێزترە ، لە مێژساڵە مرۆڤ بە دوای نەمرییدا گەڕاوە ، وتەی (کامبانیلی) تەواوە و باوە ، (کوردستان خەزنەیەکە هێشتا بە چاکی نەناسراوە) ، دەنا بەقەد کۆسار و کالیپتۆز و منارە بڵند بوو ، نەدەدیترا چونکە دەزگای راگەیاندن و جارچی بۆی لە گەڕنەبوون زەمانە بزری کردبوو، دەبوو بە پەیژەی گوڵباران هەڵزنابوایە بۆ سەرمانگ ، لە ئاسمان هاوشانی ئەستێرەکان بوایە لە ناوبانگ ، گۆشە نیگای زانستی و تاقی کراوە و ڕوانگەی ڕاستی و بەڵگە بوو ، بە توێژینەوە ورد و وەرددانەوە و بە پلە و پێگە بوو، وریا و خاوەن پێگەی چاك ، رێك و پێك و پەرێز پاك ، بە ئەستۆپاکی ، کار و چالاکی ، وای ئەنجام دەدا ، شایان و رەدا ، بێ فێز لەسەر کورسی و مێز ، لە بەڕێوەبردن بە وزە و بە هێز، خاڵە گەورە ، مانگی بن هەورە ، مابوو زیندوو بوو لەو یاد و دەورە ، کەچی وەك تایەر تۆفیق ناوبانگی نەبوو ، چونکە هونەر و دەنگی نەبوو.

**نامرێ دەنگی دەمێنێ تایەری خۆش خوانی من !**

( 12 )

# مەرگ و کراس گۆڕین

تایەر ئیسماعیل سالّح 92 سالّ ژیا ، دوور لە چاوی میدیا ، بە عەشقی گولّ و گیا ، دار و سروشت و چیا ، تەمەن کەم بێ یان زۆر هەر ژمارەیە ، ئەوەی دەمینێتەوە ناو و شاکار و ئەو یادگارەییە ، پیری وەك مۆمی بەردەم (با) وایە ، زووتر مردنی لەرێ دایە ، مردن چارە و نۆرە و ئامانی نییە ، پیری دەردێکە دەرمانی نییە ، لەسەرەمەرگ بەو ناساغی و ئازار و برینە ، ئەو گۆرانیەی گووتبوو *( **بخوێنە هەر بخوێنە ، بەهاران خەو شیرینە**) ، خالّە گەورە دەیویست بەر بەرەکانی مردن و پیری بگا پێی نەکرا ، نیازی بوو سەد سالّ بژی کەچی کەوت و پرزەی لێ برِا، لە باخچەکەی بەربۆوەو و بورایەوە ، لە 2021/1/15 چرای مۆمی کوژایەوە ،( **لە باغان ئاهو نالێن دێ دەلّێن شای نێو گولّان رِۆیی**) ، شای دارستان و میری وەفایی و ئازیزی ناو دلّان ڕۆیی ،پیت وپالۆز ، سالّ بوو ئالۆز ، تەمەنی نەگەیشتە چارێکی تەمەنی دار ئورز و پلاتانۆز ،گەرچی پەری مەرگی ڕۆحئەنگێو چرای ڕۆحی کوژاندەوە ، بەلّام بە ڕەنج و ئارەقەی خۆی دار و گولّی گۆڕستانی بوژاندەوە ، جەستەی دەبێ بە خاکی خۆراکی گولّ و درەخت ، گیانی شاد و گەش دەبێتەوە لە هەر وەخت ، نەفس و جەستە ڕۆژگاری بەخشیبوو بە پەروەردگار ، پێشتر بەر لە مەرگی (گۆڕ)ی بۆ خۆی دیاری کردبوو و ڕازاندبوویەوە بە دار و گولّ و گولّزار ، پاکی گەشگیان و *گەشمردە ، بلّندی و*ئاروێن و پەندە، باخەوان و شاخەوان ، دێدەوان و زێدەوان ، خوێندبووی ، بەر لە بەهار ، لەبەفرانبار، کەوتە خەوی ئێکجاری ، گۆڕستانی هەولێری کردە دوا مەنزلّگای یادگاری ، ئێزیدییەکان وشەی مردن و مەرگ بەکار ناهێنن ، دەلّێن (کراسی گۆڕی) لە ڕۆژی مەرگ فریشتەکان گیانی مردوو بۆ (لالش) دێنن ، کەرەمکەن و دەنگ هەلّبهێنن ، سروودی ئاینی لەسەر بخوێنن، فرمێسك ئاگری دەروون دەکوژێنێتەوە ، هیچ شتێك وەك فرمێسك زوو وشك نابێتەوە، پێکهاتە بوو لە پەڕەی گولّ و شیلەی هەنگوین، وەك داربەرز و بەقەد شاخ سەنگین، ( کێلی

دەمەزنان) بەقەد خۆیەتی، لە خاکا مەیلی ڕەنگ و بۆیەتی ، مەرگی تەندووری جەرگی داگیرساوی پڕگڕە ،گەرچی لە بیر ناکریٚ بەڵام خاك مەیل پڕە ، کێڵێکی بەرزیش بەقەد درەختی بڵندە باڵابیٚ ، کفنی لە ئاڵا و گەڵا و گوڵی ئاڵ واڵابیٚ ، قلیشە داریٚ بە مشار و تەشووی وەستا سمایلە سووری نەجار ، چەپکی گوڵی گەش ، ڕەنگا و رەنگ و ڕەش ، لە گوڵزار و مێرگجار و نێرگسجار ، چڵیٚ لە نێرگز ، لقیٚ لە ئورز ، لە گوڵی لیلۆز ، گەڵای کالیپتۆز، لە پەلکی دارمازوو و داربەڕوو ، لە گاژ و سنەوبەر و سەروو، لە شمراخی دار چناری لەندەنی ، گەر هاتن بۆ دیدەنی، دەسکێك لە پونگ و شنگ و نەعنا و ڕەشە رەیحانە وجاترە ، لە گژ و گیای بۆنخۆش ئەوەی لە دەرمان چاترە، لە کنێر و قەنەفڵ ،لە شەوبۆ و سونبوڵ ، لە پەڕەی کێشکە و تاوس و کەو ، دانێن لەسەر گۆڕی ئەو ، لەگەڵ ٚمشتیٚ خۆڵی پیتمۆز ، لە مۆرییە تەرزە و شەبەنگە بە ڕۆژ ، دەستەباشییەك لە تۆی ناوازە و بەرچنەیەك لە پەڕەی گوڵ و گڵووکە و خونچە، پەرش و وەشان بیٚ بۆ سەر ئارامگا و پەخشان بیٚ بۆ ناو باخچە ، با گوڵ ڕێژ بیٚ ، نەمام نێژ بیٚ ، (کەیفی) بە کەیف بخوێنیٚ وەك بولبول و *هوزار .

**( با فەرشی سەری ڕێت بیٚ گوڵ و گوڵشەن و گوڵزار )**

لە ناو گوڵزار و *نسار و سروشت و شاخ و باخ و مەل و دارستان ، یادی بەخێر ڕاگرن گەلی برادەران و خۆشەویستان و دۆستان !!

## (13)

# سەرچاوەکان


1-گوڵبژێرێك لە پەند وتەی ناوداران - ئینگلیزی - فارسی - کوردی ئامادەکردنی – بەرهەم عوسمان - 2012

2-وتەی بلیمەتەکان- جوانترین وتەی ناودارانی جیهان - وەرگێرانی قوباد کەولۆس-2012

3-وتەکانی ژیان - محمد عبد الرحمان زەنگەنە-2006

4-میرچار - ئاراس ئیلینجاغی – 2017

5-شێخان و شێخان بەگی –خدری سلێمانی و سەعدوللا شێخانی -1980

6-ئێزیدیاتی - خدری سلێمان و خەلیل جندی-1979

7-ئاینی ئێزیدی- نووسینی - د.عەبدولقادرمارونسی و بورهان فائق فارس -2019

8-میری کورد - د.جەمال نەبەز - وەرگێرانی سەردار محەمەد عەلی رەواندوزی- 2019

9-یەزیدیەکان لە مێژووی نەتەوەکەیاندا. یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

10-ئاین و تایفە ئاینییەکان لە کوردستان – میهرداد ئێزیدی – بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ك) -2002

11-هەردوو کتێبی پیرۆزی یەزیدییان – جلوە و مەسحەڤ ڕەش – د. مەکسیمیلیان بتینەر – 2006 د. حەمید عەزیز لە ئەڵمانییەوە کردوویە بە کوردی

12-دەربارەی کورد و ئێزیدییەکان – کۆنترین (دەستنووس) وەرگێران و پێشەکی و پەراوێز د. هەڵکەوت حەکیم لەگەڵ پێشەکی پۆل پێردریزی – 2013

13-دەستنووسەکانی (تایەر ئیسماعیل ساڵح)

14- دیوانی (عەونی)

15-گۆڤاری کەکۆن

16-ئایینستان –کەریم زەند 2006

17-کتێبی ئێزیدییەکان (جیلوە و مەسحەفا ڕەش – ئەنستانس ماریکەر مەلی – نەجاتی عەبدوڵڵا لە فەرەنسییەوە کردووتی بە کوردی

18-گەڕان بە دوای نەمریدا – د. مەولوود ئیبراهیم حەسەن2020

19-دیوانی گۆران

20-بەبەختی حاجی – ڕەهبەر سەید برایم2010

21-هەڵبەستی برژاو(سەید برایم حاجی سەید سەعید) چاپی یەکەم- بەرلین 1996

22-کۆیە و شاعیرانی- بەشی یەکەم(شاعیرە کۆچکردووەکان)- کەریم شارەزا-1961

23-دەستنووسێکی مامۆستا ئەمیری مام ڕەشیدی مام یەحیا

24-زانیاری لە کەریم سابیر(کەریمی غابات)

25-دێرێکی شعرێکی کەیفی جوانرۆیی لە کتێبی(مەسعوود محەمەد)کەوچیك شەکر بۆ قاوەی تاڵ – ل19

26- بەرهەمەکانی شێخ سەلام - بەرگی یەکەم - دیوانی سەلام: کۆکردنەوە و ئامادەکردنی کاروان عوسمان خەیات (رێبین) -2019

27-گوڵاڵە سوورە – کامەران موکری -1971 لە فارسیەوە وەرگیراوە.

28-شنەی هەیبەسوڵتان - کۆیە بەرهەمی شیعر و نووسینەکانی جەلال جۆبار - ئامادەکردنی د. عوسمان دەشتی - شاگوڵ قوباد سلێمان -2018

29-خەرمان- فەرهەنگی کشتوکاڵی تایبەتمەندە- کوردی- عەرەبی –ئامادەکردنی حەمە ساڵح فەرهادی 2009

30-فەرهەنگی روەکناسی کوردستان ئەندازیار ئیرج مورادی (باقلاوای)

31-هەنبانە بۆرینە- فەرهنگ کردی –فارسی-هەژار –چاپ ششم

32-دیوانی نالی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس و فاتیح عەبدولکەریم).

33-دیوانی وەفایی- (میرزا عەبدول رەحیمی سابڵاخی)لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی.

34- شیعرێکی وەلی دیوانە بە دەنگی هونەرمەند کەریم کابان

35-(دەستنووس)وێنەی وەك بەهەشتە: شیعر و ئاوازی مامۆستای گەورە هونەرمەند (زاهیر محەمەد)ە

36-ڕەنگا و ڕەنگ (کۆمەڵێکە لە گۆرانی و سروود و هەڵبەست)- دانان و کۆکردنەوەی (زاهیر محەمەد)-1970

37-دیوانی حاجی قادر کۆیی – پێداهاتنەوەی نوێ: هێرش بێتووشی2007

38- سەرجەم بەرهەمەکانی مامۆستا هێمن -2014

39-دیوانی فایەق بێکەس-محەمەدی مەلا کەریم -2011

40- گیا و گوڵ - قادر باوەجان- 2012

(14)

# پەراوێز و پەرێز

*شوکر و سابیرن مەبەست لە شوکریە سابیر حەدادە دەکاتە خێزانی تایەر ئیسماعیل ساڵح کە لە 1964/7/2 پرۆسەی هاوسەرگیریان پێکهێناوە سێ کچ و کوڕێکی هەیە (د. ئاڤا ،د. سۆزان ، بڵند ، د.داڵیا )

د. ئاڤا هاوسەری (مستەفا ئەمین) ، منداڵەکانی ( عەبدوڵڵا ، ڕانا ، فۆلیا)

د. سۆزان هاوسەری (د. سەڵاحەدین یاسین) ، منداڵەکانی ( ژین ، ئالان )

د. داڵیا هاوسەری (د. شوان موەفەق) منداڵەکانی(شارا)

بڵند خێزانەکەی (ئەڤین جەلال) منداڵەکانی ( تارا ، لارا، ئەحمەد )

*شێخانیەکانی ناو کۆیە هەموو دەگەڕێنەوە سەر(حەمەدی شێخانی) بۆیە دەڵێن لە توخماتی حەمەدی شێخانین ، هەروەك چۆن حەوێزییەکان هەموو دەچنەوە سەر (**حاجی بەکراغای حەوێزی**) و تاڵەبانیەکانی کۆیەش دەچنە سەر (**شێخ غەفووری تاڵەبانی**) ، جەلیزادەکانی کۆیە نەوەی حاجی **مەلا ئەسعەدی جەلیزادەن**

*گۆڕەپانی جەژنێ یان گۆڕەپانی چەرخ و فەلەك نزیك ماڵی وەستا سمایلی نەجار و مزگەوتی مەحمود اغا و حەمامی حەسەن اغا بوو.

*خاڵە گەورە (تایەر ئیسماعیل ساڵح- تایەری وەستا سمایلە سووری نەجار) بە منداڵی هاوینان بادەمچەی فرۆشتووە ، (مسکین)ی شاعیر پورزای دایکی بووە ، داوای لێکردووە ، شیعرێکی بۆ دابنێ بادەمچەکەی بفرۆشێ بۆیە (مسکین)ی ئەو چەند دێرەی بۆ دارشتبوو!

**تامی زاری بادەمچە**

**بەددان بیکە پارچە**

**چەقەڵە و باوی و کاموسەك**

**دوو مراکی بە فلسەك**

دیارە بەو ریکلامە هاوار و بانگی پێکردووە ، زیاتر و زۆرتری فرۆشتووە ، بادەمچەکەی برەوی پتر پەیداکردووە. باو بوو لە کۆیە منداڵان کە بادەمچەیان دەفرۆشت هاواریان دەکرد:

**بەتام و خۆش بادەمچە**

**شرقەی دێ وەك دەمانچە**

مسکین ناوی (محەمەد کوڕی حەمەد بەگ)بە (حەمەد بەگی)یان گوتووە (حاجی بەگ) لە ساڵی 1920 لە شاری کۆیە لە دایکبووە ، پیشەی سەرتاش بووە ، دوکانی لەبەردەرگای مزگەوتی گەورەی کۆیە بووە ، ساڵی 1941 بە نەخۆشی (تیفۆ) کۆچی دوایی کردووە ، لە شاری کۆیەش نێژراوە ، پیاوێکی قۆز و جوان و زەوقانی و عاشق بووە ، دۆست و هاوتەمەنی شاعیری گەورە (مامۆستا ئەحمەد دلزار) بووە شیعر بۆتە گۆرانی ئەو شیعرە کە بە گۆرانی دەگوترا هی (مسکین)ی شاعیرە:

**یارم ڕەش پۆشە بە پێچە و عەبا**

**بۆ لێم تۆراوی ناڵێ ی مەرحەبا**

**یارم بێ وەفا**

**یارم هاتەوە لە مەدرەسەوە**

**دەستی ژێر عەبای بە دەفتەرەوە**

**میعادی مەکتەب دەستی دا جانتا**

**ڕۆیی بۆ مەکتەب ناڵێ مەرحەبا**

**دیسان هەریا نخست سێدارەی ڕۆمی**

**دەبلێن بە یارم بێتە نێو چۆمی**

**چاوم چاوەڕێ ی دەرکەی دوو دەری**

**کەی بۆم دەرکەوێ کراسی کودەری**
**ڕێگاکەی ماڵتان دەکەم بە جادە**
**تاکو پێیدابێ بەلار و لە نجە**

**بۆیە :**
**بەهرە و ( مسکین )ە ، خادم و راجی**
**کەیفی لێ نەما ، لە بەختی حاجی**

*ساڵی 1992خاڵە گەورە (تاهیر ئیسماعیل ساڵح – تایەری وەستا سمایلە سووری نەجار) لە ڕێکخراوەی (ئۆفدە)ی ئەمریکی کاری دەکرد ، من یەکەم قایمقامی شەقڵاوە بووم لە پاش راپەڕین ، بار و گوزەرانی خەڵك نا لە بار بوو ، حکومەتی عێراق هەرێمی کوردستانی فەرامۆش کردبوو، پارەی عێراقی رەسیدی نەبوو!

ڕێکخراوی ئۆفدە کە لێپرسراوەکەی(سکۆد پۆرتمان) Scot Portman بوو ، بنکەی لە عەنکاوە تەنیشت کەنیسەی مار یوسف بوو ، هاتنە لام لە شەقڵاوە ، داوەتێکی کوردەواریم کردن ، مستەر سکۆد گوتی چیت بۆ بکەم ! چۆن سەرکەوتوو دەبی کە لەو شارە قایمقامی منیش گوتم باپیرە گەورە لەو شەقڵاوەیە دادوەر یان بەڕێوبەری ناحیە بووە ، کاربەدەستێکی باڵابووە لە شەقڵاوە ، خۆشم ئەوەندە ساڵە پێشمەرگە بوویم ، چوارجاران بریندار بوویم لە شاخ و پێشمەرگاییەتی ، هەر لە شاخی سەفین کە شەقڵاوەی گرتوتە باوەش بە سەختی برینداربووم وەخت بوو بمرم خەڵکی شەقڵاوە خەبات و پێشمەرگاییەتی و ماندووبوونی منی بۆ چیە ! چ ئیشی بە باپیرمە لە شەقڵاوە کاربەدەست بووبێ! گەر دەتەوێ سەرکەوتوو بم، ئازوقە و نەفتم بۆ هەموو خەڵکی شەقڵاوە بۆ دابین بکە ، ئەوەم

بەلاوە گرینگە : لە راستیدا مستەر سکۆد پۆرتمان زۆر قسەکانی پێ جوان و باش بوو ، چونکە بۆ بەرژەوەندی تاکە کەس نەبوو ، ئازوقە و نەفتی بۆ جێ بە جێ کردین ،مامۆستا مەلا عەزیزی ئیمام خەتیبی مزگەوتی گەورەی شەقڵاوە حاجی مەجیدی قەساب شاهیدی حاڵ بوون.

بە هۆی خاڵە گەورەوە لە رێکخراوی ئۆفدە سێ کەسی بۆ دامەزراندین وەك (چالاك لەتیف عەبدولقادر عەسکەری ، شاخەوان حەویزە قادر(شاخە ڕەش)، کاوە حاجی سادقاغای غەفووری) پاش 31ی ئاب هەر سێکیان ڕۆیشتن و گەیشتنە ئەمریکا بەهۆی ئەو رێکخراوەوە.

*خاڵە گەورە کە دەیخوێند لە هەندەران ساڵی 1955 خۆیندکار بوو لە بەشی ناوخۆ ، هەندێ پارەی کۆکردبۆوە بۆ باوکی ناردبوو کە خانوەکەی پێ چاك بکەنەوە ، خانوەکەیان نزیك حەمامی حەسەناغا بوو لە گۆڕەپانی جەژنێ لە کۆیە ، تەڕەشوعی تێدابوو ، بەو پارەیەی ناردبووی خانوەکەیان نۆژەن کردبۆوە ، کە خاڵە گەورە گەڕایەوە بۆ کوردستان و کۆیە ، لە ڕادەبەدەر خاڵە گەورەی ماچ دەکرد و خاڵە گەورەش دەڵێ چییە بابە هێندەم ماچ دەکەی قەت وانەبووی! سمایلە سووری نەجاری باوکیشی گووتبووی کوڕم ڕەبی عەمرت درێژ بێ بەو خوایەی تۆ نەبای ئەو خانووەمان بەسەر دادەڕما !

ئەو خانووە ئێستا بۆتە باڵەخانە بە ناوی (باڵەخانەی سمایلە سووری شێخانی) ساڵی 1933 تاپۆی خاقانی هەبووە.

*جارێك کرێکارێکی دارستان جووتە کەوێکی نایابی بۆی هێنابوو بە دیاری ، نەیدەویست لێی وەربگرێ ، بەڵام کابرا بە نکووڵی سوێندی خواردبوو کە دەبێ وەریبگرێ ، ناچار جووتە کەوەکەی بەقەفەسەوە لێ وەرگرتبوو ، دوای ئەو چووبووە (پیرمام) لەوێ کەوەکانی بەرەڵڵا کردبوو ، گوتبوو بەوشاخ و سروشتانەوە جوانە

* ئاڤا و بڵند و سۆزان و داڵیا کوڕ و کچەکانی خاڵە گەورەن. کوڕێکی بەناوی (نەبەز) مردبوو !

سەید برایم (زاوای خاڵە گەورە تایەر ئیسماعیل ساڵح) ئەو شیعرەی بۆ تاکە کوڕەکەی کە (بڵند) لە دایکبووبوو دانابوو ، لە حوزەیرانی ساڵی 1969 لە کۆیەوە بۆ هەولێری ناردبوو، دیارە حاکم پێشرەو ئەو وەختە بەسەردان لەوێ بووە:

## بۆ کاك تایەر

**بیستوومە خودا کوڕێکی داوە**

**عەمری درێژ بێ بڵندی ناوە**

**ڕابوێری خۆشی بە کامەرانی**

**تاڵی نەیەتە سەر ڕێ ی ژیانی**

**ئەمەل و هیوام هەیە بۆکەسان**

**ببێتە ڕۆڵەی یەکەم قارەمان**

**پڕ ژیر و هۆش و چالاك و مەندبێ**

**کاکی بڵندمان بەرز و بڵند بێ**

**سڵاومان هەیە لەبۆ شوکری خان**

**لەگەڵ خەجاو و خزم و منداڵان**

**تکایە پێشرەو زوو بنێرەوە**

**وانەکەی لە ماڵ بچێتە دەرەوە**

*** خاڵە گەورە (تاهیر ئیسماعیل ساڵح – تایەر وەستا سمایلە سووری نەجار) ، زانیاری گرینگ و وردی هەبوو کە کەوی کوردستانیان بردۆتە ئەمریکا ، ئەمریکییەکان کە کەوی کوردستانیان بردە ئەمریکا ، بەڕیوەبەری باڵندە لە ویلایەتی یوتا گوتبووی سوپاسی کوردەکان دەکەین بۆ ئەو باڵندە نایابە هەم گۆشتی خۆشە هەم دەنگی خۆشە ، هەم جوانە!**

***خاڵە گەورە لە چنارۆك و دوکان گوڵ و درەختی بۆ چاندووین ، هەموو ساڵێش گوڵ و درەختی دەهێنا بە دیاری بۆ خۆمان و خزم و دۆست و برادەرانی نزیك بە خۆمان ، ! گوڵی ڕەش و داری (ئورز)ی و داری چناری لەندەنی لە چنارۆك چاندووە بۆمان! جارێك بەپێکەنینەوە بە خاڵە گەورەم گووت: خاڵە گەورە جەنابت ئەو دارە بەتەمەنانە بۆمان دەچێنی پێت وایە وەك ئەو دارە بەتەمەنانە**

بژیم ئەو نوكتەم بۆ گێڕایەوە ، كە بیستبووم :كابرایەك لە گوندێكی (كیسەڵ)ێكی بەخێو دەكرد و گووتیان بۆ ئەو كیسەڵە بەخێو دەكەی كابراش گووتبوو بەڵكو وەك ئەو كیسەڵە بژیم و تەمەنم درێژ بێ جا خاڵە بەتەمات وایە وەك ئەو دارانە بەتەمەن بم خاڵە گەورە دەستی دەكرد بە پێكەنین و قاقا.

داری ئوروز دەبێت (1000) ساڵ بژی و دار چناری لەندەنی (500)ساڵ بژی بەرگەی نەخۆشی دەگرێ و هەر ئەو دارچناری لەندەنی لەدەم زیێ (دوكان) بۆ چاندووین بە خەتی خۆشی لیێ نووسیبوو ، دەیگووت بەس ئاوی دەوێ و پێی خۆشە ئاو بەتەنیشتی دابڕوا ، دەشیگووت چنارۆك(750)م بەرزە لەرووی دەریاوە ، پێمگووت چۆن دەزانی؟ گووتی مادام داربەڕوو ودار مازووی لێیە ، چونكە ئەو دارانە لەو بەرزاییانە شین دەبن ، دەشیگووت (خاكی سوور)گڵی سوور بۆ سەروو و سنەوبەر زۆر باشە!

شەكرە باوی (دار چواله) حەز دەكات لەسەربستوو بێ و ئاوی ناوێ ! تەنیا ساڵی یەكەم نەبێ ! سماقی زۆر پێی پڕ بایەخ بوو دەیگووت لێ ی نازانن هەم دەرمانە و هەم ئاوی ناوێ بۆ خۆی شین دەبی و بڵاودەبێتەوە ، دەیگووت گەر بشسووتێ جوانتریش شین دەبێتەوە!

*دارستانی هەیبەسوڵتان لە مانگی (5)ی ساڵی 1967 دامەزرا مانگی (11)ی هەمان ساڵ دارەكان چێندران ، دارستانی هەیبەسوڵتان هۆبەی هونەری بوو ، بەشێك بوو لە فەرمانگەی كشتوكاڵی كۆیە ، خاڵی گەورە ، چەندان كرێكاری دامەزراند وەك :

1. حەمە غەریب حەمەد ( حەمە بەگرەز)
2. عەزیز تاهیر
3. حەمید رسوڵ بەگ
4. سلێمان عەلی ئەحمەد
5. كەریم حوێز
6. حەمدمین عبدوڵڵا مەرگەیی
7. عبدولرەزاق عەبدوڵڵا
8. ستار كریم

## 9. مەجید ئیسماعیل سالْح (کارگوزار)

، کە جولانەوەیەکی جوان و دلْخۆشکەر بوو ، یەك لەو کرێکارانە(ستار کەریم)دراوسێ مالْی خالْە گەورە بوو ، مەیلی شیعری هەبوو نازناوی (بێ مالْ)بوو بەلاْم بە ستاری غابات دەناسرا ، شیعرێکی دانابوو لەسەر کرێکاری دارستانی هەیبەسولْتان ، ئەو شیعرە ببووە سەر وێردی خەلْکی ، لە شایییان دەگوترا:

ئەمن ناوم ستارە

مەعاشم دە دینارە

بە خۆم وکلکە بێرم

عاردی غابات دەکێرم

شاری کۆیە دەزانی

سەعات حەوتی بەیانی

بێرەکەم لەسەر شانی

لە چیای هەیبەسولْتانی

چەند بۆچوون لەسەر ناوی هەیبەسولْتان هەیە ، بەلاْم ناوداری نەمر عوسمان مستەفا خۆشناو دەیگووت ( هەیپە) واتا خوای با ، دەبێ هەیبەی دیکە هەبێ لە دۆلْی سماقوولْی ، پۆستێکم بلاْوکردبۆوە کەوا زۆربەی سالاْن ( دارستانی هەیبە سولْتان ) دەسووتێ گووتم هەقە ناوێ لێ بنێن (هەیبە سووتان) :

خالْە گەورە زۆر بە پەرۆش بوو بۆ ئەو دارستانانە!

*خالْە گەورە شوفێری باش دەزانی ، بە ئۆتۆمبێلی خۆی پێش شەڕی (ئێران و عێراق) دەچووە ئەورووپا بە مالْ و مندالْەوە ، لە ئەمریکا هەر دەیهاژوا ، سالْی 2012 پێکدادانی لێ قەوما خەتای خالْە گەورە بوو ، بە کابرای شۆفێری گوتبوو، خەتای منە ! چ هەقێکت دەوێ ، دەتدەمێ چونکە ئەتوو هەقی ، کابرا گوتی چیم ناوێ بەس تکام وایە بەو تەمەنە ئۆتۆمبێل

لێ نەخوڕیەوە ،خاڵە گەورە راست بەقسەی کرد ، چونکە بەڵێنی پێدابوو ، هێند ڕاستگۆ و هەقانی بوو.

*پاش راپەڕین خاڵە گەورە (تاهیر ئیسماعیل ساڵح) داوای لێ کردم دەیەوێ مام جەلال ببینێ ، منیش لە قەڵاچوالان چوومەکن مام جەلال ، پێم گووت خاڵم دەیەوێ بتبینێ گووتی ( خاڵت کێیە) گوتم (تاهیر ئیسماعیل) ، مام جەلال یەکسەر گووتی (تاهیر ئیسماعیل ساڵح) گووتم بەڵێ ، گووتی زۆرم پێ خۆشە با فلاّن وەخت و ڕۆژ بێ ، منیش گووتم خاڵە گەورە وام بە مام جەلال گووت ، گوتی چۆن زانی ناوی باپیرم ساڵحە گووتم دەبی هێندە زیرەك بووبی هەر یەکەم بووی بۆیە دەزانی و دەتناسێ، پێکەوە لە هەولێرەوە چووین بۆ قەڵاچوالان خاڵە گەورە چەپکێ گوڵی گەش و بە کارتۆن (گرێپ فروت و کاکی) بۆ بردبوو گۆتی هەمووی لە باخچەی خۆمن بە ئینگلیزی قسەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد،دەیزانی خاڵە گەورە ئینگلیزیەکەی زۆر باش بوو مام جەلال گووتی توخوا ئینگلیزیەکەم چۆنە ، خاڵە گەورە گوتی(زۆر باشە)مام گوتی بەراستە خاڵ گوتی بەراستمە!

*لە یادی (31) ساڵەی هونەرمەندی گەل (تایەر تۆفیق)لە ڕۆژمێژووی 2018/10/20 لە ڕۆژی هونەر لە هۆڵی زانکۆی کۆیە لە پێشەکی وتارەکەم ئەو قسەیەم کرد گووتم : خاڵم زیندووە تایەر تۆفیق ئەوەندە ساڵەیە کۆچی دوایی کردووە ، بۆیە هونەر لە شەهادە و پلە و پۆست گەورەترە، تایەر تۆفیق هەر زیندووە ! بە ڤیدیۆ ماوە ، جەماوەری هۆڵەکە پێیان جوان بوو بۆیە بووە چەپڵە ڕێزان لە هۆڵەکە!

*( د. بەدرخان سندی) لە پارچە شیعرێکی کە لەسەر کەو داناوە بە ناونیشانی (کەوا سپێدێ خۆی دێ) و هونەرمەند گوڵبەهار بە ئاوازێکی خۆش چریویەتی و لە ئێستگەی کوردی لە بەغدا پەخش دەکرا ( **بخوێنە هەر بخوێنە**) .

*خاڵە گەورە لە (گۆڕستانی هەولێر/ کارگەی ڤیر)سەد مەتری کڕی بوو، ولە ساڵی 2006بەسیمی (بی ار سی) لەگەڵ دەرگایەکی ئاسن تێلبەندی کردبوو. و هەموو جۆرێ گوڵێکی لێ چاندبوو ، لەوێ با دەیگووت لە باخچەی گۆڕستانم مانگی حوزەیران و تەموز و ئەیلول بە تانکەر ئاوی دەدا

پارەیەکی زۆری لێ خەرج دەکەم لە مانگی نیسان گوڵ و گوڵزارێکی جوان و بۆنخۆشی هەیە هەست ناکەم لە گۆڕستانم بەڵکو لە باخچەی ماڵەکەی خۆمم.

+/پێی گوناح بوو گڵۆپێکی زیاد داگیرسابوایە، یان چۆرە ئاوێك نەگیرابا‌وە ، گڵۆپەکەی دەکوژاندەوە ، ئاوەکەی دەگرتەوە! ڕێنمایی دەکرد بۆ خەسار بێ ، یەکی دیکە سودی لێ وەردەگرێ ، نابێ زیادەڕۆیی بکرێ!

+/ خاڵە گەورە واتە ( تایەر ئیسماعیل ساڵح ) لە برا و خوشکەکانی گەورەتربوو کاکی هەموان بوو ، نۆبەرەی وەستا سمایلی سووری نەجار و دایە زەوە بوو.

**<u>برا وخوشکەکانی خاڵە گەورە</u>** :

1-حەلیمە ئیسماعیل ساڵح1930 هاوسەری (وەستا مەعروف عەبدولرەحمان)

منداڵەکانیان : (ئیلهام) ، ئیلهام ئەندازیار بوو بۆتە خێزانی حاکم پێشرەوی سەید برایم.

2-مەجید ئیسماعیل ساڵح (1936-2018) هاوسەری گەلاوێژ خان لە (2020/11/23) کۆچی دوایی کرد.

3-خەجاوە ئیسماعیل ساڵح 1938-2004 هاوسەری ( سەید برایم سەید سەعید) (1923-1998) منداڵەکانیان: ( پێشرەو ، ڕەهبەر ، دیمەن ، شەهێن ، چیمەن ، دیدەن)

4- محەمەد ئیسماعیل ساڵح 1944 هاوسەرەکەی (شلێر حەمە عەلی) منداڵەکانی (دانا ، تارا ، زانا ، سانا ، توانا)

توانا محەمەد سمایلە سووری نەجار، مامۆستا بوو لە خدران ، لە تەمەنی 23 ساڵی لە ڕۆژمێژووی 2016/7/6 لە یەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان کۆچی دوایی کرد ، لە (گردی سەیوان) نێژرا.

5-پەرژین ئیسماعیل ساڵح (1947-2018)هاوسەری (حاجی سەڵاح سابیر ساڵح) (1938-2020) منداڵەکانیان:

( حاجی ساڵح ، نەسرین ، نیاز ، ئەکرەم ، دلێر ، سەرمەد ، سیروان)

6-گەلاوێژ ئیسماعیل ساڵح 1948 هاوسەری (عەبدولڕەزاق مەحمود شێخانی ) منداڵەکانیان :

(ئاڤێستا ، ئاشنا ، ئاکام ، ئاکار ، ئارێز ، ئامراز ، ئاراسن)

7-شلێر ئیسماعیل ساڵح هاوسەری 1951(غازی بەکر سابیر) منداڵەکانیان: ( دەوەن ، دەشنێ ، دەروون)

دەشنێ غازی بەکر (1984-1999) لە وڵاتی فیلێندا کۆچی دوایی کرد.

**هەموو زاواکانی وەستا سمایلە سووری نەجار نزیك و خزمی بووین جگە لە ( سەید برایم حاجی سەید سەعید ) نەبێ:**

## خاڵەکانی خاڵە گەورە

1-حاجی خدری پەنیرفرۆش(1916-2006). هاوسەری سەنیەی عەزیز منداڵەکانی (کەریم ، سوعاد ، وشیار ، عادل ، نەجلە ، خالیدە ، دیار)

سەنیەی عەزیز (1918-2007). خێزانی خاڵە خدر بە خاڵە خدری دەیگووت کاکی بەکری ، هەر بە کاکی بەکری بانگی دەکرد! سوێندی پێی دەخوارد دەیگووت بەسەری کاکی بەکری!

2-مستەفا عارەب(1932-2000 ) –(خێزانەکانی زبێدە عەبدوڵڵا سبیلچی)( شەوکەت مەلا ڕەئوف جەلیزادە)، منداڵەکانی (جەعفەر ، جەوهەر ، محەمەد ، نێرگز ، کەژاڵ ، بێگەرد ، شلێر ، تافگە ، ڕێبەندان ، تارا تریفە ، بێخاڵ)

3-حەویز خارە(1929-1968). هاوسەری ئامینە سەید سەعید ( ئازاد ، قومری ، هیمداد ، ئاراز ، نەوزاد ، نەبەز ، خەبات ، شەپۆڵ ، برزوو )

4-بەکر سابیر بەکر(1927-1984). خێزانەکەی زەکیە قادر ڕەسول(1935-2021) منداڵەکانی ( غازی ، فەیسەڵ ، هەژار ، نەبەز، سالار ، فاتمە (تاقان)

5- حاجی زاهیر قوندیل(1933-2003). هاوسەری قەدریە حسێن منداڵەکانی ( قاسم ، ئاوات ، جاسم ، ئامانج ، سەوزە ، سروود ، جوان )

ساڵح باوکی وەستا سمایلە سووری نەجار لە سەفەربەڵەك نەگەڕاوەتەوە.

## مامەکانی خاڵە گەورە

1-حەسەن هاوسەری هەیبەت منداڵەکانی(د. موحسین)

2-حسێن (ئاسنگەر) بووە هاوسەری بەهیە ، چۆتە بتوێن بۆ توتنەوانی ، بە نەخۆشی مەلاریا خۆی و خێزانی مردوون سێ کچی هەبووە منداڵەکانی ( قەدریە ، بەدریە ، کەوکەو)

+/ هەیبەت دەکاتە پلکی دایکی خاڵە گەورە دوومێردی کردیە ، یەکیان بۆتە مامۆ ژنی لە حەسەن یەك منداڵی هەیە ئەوەش د. موحسین ڤێرتەنەری . لە مێردەکەی دیکەی (فازیڵی حەلاق ، خەیریە) بووە.

عەیشێ خوشکی وەستا سمایله سووری نەجار شوی بە حەوێزی قەساب کردووه ، دوو کچ و کوڕیکی هەبووه (حەمە ڕەفیق ، مەلیحه ، سەبیحە )

+/ ساڵی 2017 چوومه ئەمریکا ، خاڵه گەوره رایسپاردم (تۆ)ی ئەو دارانەی بۆ بهێنم کە هەزار ساڵ زیاتر دەژین ، هەندێکم پەیداکرد و هەندێکی (Heather Mercer) کچە ئەمریکیەکە پەیداکرد، دەیگوووت لە کوردستان دەیچێنم ، بەراستیش چاندی بە (تۆ) کردی بە نەمام ، لە ئەمریکا تۆی ئەو دارانه نرخیان گران بوون.

+/مامم ( د.سەید ئەحمەد حاجی سەید سەعید) لە ساڵی پەنجاكان لە رووسیا بوو ببووه دكتۆر ، ساڵی 1969 گەڕابۆوه ، لە (موسڵ) دكتۆر بوو ، زۆر دەوڵەمەند وحاڵ خۆش بوو : ساڵی 1986 لە لوبنان لەسەر دەوڵەمەندی کوشتیان! د. سەید ئەحمەد برای هەقی باوکم بوو!

ساڵی 1999 دایکم و پلکه حەلیمم هەردوو خوشك گەیشتنە (سوید) حاکم پێشرەوی برام لە ساڵی 1987وە لە ئەڵمانیا بوو دەچێتە لایان پلکه حەلیم دەکاتە خەسووی حاکم پێشرەوی براکەم ، هەم پلکیشی بوو ، پلکه حەلیم و داکم زۆر خۆشحاڵ دەبن بە سەلامەتی و بێ کێشە گەیشتوونەتە (سوید) سێ خوشکم (شەهێن و چیمەن ودیدەن) لە سوید و خوشکێکی ترم (دیمەن) لە فینلەندا بوون ، هەموو خێزانی خڕ ببوونەوه بە شادمانی حاکم پێشرەو بۆ خۆشی و بەزم بە دایکم دەڵێ (لێدە بەرەبابی سمایله سووری نەجار گوندی (تۆپزاوا)تان نەدیبوو ئێستا گەیشتنە سوید) ، دایکیشم زۆر شانازی بە کاکیەوه دەکرد ، گووتبووی حەدو وجودت چییه هەتا کاکی من ( تاهیر وەستا سمایلی سووری نەجار) لە پەنجاكان لە قوبرس و ئەمریکا بوو ، بەرەی سەید سەعیدی تۆپزاواشیان نەدیبوو ، ئەو یادگاری و قسانەیان کە بۆ خاڵە گەوره دەگێرایەوه ، حلیتەی لێ دەدا و چەپڵەی لێ دەدا خەنی دەبوولە خۆشیان.

+/ساڵی 1979من و حاکم پێشرەوی برام بووینه پێشمەرگە لە ریزەکانی (ی.ن.ك) لە 1979/11/1 حاکم پێشرەو داندرا بە حاکم ، یەکەم حاکمی شۆرشی نوێ و (ی.ن.ك)بوو ، لەسەر بوونمان بە پێشمەرگە دایك وباوكمان گیران نێردان بو (بەندیخانەی فوزەیلیه)باپیرمان لە تاو کچەکەی(خەجاوه) زۆر تێکچوو ، ئەو گرتنە لە مەڕ حاکم پێشرەو دەزانێ بۆیه لێی تووڕە بوو بوو جنێوی پێ دابوو ،

زۆر خەفەتی خواردبوو دەیگووت چۆن دەبی کچم بگیرێ و لەسەرایێ بەند بێ نزای دەکرد دەیگووت بەس خەجاوەی کچم بەربێ بشمرم قەیناکە ، پاش نزیکەی سالێك بە پارە و واستە دایکم بەربوو ،وەستا سمایل خەنی بوو لە خۆشیان و نزای هاتە دی لە مزگەوتی (خادم سجادە) لە کۆیە لە کاتی نوێژ دلی وەستا و کۆچی دوایی کرد لە ڕۆژمێژووی 1982/1/12 لە گۆڕستانی شەهیدان لە کۆیە نێژرا.

+/ سالانە لە کۆیە ڤیستڤالێ و (خەلاتی سەید برایم)مان دەکرد وەك بەرەبابی سەید برایم ، باسی شیعر و ژیاننامەی بابمان دەکرا ، زۆربەی جار وتارم دەخوێندەوە ، جارێك خالە گەورە گووتی (خوارزا دایکتان زۆر پێوەتان ماندوو بووە پەروەردەی کردوون ، زیندانی سیاسی بووە و گیراوە لە سەرەتان و ڕەزالەتی دیوەپێتان ، دەجارێکی باسی خوشکم بکەن لەسەر ڕاسپاردەی خالە گەورە نووسینێکم نووسی بە ناوی ( خەجاوە خانی شێخانی) لە خەلاتی سەید برایم خوێندمەوە: خالە گەورە سوپاسی کردم و زۆر پێ خۆشحالێ بوو.

+/ تاهیر ئیسماعیل سالح یەکەمی قۆناغی خوێندن بوو ، نەیان دەویست ئەو بنێرن بۆ ئەمریکا ، ئەویش چووە بۆ لای سەعید قەزازی وەزیر کە پیاوێکی کورد پەروەر و دلسۆز و پاك بووە ، (**هەرچەندە مێژوو غەدری لەو زاتە کردووە**) ، کە سەعید قەزاز دەبینێ ، دەلێ چونکە کوردم و هەژار و بێ پشتیوانم غەدرم لێ دەکەن ، یەکی تر دەنێرن لە باتی من ، من هەقی خۆمە چونکە یەکەم بوویم ، سەعید قەزاز لێی دەپرسێ خەلکی کوێ ی ؟ ئەویش دەلێ کۆیە ، سەعید قەزاز پێی دەلێ ، حەوێزی یان غەفووری ، ئەویش دەلێ نە حەوێزیم و نە غەفووری کوڕی پیاوێکی هەژار و نەجارم ، سەعید قەزاز ناهێلێ غەدری لێ بکرێ و ڕەزامەند دەبێ ، دەینێرن بۆ ئەمریکا بە کەفیلی 10 دە هەزار دیناری ئەوسا کە محەمەدی مەلاسابیری بن ئامۆزای کەفالەتی دەکات.

لەسەر هەژاری ، وەستا سمایلە سووری نەجار جانتایەکی بە دار( سندووق )بۆ دروست کردبوو ، کە لە (بەغداوە هاتوتەوە بۆ تەق تەق بە قەیاغ ) پردی تەق تەق نەبووە ، پێلاوێکی نوێ لە پێدابووە ، بۆ ئەوە پێ بگەڕێتەوە و پێلاوەکەی نەدڕێ ، پێلاوەکەی بە قەیتانەوە بە ملی شۆڕکردۆتەوە بە

پێخواسی هاتۆتەوە کۆیە ، بۆ ئەوەی کە گەڕاوە بێ پێڵاو نەبێ لە ناو قوتابیان ، ئەوەیە عەشقی خوێندن.

+/مامۆستا عەبدوڵڵا زەنگەنە تەلەفۆنی بۆکردم گوتی کابرایەك هەیە کۆییە لە ساڵی 1952 نووسینێکی نووسیوە لە گۆڤاری هەولێر لەسەر نەخۆشی دار و درەخت ناوی (تاهیر ئیسماعیل)ە نایناسی ، گووتم چۆن نایناسم ئەوە خاڵمە ، زۆر شارەزای دار و درەخت و گوڵە ، لە ئەمریکا و قوبرس خوێندنی تەواو کردووە ، خۆشحاڵ بوو ، دوایی ژمارەی تەلەفۆن و ناو و نیشانم پێدا شاگەشکە بوو خۆی جوان و ورد لێ کۆڵبیوویەوە !مامۆستا زەنگەنە سەردانی کردبوو،

+/کە وەستا سمایلە سووری نەجار نەما لە پاش ئەو لە کۆیە دروستکردنی (جەنجەر و هەوجار)یش نەما ، دواییش مۆدێلی بەسەرچوو

+/ بە (دیمەن)ی خوشکەزای دەگووت (گوری خارەی) واتە (گوڵی خاڵە)

+/کە پەند و سەربوردەکی دەگێڕاوە بە قاقا و حلیتەوە دەیگووت (ئەدی کوو ڕەحمەت لە مردیت)

+/گیپەی نەدەخوارد ، پاش نان خواردن چای نەدەخواردەوە تاماوەیەك چونکە پێی وابوو یەکسەر پاش نان خواردن (چا) ئاسنی لە ناو لەش دەکوژێ.

+/وردەکاری لەوە دابوو ئەو خانووەی لە گەرەکی ئازادی لە شاری هەولێر دروست کردبوو ، هەمووی نوسیبوو ناوی وەستا و کرێکارەکان چەندی خەرج کردووە لێی ، بۆ ئەوەی منداڵەکانی بزانن ئەو خانووە بە ئاسانی دروست نەکراوە ، تا خانوەکەش تەواو بووە وێنەی بە قۆناغ گرتووە.

+/یادگاری لەگەڵ (چۆلەکە) (کێشکە) هەبوو ، جارێك بە گەشت لە ئۆتۆمبێلی خۆی ماڵ و منداڵی لەگەڵ بووە ، مافیا بەدوای کەوتوون خاڵە گەورەش بە خێرایی ئۆتۆمبێلەکەی لێی خوریوە ، کاتی لێخورین (کێشکە) یەك بە ئالیاری ئۆتۆمبێلەکە کەوتووە لە سکی چەقیوە ، خوێن بە ئاليارەکە هاتۆتە خوار، کە ڕزگاری بووە ، چووە کێشکەکەی ناشتووە گووتەیەتی بۆتە قوربانی ئێمە

+/ بەیانیان لەسەر جۆلانەکەی ڕادەما کێشکە دەهاتنە لە ماڵی خۆی سەردارەکانی وای خەیاڵ دەکرد هەواڵی (بلێند)ی کوڕی بۆ هێناوە کە دەیچرواند کێشکەی کردبووە پەیکی شارەزا

+/مەلا کۆرە یان مەلا ئەحمەدی حافز ناوی تەواوی ( ئەحمەد حەسەن حەمەد نەبی 1921-7/3/-1990کۆیە)دەنگێکی سیحراوی و هزرێکی فراوانی هەبوو

+/خاڵە گەورە دەیگووت لاسکی گەڵامێو و ناوکی ترێ بیخۆی و بیکرۆژی بۆ تەندروستی ئێکجار باشە و بە سوودە

+/خاڵە گەورە دەیگووت هەر جێیەك قامیشەڵانی لێ ڕوابێ دەبێت زەوییەکە تەڕ و شێدار بێ و ئاوی هەبێ.

+/ئاماژەیە بە شیعرێکی حەزرەتی نالی:

**چاوی من بەحری موحیتی تۆیە بۆدەفعی گەزەند**

**لێت موعەییەن بێ کە ( نالی ) گوڵ بە دڵ پەرژین دەکا**

+/ لە چنارۆك – کانی کەند دۆنمێك زەوی بۆ دابینکرابوو زۆر هەوڵی دا کۆمپانیا و ڕێکخراوێك یان حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاری بکات، خەونەکانی لێ بهێنتە دی بۆ کێڵگە و نەمامگە و چاندنگەی نموونەیی، بەڵام جێ بە جێ نەکرا دوایی واز لە زەوییەکە هێنا!

+/بەسەرسوڕمانەوە دەیگووت تەماشای(رب العالمین)ئەو دارە بەرزە،کە ئاو دەدرێ دەگاتە تەپڵێ سەری دارەکە ئەو چ حیکمەت و چ ترومپایەکە(مزەخە) خوایە.

+/ کەبابی بازاری نەدەخوارد ، بە ڕێژەی کەم گۆشت و میوەی دەخوارد ، پێی وابوو قەڵەوی نەخۆشی نیە بەڵام سەرچاوەی هەموو نەخۆشیەکە.

+/لە جەژنی تەنەکۆرە، ساڵی 1963 ناو پاپۆری ستۆرینیا ، بۆ خۆی لە چێشتخانەی ناو پاپۆرەکە ئامێری دارتاشی وەرگرت لەگەڵ پارچە تەختەیەك بە قەڵەم نیگاری خەنجەرێکی 30 سانتیمەتری دروست کردبوو، گەر یەکێك لە دوورەوە بیدیتبا وای دەزانی ڕاستییە ، بە ڕانك و چۆغ و پشتێن و جەمەدانی و جلکی کوردی ئەو خەنجەرەی لەبن پشتێنی نابوو ، دەیگێڕاوە دەیگووت کچێك یەکەم بوو ، منیش دووەم ، چەپڵە بارانیان کردبوون لە ئەمریکا.

+/ خاڵە گەورە پێشتریش هەورامانی دی بوو ، لە ڕۆژێکی هاوینی ساڵی (2008) گوتی با بچینە هەورامان و گوندی زەڵم و ئەحمەداوا خواردنمان ئامادەکرد و دۆستێکمان هەبوو بە ناوی (سەیفەدین

غەفار حەمە سەعید بیارەیی) لە گوندی (هانەنەوتی) لە ناو داری گوێزان دەعوەتێکی کوردانەی کردین.

+/بایەخی بە پەندی پێشینان داوە ، چونکە لە دەستنووسەکانی ئاماژە بە پلکە (مریەم کچی حەمەدی مستەفای) دراوسێ ماڵی باوکی بوو لە کۆیە ، بەڵام خەڵکی گوندی (سێنارە)ی ناوچەی پردێ بوو کە لە ئێوارەی22ی ڕەمەزانی کە دەکاتە 1965/1/24 لێی وەریگرتووە و نووسیویەتی!

مەجیدی برای زۆر جار دەیگووت بە خوای کاکم ( عاقرە) (عاقڵ)ە ئەوە پەندەی دەهێنایەوە: جووجکە مریشك هەتا دەمری لەبن باری (باڵ)ی مریشکی نامینێتەوە.

+/تەمای بوو سەد ساڵ بژی چونکە (نەنەخانە)ی نەنکی 106 ساڵ ژیابوو ، نانەوا بوو ڕەمەزانان شلکێنەی دەکرد دەستاوی بەتام بووە ، خاڵە گەورە دەیگێڕاوە دەیگووت کە تەندور گەرم دەبوو ، خەڵك جلك و بەرگی پڕشك و ئەسپێ یان دەهێنا ، نەنەخانە لەسەر تەندور هەڵی دەتەکاند قرچ قرچ دەنگی دەهات دەیگووت رەحمەت لە مردیتان خەڵك ئەوها فەقیر بوو.

+/ لە ساڵی 1980 خاڵە گەورە لە گەڵ خێزانەکەی شوکریە سابیر دەچەنە وڵاتی سعودیە بە مەبەستی ئەنجامدانی فەریزەی حەج.

(15)

# ڕاڤەی وشەکان

*جلوە و مەسحەفا ڕەش : دوو کتێبی پیرۆزی ئاینی ئێزدیانن

*کریف: مانای برای خوێنی دەگرێتەوە ، پەیوەندیەکی ڕۆحی برایانە ، له نێوان موسڵمانێك و ئێزدییەك.

*تولاز: گەنج

*ڕاشکاو: صريح

*ڕەنوو: هەرەسی بەفر

*نسێ: سێبەر

*نسار: بەر سێبەر

*نزار: لێرەوار، جێگایەکە له بەرزی شاخ و کێو دا بەر سێبەر بێ کەمتر هەتاوی لێ بدا

*تۆرمە: تۆ و توخم

*جغارە:جگەرە

*ناوازە: ریزپەڕ- شاز

*زنە: کانی زۆر پچووك

*زەنوێر: ناوچەی تەڕ و سازگار

*کەڤر: بەرد

*زنار: تیشە شاخ ، تاشە بەرد

*ڕەوەز: کەپکە شاخ

*کێشکە :چۆلەکە

*قرتەمەنی: چەرەزات ( کابرایەك هەبوو لە کۆیە بە منداڵی گوڵەبەڕۆژە – برێشکەی دەفرۆشت هاواری دەکرد یەڵا (قرتە) سەرەنجام ناویان لێنا (قرتە)

غەریب ڕابی ڕەش هەبوو ماڵیان بەرامبەر ماڵی وەستا سمایلە سووری نەجار بوو ، ئەویش گوڵە بەڕۆژەی دەفرۆشت دەیگووت : غەریب حازر و بزرە ، غەریب هاتەوە

**گوڵە بەڕۆژە -بە شەو و ڕۆژە**

**تامی زۆر خۆشە - وەرە بیکرۆژە**

گوڵە بەڕۆژە رووی لە ڕۆژە ، برێشکە دەبێ لە برژانەوە قرتە لە قرتانەوە هاتبێ بۆ مێشك و هەناسە و بۆ گوشاری خوێن بە سوودە!

*بەرچایی: نانی بەیانیان

*فراوین: نانی نیوڕانێ - نانی نیوەڕۆیان

*زەمەند: زەوی زۆر بە گیا

*زەبەند:زۆر

*دەتاسا : سەرسام دەبوو

*تەڤگۆ: کامل

*تەفگەر: هەمیشە لە جووڵە

*ڕاژۆ : نوکتە و قسەی خۆش

*ڕاژە : خزمەت

*بەرکەتی : هەڵکەوتوو- شایانی رێزگرتن

*هێژا : شایان

*رەنێو : پێگەیاندن - پەروەردە گردن

*پیوار: غائب

*تەتەڵان: پارچە بەردی تەخت

*تاوێر: بەردی پان و زەوی ڕەقەن

*گاژ : سنەوبەر

***دان: کات و وەخت**

***خاکی : بێ فیز**

***قەیاغ :بەلەمێکی پان و گەورە بوو لەسەرەوە دارەیَ کراو بوو لە بنەوە بە چووپ و کوندەی فووتێکراو ، بۆ پەڕینەوە لە ئاو و گواستنەوە بەکاردەهات**

***رووپایی : مجامەلە**

***پنچ:الجزر**

***پنچك : الشجیرە**

***پۆرگ:المتك**

***قژقژە :** شجرە كثیفة و متشابكة الاغصان

***پۆقژە: البرعم**

***بڕگ :النبتە**

***دلۆڤان: بە بەزەیی**

***کۆڤان: بە خەم و پەرۆش- گلێنەی چاو**

***نەرمان: زەوی بێ بەرد**

***پیرەلۆك:داری گەندەڵ و ڕزیو**

***تانۆك : پەرژین - تامان**

***فلۆر: flora دوو واتای هەیە بە مانای سەرجەم جۆرەکانی گەژ و گیای ناوچەکە، مانای دووەم بریتیە لە پەرتووکی رووەکناسی کە تێدا سەرجەم رووەکەکانی یەك ناوچە یان وڵاتێکی پێناسە کردووە.**

***تیئۆفراستtheopherast: یەکەم کەس بوو بە پێشکەوتووی گیاکانی پۆلێن کرد بە باوکی رووەکناسیش دەناسرێ و شاگردی ئەفلاتوونی حەکیم بووە.**

***پەژستان:دەشتی وشك**

***شەولە:دەشتی نێوان چیا**

*رسكان: خەملين - پێ گەيين

*ناوڕست: ماوەی نێوان مێو

*ناو پووك: ئەو نێوانەی لە ناو پەلكی گەڵای توتنی لە دا و دراو

*پاپل: وردە لقی دار

*ئادان : زەوی بە پيت و بەرەكەت

*بژوار: زەوی سەوزايی پڕ گيا

*تاژان : لقی باريكی دار

*پێكۆ : دروێنەوەی گيا

*تۆناژ: بناری چيای سەخت

*پشكۆژ: چرۆ

*باوێژ: قەد بڕ

*چووك: لوتكە

*هۆبە: كۆمەڵە ڕەشماڵێكی پێكەوە هەڵدراو

*ڕامان: بيركردنەوە

*ڕۆحئەنگيۆ: ئەوەی گيان دەكێشێ

*شادارستان: دارستانی زۆر چڕ و ڕازاوە

*دابێژ : كون كون

*تەشق : بەرزايی

*شەكۆ: پێمەڕەی گچكە

*بەيار:زەوی نەكێڵدراو

*زاكوون: رێك و پێك

*ماك : هەر ڕەگەز و بنچينەيێ كە شتی لێ پێكهاتووە ، هۆی دروست بوون

*لاڤژ:لاوژە، گۆرانی

*ماکاو:جۆگەی گەورە لقێکی تری لێ بێتەوە لە ئاو داشتنا . سەرچاوەی جۆگە هەڵبەستن

*نازاو: زۆر ئاودان

*فۆڕمەڵە: گەڵاڵە ، ڕێ چارە

*شۆ:کێڵانی یەکەم جار

*گەردووەرد: زەوی دوای باران بچێندرێ

*شیناوەرد : سەوزایی

*پێشکار: سەرکاروان. پێشڕەو

*داسوو: پرزەی گەنم و جۆ

*تەبارە: دەغڵ و دانی نەدووراوە

*پەیك: تەتەر-پۆستەچی

*ڕۆژمێژوو: تاریخی ڕۆژ ، ڕێکەوتی ڕۆژ

*خاکاو: یەکەمین ئاو کە لە گۆڵی شینایی دەکەی بۆ چاندنی شتڵ

*کێلی دەمەزنان:کۆمەڵە کێلێکی زۆر و بەرزن لە گوندی (زورکان)سەر بە (سەنگەسەر) زۆر

کۆنە لە شتە سەیرەکانە چونکە زۆر قوڕس و بەرزن ،لە دوورەوە وادەزانی کۆمەڵێ زەلامن

*گومبەز: گومبەت-قوببە

*هوزار: جۆرێکە لە بولبول دەشێ هوزار لە هەزارەوە هاتبێ چونکە بە زۆر جۆر دەخوێنێ

*نوین: یاتاخی خەو

*گەشمردە: هەوارمییە، واتە بە گەشی مرد لە جیاتی شەهید بەکاردێت

*ئاروێن: ئیمتیحان

*باڤل: تاڤگەی بچووك

*کەژ : شاخ و کێو

*بن سوول: بن پلوسکە ئاو ، لە کۆیە (سوول) بەکاردێت لە جیاتی تاڤگە چنارۆك سوولی پاشا و سوولی خاڵە باس و سوولی خاتوونی هەیە

*پاناوك: تەختایی و گۆڕایی سەرچیا و قەد چیا

*سولاوك: سولاڤ- تاڤگە

*ترۆپك: لووتکە، تۆقەڵان

*کۆسار : شوێنێکی گەشتیاری و شاخێکە لە هەیبەسوڵتان

*دێراو:زەوی تەڕ و پڕئاو و ئاودراو

*شەقە:مشارێکی گەورەی دووکەسی، دوودەسکی هەبوو داری گەورەیان پێ دەبڕی دەبوو دوو کەس یەك لەسەر یەك لەم سەر.

*خێوەتی خارا:چادری ئاوریشمین

*خارا: لێ ڕاهاتوو، خۆشکراو

*دەستەندوو: دەسکی هەوجاڕ-دەستە مستە

*شمراخ: لق و پۆپی داری بڕاو

* شەبەنگە بە ڕۆژ: پارچەی بە نرخ

*مۆرییە تەرزە: جۆرە بەردێکە لە بلوور(کریستاڵ) ڕەنگا و ڕەنگ پاش باران پەیدا دەبێ لە پشت گوندی (وەرتێ) لە شاخی سەردالووکان و دەنگاڵە لە بناری کارۆخ

*چراچی: ئەوانەی چرا هەڵدەگرن بۆ رووناك کردنەوەی ڕێگا

*پیتمۆز: خۆڵێکی بە پیت و بە کەڵکە بۆ چاندنی دار و درەخت و گوڵ

*دەستەباشی : سینی

*بەرچنە: قەرتارە- تریانە

*پەیژە: قادرمە

*هەڵزنابا: بە سەرکەوتبا - پێ هەڵگەڕابا

*خەندان: خۆشی و شادمانی

*هەوجار: ئاموور-ئامێری کۆنی کێڵانی زەوی

*جەنجەڕ: ئامێری دەغڵ کوتان بوو وەك عەرەبانە وابوو بە وڵاخ ڕادەکێشرا ، یەك سواری جەنجەڕەکە دەبوو دەسوڕایەوە دەغڵەکەی گێرە و ورد دەکرد. بە پەروانەی جەنجەڕەکەیان

دەگووت باڵتە ئاسنگەر دروستی دەکرد تەختە و دارەکەی دارتاش.

*ئێلچی : باڵیۆز

*ئەشك: فرمێسك-رۆندك

*باڵتە: پەروانەی ئاسنینی جەنجەر

*ڕوانگە: جێگەیەك کەلێیەوە دەڕوانن،مەرسەد،

*وەرددانەوە:لە جارێك زیاتر کێڵان،دووپاتکردنەوە،

*پەرێز:جێگەی دەغڵی درواوە،یان بۆسەی ڕاوچی بە نهێنی بۆ نێچیرچوون

*پەراوێز: حاشیەی کتێب

*ڕەدا: قایل - ڕازیبوون

*شایان: شیاو - شایستە

*یاڵ: شانی چیا

*گەوە: قەدا و قەدی شاخ

*پەڕگە:لاچەپ

*گەریدە :گەڕۆك، دونیا دیتە

*جاڕچی:ئەو کەسەی دەنگ و باس و ریکلامە بڵاودەکاتەوە و جار دەدا

*خاکەلێوە: سەرەتای بەهار-یەکەم مانگی بەهار

*خەملیو: ڕازاوە - جوان و ڕەنگین.

*شەکرە باوی:چوالە

*شەكرۆكە: كەرتەشی- پنچێكە كە وشك دەبێ دەبێتە دڕك شتیەكی خڕی لە ناودایە بۆیە پێی دەڵێن شەكرۆكە.

*ڕەن:خاكی بە پیت و بە بەرەكەت

*مەزرا:جێگەی شت لێ چاندن

*تەنستان : ئاوەدانی و ژینگە

*دڵ ئارا : دڵخۆش و دڵساز

*بە بڕووت: بەهەرمێن – بە نرخ

*زمڕووت: گەوهەری گرانبەها و ڕەنگی كەسكە

*بە پڕشت: بەبرەو

*ئارایشت: ڕازاوە - مكیاج

*فەرمایشت: فەرموودە- قسەی جوان

*خوڕگە: ئاو بە تیژ بڕوا

*گا: جار

*كەژاڵ: چاو كاڵ- ئاسك - مامز

*كەژاوە: وەك كەپرێكی ڕازاوە لەسەر بارەبەر

*كژ: وەرزی ساڵ

*سارا: چۆڵ - بیابان

*ئارا: جێگای ژینی بە هەمیشەیی جوانی و ڕازاوەی

*كەژ: شاخ و كێو

*پرزە: هێز و وزە

*قۆپەن : پەڵ گیای بڵند لە نا مێرگ و گیاجاڕ دا

*كەستەك : گڵۆتەگڵی رەقبۆوە – كەرسەك

*سەنگلاخ : شاخاوی و سەخت

*قشلاخ: هەوارگە

*لەیلاخ : کوێستان

*هەرکە : ماقۆر-قۆرتی باراناو ، مەل و ئاژەڵ لێ دەخواتەوە

*هۆنیا: نەخشە کێشان

*تەمۆخ :خاکێکی وەك بەردە بەڵام هەڵدەوەری بە کەڵکی خانوو کردن و دیوار نایە

*بەیروون : بیابان ، سەحرا

*گەپڵە:گیایە لە کوێستانان تەمەنی(7) ڕۆژە لە کوردەواریدا دەڵێن: وەکو گیای گەپڵە بە گەنجی پیرە.

*گێلاخە:گیایەکی بەهارییە دەرمانە بۆ مایەسیری و سینگ نەرم کردن و ڕێڕەوی میز و بۆ شوێنی گەزتنی هەنگ و مێروو ئازار دەشکێنێ!

*قەرەقاج : بنچە دارێکی بۆنی ناخۆشە ، شوولەکانی قەرتارە و بەرچنەی لێ دروست دەکرێ!

*قەیتەران : بنچێکە لە دەرزی تاشە بەرد و تاڤگە و زاری ئەشکەوتان دەڕوێ ، ئارەزووی لە شوێنی شێدار و تەڕاییە ، بۆ ڕامالینی لم و بەردی گورچیلە و ژانە سك و بۆ پێستی دەم و چاو باشە.

*قوڕادە: بنچە گیایەکی سروشتیە لە کوێستانان ، بە کەلاتە و چێشت دەخورێ ، بۆ گەدە بە سوودە.

*لووشە: بنچە گیایەکی سەلکدارە ، چێشت بەتام و خۆش دەکات ، بۆ گەدە و ڕۆماتیزم و مایەسیری دەرمانە.

*شنگ: بنچە گیایەکی لە ناو مێرگ و شوێنی شێدار و دامێنی شاخ  دەڕوێ ، شلەیەکی سپی وەك شیری تێدایە پەنیرە گشتەیە ، بۆ گەدە و کەم خوێنی و شەکرە باشە.

*گۆزروان: بنچە گیایەکی بەهارییە ، دەرمان و دژە ژەهرە.

*گوێژ :درەختێکی دڕکاوییە ، دەرمانە بۆ هۆش و بیر و دەمار و گوشاری خوێن و ئازاری سینگ.

16

# ژیاننامە وبیرەوەرییەکانی

# تاهیر ئیسماعیل نەجار( تایەری سمایلە سووری نەجار)

1. لە 1929/7/1لە گەڕەکی بەفری قەندی لە دایك بووم.
2. لە قوتابخانەی سەرەتایی ئەولا دەرچوومە.
3. لە ساڵی 1947 لە قوتابخانەی ناوەندی دەرچووم .
4. دوایی چوومە دوا ناوەندی کشتوکاڵ لە ئەبوغرێب ساڵی 1949 دەرچووم ، یەکەم بووم لەسەر (59) قوتابی.
5. لەبەر هەژاری باوکم هەر لە منداڵیم بادەمچەم فرۆشتیە ، بەفر و شەربەتی مێوژم فرۆشتووە ڕۆژانەکەم 50 فلس یان 1 درهەم بووە ، لە پایزی ساڵی 1953 لەسەر ئەرکی حکومەت چوومە دارستانی قوبرس لەوێ یەکەم دەرچووم و مەدالیای حاکمی گشتی قوبرس وەرگرت لە مانگی تەمووزی ساڵی 1955 .
6. لە ساڵی 1955 وەرگیرام وەکو قوتابییەکی بعثة بۆ زانکۆی ویلایەتی (یوتا)ی ئەمەریکی لە کۆلێژی دارستان وپاوان و ئاژەڵی دەرچووم.

# **له هەمووی گرنگتر له ژیانم**

1. ئیشکردن له منداڵیمەوە.
2. یەکەم بووم له ناوەندی کشتوکاڵ له ئەبوغرێب وە له کۆلێژی دارستان له قوبرس
3. بەڕێوەبەری بەشی لێکۆڵینەوەی زانستی له بارەی دار و درەخت له هەولێر و یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی دارستان له بەغدا .
4. هەموو دنیام دیوە تەنها ، ئەمەریکای باشوورم نەدیتیە ، لەبارەی دار و درەخت لەو ولاتانە گەڕایم و لەسەر نەفەقەی UNDP میللەتە یەگرتووەکان و FAO
5. محەمەدی حاجی مەلا سابیری خزممان کەفیلی من بوو بە دە هەزار دینار ئەو کاتەی کە چوومە ئەمەریکا.
6. خێزانم و من و منداڵەکانمان هەموومان دەرچووانی زانکۆینە ، ئێمە خێزانێکی زانستی بووین ، هەر له BSC ، MSC ، PHD
7. تێکەڵی حیزبایەتیی نەبووینە ، بەڵام کوردێکی پاکژ خزمەتکردنێکی باشمان کردووە .

# ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی میللەتە یەکگرتووەکان

**تایەری سمایلە سوری نەجار شێخانی**

لە هاوینی ساڵی 1986 (فاو) ڕێکەوتنێکی واژۆی کرد لەگەڵ بەڕیوەبەری گشتی دارستان لە بەغدا ئەو پرۆژەیە بە ناوی:

(لێکۆڵینەوەی دارستان و ڕاهێنان و تەدریب ڕونکردەوە لە شاری هەولێر)

بەندە بەرپرس و بەڕێوبەری بەشی لێکۆڵینەوەی زانستی دارستان بووم لە هەولێر

چەند پسپۆڕی بە ئەزموون لە بارەی لێکۆڵینەوەی زانستی لە بوارەی ( دارستان و پاوان و پاراستنی خۆڵ ) لەگەڵ سوود وەرگرتن لە داری یوکالیپتۆس اپاپی ماڵەوە

بەڕێوەبەری ئەم پرۆژەیە (مستەر بووث) ئینگلیز بوو ، دوو پسپۆڕی تورکی بوو ، یەك پسپۆڕ پاکستانی بوو ، یەك پسپۆڕ پوڵەندی بوو ، یەك پسپۆڕ ئەمەریکی بوو ، یەك پسپۆڕ ڕۆمانی بوو

بە پێی ئەم ڕێکەوتنە (إتفاقیە) ئەمن یارمەتیدەری مستەر بووپ Co-Manger

و فەرمانبەرێکی فەنی هەڵبژێریێم کە دەرچووانی کۆلێژی دارستان و کشتوکاڵی حمام العلیل بوون.

ئەم پرۆژەیە بەردەوام بوو لە هاوینی ساڵی 1968 هەتا هاوینی ساڵی 1976 لەو بوارەی کە باسم کرد لە پێشتر

ڕێکخراوی (فاو) کە بنکەی لە شاری ڕۆما / ئیتاڵیا بوو سەر بە میللەتە یەکگرتووەکان بوو لە نیویۆرك / ئەمەریکا

فاو لە ڕێگای ئەو پرۆژەیە زۆر هەلی سەفراتم بۆ (هیندستان و ئۆستۆڕالیا و سوید و الخ )ڕێکخست و هەموو پارەی سەفەر و مانەوەم لەو وڵاتانە هەتا توانیم کە زانست و پسپۆڕی ئەم وڵاتە پێشکەوتووانە ببینم و گەلێك زانیاری لەم پرۆفیسۆرانە فێر ببم ، پێویستە من لێرە سوپاسی فاو لەگەڵ (سیدای) سویدی بکەم بەتایبەتی سوپاسی ئەو زانایانە لە بواری دارستان و پاوان و پارێزگاری خۆڵ و عارد بکەم چونکە ئەمن کۆمەڵێك زانیاری لەوان فێربووم.

**تێبینی / هەموو فەرمانبەرانی کە یارمەتی پسپۆڕەکان بوون لە هەولێر ، هەموویان لە حیساب و مصاریفی فاو ناردران بۆ وڵاتانی جیهان .**

# بیرەوەرییەکانی ژیانم

**( تاهیر سمایلە سووری شێخانی )**

+/کە تەمەنم چواردە ساڵان بوو زۆر حەزم لە چیا و خاکی کورد و دار و درەخت دەکرد فرقەی دووەم لە کەرکووك بوو ، قائیدەکەی( ابراهیم فیصل الانصاری) بوو ، لە مانگی نیسان عەسکەری ئەم فیرقەیە کە زۆریان کورد بوون بە پێیان لە کەرکووکەوە دەهاتنە کۆیە دوایە بۆ چیایی هەیبە سوڵتان لە بۆ ڕاهێنان (تدریب) کە دەهاتنە کۆیە لەکن تۆپزاوە لەوێ باریان دەخست و ڕۆژی پاشتر بە چەك و تەرتیباتەوە دەچوونە چیایی هەیبە سوڵتان . دراوسێیەکمان بە ناوی (سەعید بەرید) لەگەڵ ئەم عەسکەرانە بوو ئەمن و دوو منالّی گەڕەك بە پێیان چووینە هەیبە سوڵتان لەوی چوینە بڵندترین شوێن سەعید بریدمان دیت . ئاوێنەیێکی لە دەست بوو بەم ئاوێنە پەیوەندی لەگەڵ عەسکەرێکی لە لوتکەی چیاکە بوو ، گووتمان کاك سەعید ئەتو چت بە عەسکەرەکەی دیکە گووت ، کاك سەعید بەرید گووتی بەم ئاوێنە وە بە تیشکی ڕۆژ (هەتاو) بە عەسکەرم گووت ئەوانە مندالّی دراوسێم هاتینە ئەمن ببینن.

ئەمن لە ژیانم هەر سەفەرێکم کردبێت ، لە ئەمستەردام / هۆڵەندا / یان لە ستۆکهۆڵم / سوید یان لە کۆپنهاگن / دانیمارك یان لە بەیروت / لوبنان یان لە ئەستەمبوڵ / تورکیا یان لە نیودلهی / هیند یان لە کامبرا / ئۆستورالیا، هەردەم و هەردەم لەم جێگایانە تۆی دار و درەختم یان نەمامم هێناوە لەگەڵ خۆم.

لە هاوینی ساڵی 2009 لە بەیروت بووم لە شەقامی حەمرا لە ئوتێلی (جی فلاوەر) بووم سێ تاکسی هەبوو لە پێشی ئوتێلەکە دەوەستان لەگەڵ تەکسییەك چووینە چەند نەمامگەی گوڵان هیچ نەمامەکی داری ئورورزم نەدیت ، نەمامی ئوروز تەنها لە جێیەکە پێی دەڵێن (غابە الارز) هەشتا داری ئوروز مایە تەمەنیان دوو هەزار ساڵە

ئەو ( غابە الارز) دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری بشەری (بشری) کە شاری نوسەر و هونەرمەند (جوبران خەلیل جوبران)ە نووسەری کتێبی (النبی) لە بۆ پەنجا زوبانی لە جیهان وەرگێراوە (ترجمە) ئەم غابەیە 65 کیلۆمەتر دورە لە بشەری.

پرسیارمان کرد لە  کێندەرێ نەمانی ئوروز پەیا دەبێت ، گووتیان لە شاری (صور) لە باشوری بەیروت کە لە دەست حزب الله  بوو لەوێ نەمامگەی گوڵ هەیە ، هەر بە هەمان تاکسی چووینە صور لەوێ لە نەمامگە چوار نەمامی ئورروزم کڕی لەگەڵ چەند نەمامی ڕازقی (فولا) لەگەڵ نەمامی گێربیرا و قرونفل و.... هتد

هاتینەوە ئوتێل لە بەیروت لە شوێنێك دام نان و ئاوم دەدایە هەتا ئەو کاتەی سەفەرم کرد گەڕامەوە هەولێر، ڕۆژێ هاتنەوە بۆ هەولێر ، نەمامەکانم جوان و پوختە لەناو کارتۆن و سندوقێکی دار تاوتۆ کرد و لەگەڵ جانتاکەم چوینە فڕۆکەخانە لەوێ جانتا و نەمامەکانم لەناو عەرەبانەیەکی داناو هەمووی فحص کرا . جانتاکەم ناردرا بۆ قاوشی فڕۆکەکە ، گەڕام کە بەرپرسەیەکی لە فڕۆکەخانە ببینم کە ڕێگام بدات ئەمن ئەو نەمامانە بگەێنمە دەرگای فرۆکەکە ، پیاوێکی ئاساییشم دیت ، ئەو یارمەتی دام چەند لاوێکی هەولێریم دیت پێم گووتن لاوەکان ئەو نەمامەکانم بۆ دانێن لە ژمارە کورسیەکەم سوپاسی ئەم لاوانانەم کرد ، پێشم گووتن لە هەولێریش ئەو نەمامە دار و درەخت و گوڵەکانم هەتا قاوشەی فرۆکەخانە دەبن ، گوتیان بەسەرچاوان.

کە گەیشتینە هەولێر کاپتنی فڕۆکەکە ڕاوەستابوو لە دەرگای فڕۆکەکە . کە نەمامەکانی دیت  گوتی (هذا ارز من لبنان)  ئەمن گوتم ((نعم یاسید القبطان ، هذا من لبنان  أزرعه في جبال کوردستان)) تۆقەی لەگەڵ کردم

لاوەکانی هەولێری دار و درەختەکانی منیان برد هەتا جێگای قاوشی جانتایان دوو کەس کە ئاسایش بوون بە منیان گووت دەبێ نەمامەکان پشکنیی بۆ بکرێت ، گووتم باشە فەرموو پشکنین بکەن .

گووتیان بەرپرسی ئێمە لێرە نیە هەتا سەعاتێکی دیکە نایەتە ئێرە . باشە بۆ ئێوە پشکنین ناکەن ؟ فەرموون چەند نموونە لە نەمامەکان دەربێنن  و تەماشا بکەن بزانن مخدرات یان زێڕ هەیە لەگەڵ خۆڵەکەی . نیو سەعاتی ڕەبەق ئەمن ڕاوەستاوم ، دوایە بە منیان گووت فەرموو نەمامەکانت ببە نەمامە ئورروزەکانم بردە چناروکی ، هەردووکیان چاندرا لە باخچەی حاکم پێشڕەو ، ڕەهبەری سەید برایم خوارزاکانم.

پێش سەفەری ڕەهبەری سەید برایم بچتە ئەمەریکا  ناوی چەند داری دارستانم بۆ نووسی ناوی زانستی ناوی کامڵی لەگەڵ کمیە تۆیەکان . ئەو دارانەم هەڵبژارد کە دەچێنن وشین دەبن چناروك ئەمساڵ لە مانگی شوباتی 2019دەیانچێنم لە چناروکێ

(هێزەر) کە کچێکی ئەمەریکییە، خۆشبەختانە تۆی چەند داری دارستانی بۆ هێناوم و ئەم تۆیانە دەچێنم لە مانگی ئازاری 2019کە دەبتە نەمام دوایش لە چناروك دەیان چێنم لە شوباتی  2020

ڕێز و سوپاسم هەیە بۆ هێزەر  لە کۆیە ناویان لێنایە (ڤیان)یەکێك لەم دارەی دارستانی 4250 ساڵ
دەژی ، و بڵندی دەگاتە75 مەتر وە کێشی (وەزن) 1000گەنە . ئەم جۆرە دارە ناوی
SEQUOIA GIGANTIS لە ویلایەتی کالێفۆرنیا  لە پارکەکی نیشتیمانی بە ناوی

YOSEMITE NATIONAL PARK

لە چیای سییارِا دا لە بڵندایی 1300مەتر ئەم شوێنە لە ڕۆژهەڵاتی( لۆس ئەنجلوس)ە وە (150) مەتر دوورە.

بە هەزاران لەو دارە ڤیلەتانە هەیە و ناوی خۆی

BIG TREE OF CALIFONIA

زانکۆی کالیفۆرنیا لە شاری بیرکلی (80) دۆنمی لەو دارانە بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی هەیە . ئەم دارە تووشی نەخۆشی نابی ، وە لە خێزانی سنۆبەریانە  چارسەر هەزار دنك لەو دارە کێشەکەی یەك کیلۆیە ، لەو دنکە بچووکە ئەو دارەی دارستانی لێ هەڵدەکەوی.

# بیرەوەرییەکانی ژیانم

1-دکتۆری دار و درختی بەلاش لە ساڵی 1964 لە مەجلیس ( مستەفا ئەفەندی )مأموری نفوسی خانەنشین لە گەڕەکی ئازادی.

2- مامۆستا جەلال حوێزی سەرپەرشتیاری (یانەی فەرمانبەرانی کۆیە)ی دەکرد. ئەو شیعرەی نوسی لەسەر پارچە خامەکی و لە دەرگای یانەکەی دا :

هەرکەسێ لە یانەدا بەشدار نەبێت هاتووچۆ نەکات بۆ بەشداریەتی تازە جێگا نەماوە کەس داوا نەکات .

3- لەساڵی 1952 سەرپەرشتی دائیرەی کشتوکاڵی کۆیەم دەکرد، مەلا حوێزئاغا داوای لێ کردم کە یارمەتی بدەم بۆ نەهێشتنی جۆبرکە لە باخچەی ماڵەکەی، گەنم و جۆ ئامادەکرا و ئەمن مادەی ئەگروسایدم بەکارهێنا . زیاتر لە سەد دانە جۆبرکە کوژران ،حەوێز باوکی حەمید زراعی هاتە لام بەخێرهاتنێکی زۆری لێ کردم ، گووتی ملا حوێزئاغا زۆر سوپاست دەکا و زۆر بەکەیفە کە جۆبرکە لە باخچەکەی کۆتایی هات ، مەلاحەوێزئاغا لە ساڵانی شەستەکان هاتە هەولێر و لە خانییەکی بە خێزانەوە دەژیان لە گەڕەکی ئازادی.

4- لە ساڵی 1950 بەڕێوەبەری بەشی دارستان لە هەولێر پیاوێکی ئینگلیز بوو بەناوی (جاك ئیڤانس)داوای لێ کردم کە بۆ 15 ڕۆژ بچمە (ئاسکی کەڵەك) و ڕاپۆرتێکی مەیدانی بۆ بنووسم لە بارەی (مزرعه الزاب لانتاج الاخشاب) لای چەپی ڕووباری گەورە (الزاب الكبير ) پردی بەرد و پردی ئاسن لای باکور و باشوری مەزڕەعەکەی جوایەز دەکردەوە، لای باکوری دەهام ئاغا لەگەڵ حاجی ئەنوەر لە چاڵەکی گەورە بوون سەرپەرشتیان دەکرد و ئەو حاویە بەکرێ ساڵانە دەیاندا بە گامێشەوان ئەما باشوری پردەکە (بورهانی عەزیزاغا) لە گوندی (چەمە دپس) و برایەکەی (یوسف ئاغا) لە گوندی (ملا عومەر) ئەوانیش پارەی کرێی ساڵانە لە خاوەن گامێشەوانی دیکەوە وەردەگرت

5- له ژیانمه‌وه به‌رده‌وام عاشقی چیا و دارستان و خاکی کوردستان و گوڵ و گوڵزار بوومه ، ساڵانه پاره‌یه‌کی زۆر ده‌ده‌م بۆ گوڵ و دار و دره‌ختی جوان و نایاب ، له (گۆڕستانی معمل قیر )سه‌د مه‌ترم هه‌یه، له ساڵی 2006 به‌سیمی (بی ار سی) له‌گه‌ڵ ده‌رگایه‌کی ئاسن تێلبه‌ندم کردیه، ئه‌شره‌فی و جووری و گێوژی ئه‌مه‌ریکی و داری به‌ڕوو و لورك (ژاڵه) به هه‌موو ڕه‌نگه‌کانی ، فریزه‌کی مام ناوه‌ندم چاندووه ، له ده‌ره‌وه‌ی گۆڕستانه‌که‌م کاژ ( صنوبر پمری) و کالیپتۆز چاندووه کومه‌ڵێکم له نێرگزی خۆماڵی هه‌یه له باخچه‌ی گۆڕستانم ، مانگی حوزیه‌ران و ته‌موز و ئه‌یلول به تانکه‌ر ئاو ده‌درێت پاره‌یه‌کی زۆر خه‌رج ده‌که‌م به‌ڵام له مانگی نیسان گوڵ و گوڵزارێکی جوان ، و بۆنخۆش هه‌ست ناکه‌م له گۆڕستانم به‌ڵکو له باخچه‌ی ماڵه‌که‌ی خۆمم !! مرۆڤ ده‌بێ ڕێزی لێ بگێری ئه‌گه‌ر له‌سه‌ر خاکه یان له بنی خاکه. ساڵی دوو جاران ئه‌من ده‌بێ کرێکاری بگرم و ده‌چم ده‌وری گۆڕستانه‌کانی دراوسێم بۆ مه‌تریك و نیو پاکژ بکه‌مه‌وه ، و ئه‌م گیای گۆڕستانی جیرانم دوور بکه‌مه‌وه، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی که دراوسێکانم له مانگی مایۆحوزه‌یران ئاگر به‌رده‌ده‌نه ئه‌و پووش و په‌ڵاشه‌ی ئه‌گه‌ر که‌مێك یان زۆر با و هه‌وا هه‌بێت ، ئه‌و ئاگر له گۆڕستانه‌که ده‌په‌ڕێته‌وه بۆ گۆڕستانێکی دیکه ، له‌وانه‌یه ئه‌وانه بن خاك له ژیاندا له‌سه‌ر دونیا زۆر هه‌ژار و زه‌حمه‌تیان کێشاوه ، ئیستاش مردووه گۆڕه‌که‌ی ده‌سووتێنن گۆڕستانه‌کانی دیکه جیهان (ئه‌وروپا) ئه‌مریکا هتد وه‌کو پارکه‌کی شارن!!

له ته‌موزی ساڵی 1963 و له زه‌مانی حه‌رس قه‌ومی که‌سه‌ر به سه‌دام حسێن بوون ، عێراق به تێکرایی و باکوری عێراق به تایبه‌تی هه‌موو جۆره کوشتن و تاڵان و سووتاندن ، گوند و شاره‌کانی بچووك و گه‌وره‌کانی گرته‌وه.

له1963/6/22 گه‌یشتمه به‌یروت / لوبنان یه‌ك مانگ به‌بێ ویستی خۆم له به‌شی ناوخۆی زانکۆی ئه‌مریکی له به‌یروت مامه‌وه چه‌ند قوتابییه‌کی کورد له زانکۆ بوون ، گووتیان باشتره نه‌چینه کۆیه هه‌تا ماوه‌یه‌کی باش ، چونکه حه‌رس قه‌ومی کوردان له ماڵیان ده‌کوژن ، تالان و خانوه‌کان ده‌سووتێنن له به‌یروت توانیم په‌یامنێری ڕۆژنامه‌ی نیویۆرك تایمز دانا (ئاده‌م شمێدز) ببینم له ماڵه‌که‌ی خۆی که به‌رامبه‌ر هۆتێلی (سانت جۆرج) بوو ، چه‌ند وێنه‌یه‌کی برادره‌انی مه‌کته‌بی سیاسی پێشان دام هه‌مووم به ناو خه‌باتیان بۆم شه‌رح کرد، چونکه (مسته‌ر شمێدز) 46 ڕۆژان گیرابوو له هاوینی 1963و به‌بێ فیزه له ڕێگای ئێرانه‌وه داخڵی سنووری کوردستان ببێت ، گووتی ئه‌و کتێبه که نووسیوه له‌سه‌ر پێشمه‌رگان به ناوی (گه‌شتێك له به‌ینی پیاوی ئازا)

(joinery among brave men)

گەلێك سوپاسم كرد بۆ ئەو چاوپێكەوتنە و ئەو ئیشە و سەفەرە ترسناكە كە بۆ كوردی كردووە، مستەر شمێدز بە منی گۆت هەر ئیشێكت هەبو نامەیەكی بنووسە و تەسلیمی ریسێپشینی ئوتێل سانت جۆرج بكە.

لە ساڵی 1946 لە پۆلی دووەمی ناوەندی بووم ، گوتیان مامۆستایەكی وەرزش هاتیتە كۆیە ناوی (كەریم ئەحمەد )ە دەچنە پاڵ (كرێكاران ، كاسپكاران ، جوتیاران ، قوتیابیان) دەڵێ حزبێك هەیە كە تەحررە (حزبی شوعیە) ( سەرۆكی حزب ناوی فەهد)ە هەر كەس بچێتە ئەم حزبەی ئیشی دەبێ ، خانووی دەبێ ، ژنی دەبێ چیتر دەربەگ و شێخ و ئاغا حوكم ناكەن.

چینی كرێكار ( برولیتر) ئەوان حكومەت بەڕێوەدەبات لە كۆیە خەڵكەكەی زۆربەیان پارتی كوردی بوون یان شیوعی بوون.

لە پۆلی دووی قوتابخانە ناوەندی تەنها بەندە (ئەمن) داخلی هیچ حیزبێك نەبووم و تا ئێستاش لەگەڵ بێت ، پاش چەند ساڵێك بەڕێز (كەریم ئەحمەد )بوو بە سەرۆكی حیزبی شیوعی كوردستانی عێراق ئێستاش لە خانووەكی هەیبەسوڵتان دەژی ، هیوادارم تەمەن درێژ بێت و تەندروستێكی باش ژیانی خۆی بباتە سەر .

## UNDP AND SIDDA رۆڵی

ساڵی 1978 چەند پسپۆر و زانیاران پرۆژەیەكیان كردووە لە ڕێگای (FAW) بەڕێوبەرەكەی بووپ بوو انگلیز بوو ، دوانیان تورك بوون یەكێكی پاكستان ویەكێكی تر پۆڵەندی بوو و یەكێكی ئەمریكی بوو.

ئەمن بەڕێوەبەری بەشی لێكۆڵینەوەی زانیاری دارستانی هەولێر بووم. بە پێی ئەو پرۆژەیە ئەمن یاریدەدەری بەڕیوەبەر بووپ بووم لێكۆلینەوەی زانستی لە بارەی جۆرا وجۆری دارستان و پاوان و پارێزی خۆر و ئاو دەكرا.

ئەم پرۆژەیە بە بەردەوام بوو هەتا ساڵی 1977 لە بەشی دارستانی هەولێر حەفت فەرمانبەری بەشەكەم لەگەڵ ئەو پسپۆڕانە ئیشیان دەكرد لەم پرۆژەدا نووسرابوو كە هەموو فەرمانبەرانەوە و بەتایبەتی ئەمن كە لەسەر ئەرك ونەفەقەی فاو بمانێرنە بۆ وڵاتانی جیهانی پێشكەوتوو لە هەموو بوارێك ئەمنیان نارد بۆ سوید لە ساڵی 1969 ، 56 ڕۆژ دەرس و لێكۆلینەوەی مەیدانی تگبیق كرد. نوێنەرانی 17 دەوڵەت لە تەدریبیە بەشداریمان كرد لەسەر ئەرك و نەفەقەی (سیدا)

**له ڕۆژانی سەربەست (Free Day) دەگەڕام لە ستۆکهۆڵم کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ کوردەکانی لیوای هەولێر بکەم ، تەنها (سەعید عەزیزی پاشای برای عەوڵا پاشا) ی ، لە زانکۆیەکی دەیخوێند، جەمال عەلەمدار ئەندازیار بوو کوڕی( یاریدەدەری پۆلیس) شاکر باچەچی و دکتۆر ئیبراهیم و نیهاد نورالدین.**

# وەستا سمایلی نەجار( دراوسێی دێرینمان )

هۆشیار محەمەد ئەمین سالح کۆیی

لە سەرەتاکانی ساڵی چلەکان ئەو سەردەمە من هێشتا لە دایك نەببوم ماڵمان لە گەڕەکی قەڵات بوو ، دواتر باوکم خانووی میرزا غەفووری سابڵاغی کڕی کە کوردێکی ئێرانی بوو نیشتەجێی کۆیە بوو تووتن و جگەرەی دەفرۆشت کوڕێکی ناوی دڵشاد ناسراو بە (دڵشاد ڕەسوولی) بوو ئەوان گەڕانەوە مەهاباد . ئەوەی من لە بیرمە ، پێنج خانوو لە گەڕەکی بەفری قەندی دراوسێی یەك بوون، خانوێکیش لە پشتەوە هەر بەو پێنج خانووە نووسابوو بەڵام دەرگاکەی کەوتبووە سەر گۆڕەپانی حەمامی حەسەن ئاغا کە لەلای ڕاستمان بوو ئەویش ماڵی یا فاتم خێزانی عەلی عومەر کە کۆچی دوایی کردبوو ، ئەو پێنج ماڵە تا ڕادەیەك لە ماڵەکانی تر دوور بوون و دابڕابوون هۆکارەکەشی لای ڕاستمان گۆڕەپان و حەمامەکە بوو لای چەپمان ئەو شەقامە بوو کە لە پەنجاکانەوە بڕا بوو من لەبیرم نییە ، بەڵام ناوی دراوسێکان پێش ئەوەی بەر شەقامەکە بکەون کە لە دایکم بیستبووم بۆنموونە : ماڵی مام مەحموود باوکی مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی ، ماڵی مام حەوێز باوکی مامۆستا عەلی حەوێز ، ماڵی حەمەدی نەجار (برای تاهیر مونیف).....هی تریش لە کاتێکی تر باسی دەکەین ، لایەکی ماڵی ئێمەش کەوتە سەر شەقامەکە ، پێنج ماڵەکە : ماڵی وەستا حەمەدەمین کەبابچی ( باوکم ) ، لای ڕاستمان ماڵی یارابی ئەویش هاوسەری نەمابوو لەگەڵ کوڕەکانی قادر و عەلی وێنەگر و کچەکانی دەژیا ، ئەو دوو ماڵە ڕووی لە چیای باواجی بوو ، بەرامبەری ئەو دوو ماڵە : ماڵی وەستا سمایلی نەجار ، ماڵی ڕەفیقی بەرد کێش بوو ، کۆڵانەیەك لە نێوان ئەو دوو ماڵە بۆ خانوێك دەچوو چەند خێزانێك لێی نیشتەجێبوون کە خزمی یەکتر بوون : قادری حەمە کۆتك ، مستەفای مەیدان ، سەعیدی بەرید ، عەبدولرەحمانی ئاسنگەر .

ماڵی وەستا سمایلی نەجار : بەرامبەر ماڵی ئێمە بوو ، لای چەپ و پشتەوەیان حەمامی حەسەن ئاغا و پاشماوەی مشکی حەمامەکە بوو کە ڕۆژانە مام حەویز لە کوورەی حەمامەکە دەری دەهێنا و فڕێی دەدا وەك گردێکی لێهاتبوو ، منداڵی گەڕەك یارییان لەسەر دەکرد ، پەیوەندی پتەو لە نێوانماندا هەبوو وەك یەك خێزان وابووین ، ئەندامانی خێزانەکەیان جگە لە وەستا سمایل و زەهوە خانی خێزانی ، ( کاك تاهیر . کاك مەجید ، کاك محەمەد ، حەلیمە خان ، خەجاوە خان ، پەرژین خان ، گەلاوێژ خان ، شلێر خان ). کچێکی تری بەڕێز لەو ماڵە دەژیا ( بەدریە خان ) دایك و باوکی نەمابوو و برازای وەستا سمایل بوو ، لە ساڵی 1942-1943 باوکی ( وەستا حوسێن ئاسنگەر ) لە بیتوێن بە مەلاریا کۆچی دوایی دەکا و دوای هەفتەیەك دایکی و دوای هەفتەیەکی تر خەسووی ، بۆیە سێ کچەکەی لە ماڵەکانی خانەی نانەوا ی نەنکییان ( دایکی وەستا سمایل ) و ماڵی وەستا حەسەنی نەجار و ماڵی وەستا سمایلی نجار مامیان تا شوو کردنییان وەك کچی خۆیان ژیان بەسەر دەبەن.

کاك مەجید خەلفەی باوکی بوو یارمەتی دەدا ، کاك محەمەد لە قوتابخانە دەیخوێند و لە دوای دەوام و پشوەکان یارمەتی باوکی دەدا ، باوکی دڵی زۆر بە خوێندنەکەی خۆش بوو .

حەمدیە خانی خوشکم گووتی : ئەو دوو ماڵە وەك یەك خێزان وابوون ، تۆ ( بەندە ) کەلە دایك بووی و منداڵ بووی کچە بەڕێزە کان بە تایبەتی ( حەلیمە خان ، خەجاوەخان ) لە ئامێزیان دەگرتی و بۆ ماڵی خۆیانیان دەبردی ، هەروەها گووتی خەجاوە خان دەستە خوشکم بوو کە شووی بە ڕەوان شاد سەید برایم کرد من لە پۆلی چواری سەرەتایی بووم .

وەستا سمایل وەستایەکی باش بوو ناوبانگی لە گوندەکانی کۆیە و خۆشناوەتی و بیتوێن و شوێنی تر بڵاو ببۆوە ، ئێواران کە دەگەڕایەوە ماڵ دەمدی سەر شان و جلەکانی تەراشی داری لەسەر بوو وەستا سمایل ساڵی 1905ز لە شاری کۆیە لە دایك بووە و بە بنەچە شێخانییە و دەگەڕێنەوە سەر ئێزیدیەکان ، لە ساڵی 1982 زکۆچی دوایی کرد .

زەهوە خان خێزانی وەستا سمایل کچی سابیری ئەبا بەکر تا بڵێی ژنێکی بێ دەنگ و بێ وەی بوو کە منداڵ بووم زۆر جار لە ئامێزی دەگرتم وەك دایکم هەستم بە سۆز و ئاسوودەیی دەکرد ، ئەو

شێرە ژنە ئەوەندە بەسۆز بوو لەو کاتەی کاك تاهیری کوڕی گەورەی لە ئەمەریکا بوو من لە پۆلی دوو یا سێی سەرەتایی بووم ، زۆر جار بۆ کاك تاهیر گوێم لە گریانی بە سۆزی دەبوو هەندێ جار دایکم دەچوە لای دڵنەوایی دەدایەوە ، جار و باریش برینی دایکیشم دەکوڵایەوە و ئەویش دەگریا ئەوسەردەمە مام ڕەسووڵی کوڕی گەورەی لە گرتووخانەی کوت بەند کرابوو ، لە بیرمە منداڵ بووم وا بزانم لە شەستەکان بوو لە ماڵی وەستا سمایل بووە گریان و هاوار ، تومەز حەمباڵێك جانتایەکانی کاك تاهیر پێش خۆی بۆ ماڵەوەیان دەبا ، یا زەهوە بە گریان و ڕاکردن لە ماڵ دێتە دەرەوە و لە نزیك شەقامەکەی ماڵمان بە گریانەوە دەست لەمل یەکتر دەکەن ، خۆزیا ئەو سەردەمە کامیرای ڤیدیۆ هەبا کەسێك ئەو دیمەنە تراژیدیایەی بگرتایە.

ئەو دیارییانەی کاك تاهیر بۆ خوشك و براکانی هێنابوو ئێمەی منداڵ پێی سەرسام بووین و پێشتر نەماندیبوو .

حەوێز خارە لە 1969/5/6 بە هۆی تەقینەوەی لوغم لە ژێر بار هەڵگرەکەیان لە ڕێگای نێوان (کۆیە -تەق تەق ) لەگەڵ شوفێرەکە گیان لە دەست دەدەن و زەهوە خانی خوشکی زۆر خەمبار و دلگیر دەبێ ، کۆستێکی گەورەش بوو بۆی چونکە ئەو برایەی زۆر خۆشدەویست . زەهوە خان ساڵی 1995 ز لە تەمەنی 95 ساڵی کۆچی دوایی کرد . کوڕێکی تری ڕێك پۆش خزمی ئەو بنەماڵەیە بوو ناوی ( موحسین ) بوو ، زۆر بەڕێز و خزم دۆست بوو ، لە ڕێکەوتی 1971/7/5 لەگەڵ پەشێوی شاعیر و هەندێ برادەر گەشتێکمان بۆ ناوچەی مێرگەسۆر ئەنجام دا ، کاك موحسین لەوێ برین پێچی ڤێتەرنەری بوو ، هاتە لامان زۆر ڕێزی گرتین .

یادەوەرییەکی تر : باوکم کەبابچی بوو ڕۆژانە ئێسقانە گۆشتی دەناردە ماڵەوە و دایکم دەیکوڵاند و ڕۆنەکەی جیا دەکردەوە و ئێسقانەکانی لەسەر سینییەك دادەنا و دوای عەسر لەگەڵ منداڵەکانی وەستا سمایل دەمان خوارد و تام چێژێکی زۆرمان لێوەردەگرت لە لایەك و پەیوەندی کۆمەڵایەتیشمان پتەوتر دەبوو .

یادەوەری ئەو بنەماڵە بەڕێزە هەردەم لەهزرم دابوو ، بۆیە پەیوەندیم بە کاك تاهیر کرد و لە ڕێکەوتی 2018/4/5 چەندین چاوپێکەوتنم لە ماڵەکەی خۆی لە گەڕەکی ئازادی لە هەولێر لەگەڵ کرد و زۆربەیانم لە گۆڤاری کەکۆن بڵاوکردەوە ، پەیوەندیمان زۆر پتەو بوو ، سەردانی یەکترمان دەکرد ، تابلێی کەسێکی بیر تیژ و دڵسۆز و بە ئەمەك بوو ، دڵێکی گەورەی هەبوو ، ڕق و کینەی نەبوو ، دەم بە خەندە و قسە خۆش بوو ، دۆستی ژینگە بوو ، لە ساڵی 1964 لە گەڕەکی ئازادی لە خانوێکی کرێ نیشتەجێ دەبی و ئێوارانیش لە دیوەخانی مستەفا ئەفەندی لەگەڵ حوسێن ڕشوانی ئاوەڵ زاوای و چەند کەسایەتییەکی تر بە گفتووگۆی مێژوویی و زانستی کات بەسەر دەبەن ، دەربارەی دار و درەختیش پرس و ڕای پێدەکەن و ناوی دەنێن (دکتۆری دار و درەخت ) . دواتر ساڵی 1968 خانوو لە هەمان گەڕەك لەسەر ڕووبەری 510 مەتر دروست دەکا کە ژمارەکەی (9) دەبی. کەسێکی چالاك بوو ، تا ئەو دواییە هامووشۆی بازاڕی دەکرد و زۆربەی جار لە دەرمانخانەی ( هەولێر ) لای دەرمانساز نزار شاکر قازی دادەنیشت و لە گەڕانەوەش لای کتێبخانەی عەبدولکەریم گۆڤاری عارەبی بەتایبەتی ( الشرق الاوسەت) و گۆڤاری تری ئینگلیزی دەکڕی ، بە تاکسییەکی ناسیاوی خۆی هامووشۆی دەکرد ، هاوڕێی چوونە دەرەوەی سەرپەرشتیاری پەروەردە خانەنشین ناسیح داوود ئەیوب بوو ، بەداخەوە بەهۆی ڕووداوێکی نەخوازیار نەشتەرگەری بۆ دەکرێ و دوای ماوەیەك مانەوەی لە جێگا کە هەردەم ورەی بەرز بوو ، بەڵام مەرگ ڕێگای پێنەدا لە ڕێکەوتی 2021/1/15 ڕۆژی هەینی لە تەمەنی 92 ساڵی لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد ، لە گۆڕستانی گارگەی قیر بە خاك سپێردرا .

**سڵاو لە گیانی پاکی کۆچکردووان**

**تەمەن درێژیش بۆ زیندووەکان**

**هەولێر** - 2021/3/20

17

# نووسین و بڵاوکراوەکانی

## تاهیر ئیسماعیل نەجار( تایەری سمایلە سووری نەجار)

# Orobanche Sp= **گورکە**

## ( **هالوك** )

**طاهر اسماعیل ماموری کشتوکاڵ و دارستانی کۆیە** ( ڕۆژنامەی هەولێر ل2سێ شەمە 12ی ئاب 1952 )

زۆر بە پێویستی دەزانم کە کەمێك لە نباتی گورکە بدوێم چونکە لەم کاتەدا توتن و تەماتە لە شین بوون دایە ، لەبەر ئەوەی کە گورکە دەبێتە لە ناوچوونی و فەوتانی توتن و تەماتە و باخچەوانەکانی شیمالی عێراق ، هەموو ماندوبوون و هەوڵ تەقەڵایان بە فیرۆ و خورایی دەڕوا ، گورکە گەلێك جۆری (انواعی) هەیە بەڵام تەنها لەم گورکەیە باسی دەکەین کە لەسەر توتن و تەماتە دەژێ.

گورکە : نباتێکی بچوکە بە زۆری لەگەڵ توتن و تەماتە دا دەژی ، بڵندایەکەی لە 30سم زیاتر نیە ، گوڵێکی زۆر جوان دەگری ، ڕەنگی زەردە کەمێك بنفسجیە ، پەلکی نیە تەنها پەلکێکی بچووك نەبێ گورکە مادەی کلۆرۆفیلی نیە کەواتە ژیانی گورکە گفیلیەی ، یعنی دەژی لەسەر حسابی نباتێکی تر ،بەپێ ئەوەی کە خۆی ماندو بکات ، گورکە هیچ ڕگی نیە ، بەڵکو نینۆکی هەیە (محصات) کە خۆی چەسپ دەکات لەسەر ڕەگی توتن و تەماتە ، دەری دەگلای لە عارد و خۆڵ ، لە ڕێگا گورکەکە لێوەردەگری بۆ خۆی دەژی نایەڵێ کە ئەم تام و مەوادانە بڕوات بۆ قەدەی و پەلکی و گوڵی توتن و تەماتە ، جا دەبینین کە ئەم توتنە و ئەو تەماتەیە سیس و بێ هێز دەبی ، و زیاد ناکات و زۆرجار وایە کە ووشك دەبێت ئەگەر گورکە تفرعاتێکی زۆر بدات ، و لە هەموو سەیرتر توی گورکە لە هەر خۆڵێك یان عاردێك بێت لە توانای دا هەیە لە (7) ساڵ بمینێ بە بێ ئەوەی کە خراپ بێت ، و لەهەر وەختێك ئەگەر توتن یاخود تەماتە چاندرا لەم عاردە کە پیس بووە بە توی گورکە دەست بە شین دەبی و لەم عاردە دا خۆی بە دیاردەخا و دەست دەکا بە خۆ چەسپکردن لەسەر ڕەگی توتن و تەماتە و مژینی هەموو جۆرێ خواردەمەنییەك کە وەریدەگری لە خۆڵ ، لێرە دا بۆمان ئاشکرا بووە کە سیفیتێکی زۆر بە تێبینی هەیە لە بنی توی گورکەوە توتن و تەماتە ،چونکە ئەو عاردەی کە پیس بووە بە توی گورکە ئەگەر توتن و تەماتە نەچێندرێ لەم عاردە دا بە قیتعەی توی ئەم گورکەیە شین نابێت!

## **پاریزگاری و چارەسەری:**

1-هەلکێشانی هەموو گورکەیەك بە دەست لە سەرخۆ و پێویستە بسووتێندرێ ، وەچەند گورکە بەدیارکەون پێویستە هەڵبکێشرێ ، چونکە وەکو باسمان کرد گورکە ئەگەر مایەوە جگە لەوە کە زیان دەبەخشی بە توتن و تەماتە ئەبێتە هۆی ئەوە کە هەر بنکیك یەك ملیۆن تو بکات و بڵاوببێتەوە بۆ هەموو شوێنێك کە دەبێتە هۆی ئەوە کە لە ناوبردنی و فەوتانی زۆر گران زەحمەەت دەبێت.

2-پاش هەلگرتنی توتن و تەماتە پێویستە لە پایز زوو پاش عاردەکە بکێڵن ، تاکو سەرما و شەختە و بەفری زستان بەشی زوی تویەکان پیس و خراپ بکات ، و لە بەهار دا دووبارە ئەم عاردە بکێڵن و بچێندرێ بە برنج لە ئەوەل ساڵ ، چونکە برنج ئاوی دەوێت ، ئەمەش ئەبێتە هۆی فەوتانی بەشی زۆری توی گورکەکە ، لە پاشان لە پایزی دووەم عاردەکە بکێڵدرێ و بچێندرێ بە جۆ ، لە بەهاری دووەم دووبارە بکێڵدرێ و بکرێتە لۆبیا ، بەم جۆرە گەر باخچەوانەکان بڕۆن لەسەر ئەم حاڵەتە و ئەم ئامۆژگاریە ئەتوانی لە 90٪ گورکە لەناو ببەن لە ماوەی (4) ساڵ .

3- پێویستە لە کاتی زبڵ هێنان لە گوندێك یا لەجێگایەك ، ئەم زبڵە خاوێن بێت لە تووی گورکە ، یەعنی باخچەوان بڕوای پێ هەبێت کە ئەم گوندەی زبڵی لێ هێناوە هیچ عاردێکی تووشی گورکە نەبووە ، چونکە ئەم تویە زۆر ووردە بەهۆی ماڵانی ئەم گوندە نقڵ دەبێت بۆ توتن و تەماتە لە وەختی پایزدا ، و توی گورکەش لەگەڵ ئەم گیایانە دەچێتە زگی ماڵاتەکان ، لە پاشان لەگەڵ تەرسی ووڵاغ ماڵات دێتەدەرەوە ، جا ئەم زبڵە مقدارێکی زۆری توی گورکەی تیادەبێت ، کەواتە ئەگەر توتن و تەماتە زبڵ کران بەم زبڵەی کە پیسی بووە بە توی گورکە ئەم تویە شین دەبێت و دەچێتە پاڵ توتن و تەماتە و دەست دەکا بە خۆ چەسپکردن لەسەر ڕەگەکان و مژینی هەموو خواردەمەنییەك بەبێ ماندوبوون لە دوایی دا دەبێتە هۆی سیسبوون و فەوتانی توتن وتەماتە.

# پاپۆری سەتۆرینیا و بتڵێك شەمپانیا

**تایەر ئیسماعیل ساڵح** **گۆڤاری کەکۆن** ( **ژمارە** 1 ، **ل**22 )

**بەشی یەکەم** ( **کانونی یەکەم ،ساڵی** 2008 )

لەمانگی ئاداری 1963 دا نوسراوێکی فەرمیم بە ئیمزای د. جانی بە دەست گەیشت ، کە ئەو کاتە بەرپرسی ڕۆشنبیری بوو لە باڵوێزخانەی عێراق لە لە شاری واشنتۆنی ئەمەریکا . د. ناسر پرسیاری لێ کردم ، کە بە چ ڕێگایەك حەز دەکەم بەرەو عێراق بگەڕێمەوە ، بە فڕۆکە ، یان بە پاپۆڕ ، چ کاتێکیش بۆ من گونجاوە . منیش لە وەڵامدا ئاگادارم کرد ، کە حەز دەکەم بە پاپۆڕ سەفەر بکەم ، گەشتەکەشم پێم باشە لەمانگی حوزەیران بێت . زۆری پێ نەچوو بلیتی سەفەرم بە ڕێگای پاپۆڕی سەتۆرینیا(Santurinia) بە دەست گەیشت و لە ڕۆژی 15 حوزەیرانی 1963 دا پاپۆڕی شاری نیویۆرك بەجێدەهێڵێ بەرەو بەندەری ناپۆلی لە ئیتاڵیا بەڕێ دەکەوێ . لەوێشەوە بە پاپۆڕێکی دی ، کە ناوی(ئۆزنیا) بوو ، ئەویش هەر ئیتاڵی بوو لە شارۆچکەی (بریندتیری) ، کە بەندەرێکی ئیتاڵیە لەسەر دەریای ئەندریاتیك ، ئەم پاپۆڕە لە 1967/6/27 بەڕێکەوت بەرەو ئەسکەندەریە لە میسڕ ، دواى بۆ بەیروت پایتەختی لوبنان ، لەسەرەتای مانگی حوزەیرانی 1963 ماڵئاوایم لە چەند (T,RANGEAND)مامۆستا و برادەران کرد لە کۆلێژی دارستان و پاوان و ئاژەڵی کێوی کرد  لە زانکۆی ولایەتی یوتا لە شاری لۆگان WILDLIFE COLLEGE OF FORS(LOGAN) فەرهاد لەگەڵ ئەندازیار د. تەها ئیبراهیم ئەلعەبدوڵلا کە ئەو کات خوێندکاری دکتۆرا بوو ، فەرهاد پێی گوتم . بەیانی کاتژمێر حەوت و نیو من و د. تەها بە ئوتۆمبێلی خۆم دێم هەڵت دەگرم تا شاری (OGDEN)ئۆگدن کە 95 کم لە شاری لۆگان بوو ........

بۆ بەیانی لە کات و ساتی خۆیدا هەردووکیان بۆ لام هاتن بەرەو ئۆگدین بەڕێکەوتین نانی بەیانیمان لە چێشتخانەیەك خوارد ، کە فەرهاد پارەکەی دا ، دواى چوینە ئیسگەی شەمەندەفەر . سوپاسی هەردووکیانم کرد و بەرەو نیویۆرك لە سەرەتای گەشتی گەڕانەوەم بەرەو وڵات دەستی پێکرد . دواى دووشە و ڕۆژێك گەیشتمە ئێستگەی نیویۆرك . هەر لەم ئێستگەیە جانتایەکانم نارد بۆ لەنگەری هێڵی ئیتاڵی(ITALIAN LINE PIER NO14) لە بەندەری نیویۆرك و بلیتی جانتایەکانیشم

وەرگرت ...  تاکسیەکم گرت و چوومە ئوتێلێکی هەرزان . هەر ئەو ڕۆژە چوومە پەرتووکخانەی گشتی نیویۆرك . ماوەی سێ سەعاتم بە خوێندنەوە و تەماشا کردنی پێرستی کتێبان بەسەربرد ، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندیان هەبوو بە کورد و مەسەلەی کوردەوە . ڕۆژی دوایی ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمزم کڕی و چاوم خشاندە سەر هەواڵە گرنگەکان . دوای ئەوە بەرەو  ئەو تەلارەی نوێنەرانی فەڕەنسا و ئەمەریکا و بەڕیتانیای لێ بوون بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان . لە پرسگەی فەڕەنسا گوتم : هاتووم بۆ لاتان بۆ ئەوەی بەرپرسێکی ئێوە ببینم ، دەربارەی کاری نامرۆڤانەی حکومەتی بەعس بدوێم ، بەرامبەر گەلی عێراق بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی .، کەچی وەڵامی ئەوان بەم جۆرە بوو ، بۆچی ناچیتە لای نوێنەری عێراقت و پێ یان بڵێی ، بۆ بەغدا ئەم کارانە دەکات !!

بە نائومێدی ئەوێم بەجێ هێشت و چوومە تەلاری نوێنەرایەتی بەڕیتانی ، لەوێ دیپلۆماسیانە وەڵامیان دامەوە ، بەڵام دڵم ئاوی پێ نە خواردەوە و بێ سوود بوو . دوای چوومە  تەلاری نوێنەرایەتی ئەمەریکا هەمان قسەم کرد ، لە پرسگە تەلەفۆنیان لەگەڵ کار بەدەستێکی دیکە کرد گوتیان بفەرموێ . پیاوێکی باڵا بەرزی چوار شانە  و شەپقە لەسەر لەگەڵم هاتە ناو مەسعەدی تەلارەکە بۆ نهۆمی سێیەم ڕێگای ژوورێکی بۆ ئاماژە کردم . کە گەیشتمە ژوورەکە دوو کەس دانیشتبوون . گووتم: بەیانیتان باش . یەکێکیان وەڵامی دامەوە گووتی : بەیانیتان باش کاك تاڵەبانی . منیش گوتم من کاك جەلال تاڵەبانی نیم ، دەیناسم و خەڵکی یەك شارین ، ئێمە کۆیین ، من خوێندکار بووم لە زانکۆی ویلایەتی یوتا ، ناوم تاهیر ئیسماعیل ساڵحە بەم زووانە ئەگەڕێمەوە عێراق . هەمان کەس گوتی ببورە ، منیش گوتم قەیدی ناکا . هەر هەمان کەس گوتی : چۆن دەتوانم یارمەتیت بدەم شتێکت بۆ بکەم ؟ گوتم هەر دووکتان پیاوی دیپلۆماسین ، بێگومان ڕۆژنامە و گۆڤار و ........ هتد دەخوێنەوە ، پەیامنێری نیویۆرك تایمز لە بەیروت (دانا ئادەم شمیدز) مانگی جارێك ڕیپۆرت دەنووسێ دەربارەی عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی لەمەڕ سیاسەتی چەوتی بەعس وە کوشتن و بڕین و سووتان و کاولکردن و تاڵانی دێهاتی کوردستان ...... هتد ، کە لەلایەن سەرباز و حەرەس قەومی و جاش و بەکرێگیراوەکانی سەر بە بەعس ئەنجام دەدرێن . ئەو ماوەی کە دەمخوێند

وا تێگەشتم کە بانگەشەی دیمکراتی و ئازادی دەکەن و دەڵێن دیمکراتییەت لە ئەمەریکا هەیە ، هەولیش دەدەن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیمکراتیەت حکوم بکا ئێوەش پشتگیری دەکەن ، باشە

. کابرای دیبلۆماسی گووتی : بەڵێ ئێمە ڕۆژنامە و گۆڤار دەخوێنینەوە ، ئەوەی کە (دانا ئادەم شیمدز) و پەیامنێری دیکە دەینووسن ، من گفت و پەیمانت پێ دەدەم ، کە ئەوەی تۆ بۆ ئێمەت گووت دەیکەینە ڕاپۆرتێك دەینێرینە وەزارەتی دەرەوە ، تەنها وەزارەت دەتوانێ بڕیاری لەسەر بدات ، ئەوجا سوپسی هەر دووکیانم کردو چوومە دەرەوە تەلارەکە کە نزیك بوو لە (UN) هەر ئەو کاتە چوومە تەلاری (UN) پاش بڕینی بلیتێ بە یەك دۆلار چوومە هۆڵی ئەنجومەنی ئاسایش(COUNCELSE SECURITY) لەسەر کورسیەك دانیشتم ئەو کورسیانەی بۆ گوێگران تەرخان کراوە لەو شوێنە خەڵك وەك گوێگر بواریان بۆ درەخسێ بۆ ئەوەی گوێ لە دانوستان و ئاخافتنی ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش بگرن . پاش نیوەڕۆ بوو گەڕامەوە(YMCA) برسیم بوو بۆ نان خواردن چوومە کافتریای هوتێلەکە ، پیاوێکی تەمەن 45 ساڵیم لە نزیکەوە دانیشتبوو . بە های سڵاوی لێ کردم و منیش بە های هەر وەرامم دایەوە کەچی هاتە لام وپێشنیازی کرد : گەر ڕازی بیت و حەز بکەی بەیانی پێکەوە هەندێ شوێنی تایبەت و بە ناوبانگی نێویۆرك دەبینین . شەقامی (BROADWAY) دەبینین. منیش ، وەك بۆرسە و پەیکەری ئازادی و سوپاسم کرد و ئامادەیی خوم دەربڕی، لەبری ئەو ئاگادارم کردەوە ، کە من نانم نەخواردووە ، ئایا دەکرێ نانێك پێکەوە بخۆین . ئەویش پەسەندی کرد و نانێکی سادەمان خوارد . ئەوەی ڕاستی بێت من لەسەرەتاوە هەستم کرد کە شتێك لە کۆڵان (Somthing is Cooking) کە شتێك لە کولانە بەڵام ویستم ئەم کابرایە باشتر بناسم ، چونکە گومانم دەکرد کابرا بەکرێگیراو بێت ، لەلایەن نوێنەرایەتی عیراقەوە لە (UN)بەتایبەتی من پێشتر سەردانی نوێنەرایەتی فەرەنسا و بەریتانیا و ئەمەریکام کرد لە ئەنجومەنی ئاسایش ، بۆ ئەوە چووم ئەم مرۆڤە ، کە ناوی (تۆنی) بوو بەڕچەڵەك ئیتالی بوو ، فەرمانبەر بوو لە یەکێك لە بانکەکانی نیویۆرك ، بە گوێرەی قسەی خۆی ، لەوانەیە ئەندام بێت لە (FBI)ڕۆژی دوای لە کات خۆی تۆنی هاتە لام پێکەوە بە پێیان چووین بۆ بۆرسەی نیویۆرك ، دوای بەرەو گۆڕەپانی کۆتەڵی ئازادی بەڕێکەوتین . ئاپۆڕەیەکی زۆر لە کۆڕەپانەکە بوو

هەوڵیان دەدا نزیك ببنەوە لە كۆتەڵەكە ، كە زۆر بڵند بوو . لەویٚ وە چووین بۆ شەقامی برۆدوەی لە یەكێك لە سینەماكانی بلیتمان بڕی هەر یەكە لەسەر حسابی خۆی ئەویش بۆ بینینی فلیمی (لۆرەنسی عەرەب) لەكاتی دەرچوونمان لە سینەما بەرەو هوتێلەكە ، تۆنیم ئاگادار كردەوە ، كە من بەیانی بەرەو عێراق بەهۆی پاپۆڕ دەگەڕێمەوە . تۆنی داوای لێبوردنی لیٚ كردم ، كە ناتوانیٚ بێت و بەڕێم كا ، چونكە هەندیٚ ئیش و كاری هەیە ، خۆشحاڵی خۆی بە ناسینم دەربڕی و هیوای گەشتێكی خۆشی بۆ خواستم و ماڵئاوایمان لە یەكتری كرد.

## (ناو پاپۆڕی سەتۆرینیا)

لە ڕۆژی 1963/6/15 چوومە لەنگەری ئیتاڵیا ژمارە 14 لە بەندەری نیویۆرك . لە دەرگای پاپۆڕەكە جوقەی موسیقا و ئاوازی خۆشی لێدەدا ، دوو پاپۆڕەوانیش بە بەرگی سپیەوە بەخێرهاتنی گەشتیارەكانیان دەكرد و تەماشای بلیتەكانیان دەكردن. لەولا هەندیٚ خەڵكی دی سەر بە كارگێڕی پاپۆڕەكە جانتایان لە گەشتیارەكان وەردەگرت و ژووری نوستنەكانیان نیشان دەدان. ئەم پاپۆڕە هۆڵی سینەما، چێشتخانەیەكی گەورە، شانۆ، بار و گۆمی مەلولەوانی، پەرتووخانەیەكی تێدا بوو. خزم و كەسوكاری گەشتیارەكان لەسەر شۆستی بەندەرەكە ڕاوەستابوون بۆ ماڵئاوایی كردن زۆربەی گەشتیارەكانیش لەسەر بانی پاپۆڕەكە وەستا بوون، بۆ هەمان مەبەست. كە پاپۆڕەكە دەستی بە ڕۆشتن كرد دەست وەشان و بای بای لە هەموو لاوە دەستی پێكرد. دیمەنێكی خۆش و ناخۆش بوو، ڕاستیەكەی بەزەیم بە خۆمدا هاتەوە، خۆم بە نامۆ و بێكەس دەهاتە پێش چاو، چونكە لە دوورەوەش كەسێك نەبوو پێم بڵیٚ بای بای. پاپۆڕەكە بە نزیك كۆتەڵی ئازادی تێپەڕی، تەلار و باڵەخانە بڵندەكانی نیویۆرك بەرە بەرە دوور دەكەوتنەوە، تا ئەو ڕادەیەی بە هەزار حاڵ تەلارە

بڵندەکەی( ئیمپایەر ستێت )مان دەدیت، ئەم تەلارە لەم سەردەمەدا بڵندترین تەلار بوو، سەد نهۆم بوو. کۆمەڵێك ئەنتێنەی هەوای بۆ ئێستگەکانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕاگەیاندن لەسەر بورجەکەی چەقێندرابوو. پاپۆڕەکە شەو گەشتە شاری ( بۆستن)، لە ژوورەکەم پاڵم دابۆوە خەریکی ڕۆژنامە خوێندنەوە بووم ، لە دەرگای ژوورەکەم درا، کاتێك فەرمووم کرد ، پیاوێکی تەمەن چل ساڵ ڕێك و پێك و پۆشتە و پەرداخ سڵاوی لێکردم و خۆی بە من ناساند : (د.هیگنز). منیش تۆقەم لەگەڵ کرد و گووتم : منیش تاهیر ساڵح و خەڵکی عیراقم و کوردم بە گەرمی بەخێرهاتنم کرد. وا دیار بوو ژوورەکانی ئەم نهۆمەی پاپۆڕەکە تەنیا دوو قەرەوێڵەیی بوون. من و ئەو بەر یەك ژوور کەوتبووین، د.هیگنز گوتی : خێزانم لەگەڵ کوڕێکی هەشت ساڵیم لەگەڵم دایە، ئەوان لە ژوورەکەی تەنیشتمانن..، د. هیگنز پزیشکی مرۆی لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی شاری بۆستن. بۆ گەشت و گوزار دەچوون بۆ ئیتاڵیا، بەم جۆرە بۆ ماوەیەکی کاتی هاوژوورم بوو (ROOMMATE)

تەختەیەکی ڕەشی گەورە لە نزیك پرسگەی پاپۆڕەکە هەڵواسرابوو، گشت زانیاریەکی تێدا بوو، کە پێوەندی هەبوو بە کات و ساتی نان خواردنی ژەمەکان، ناوی فلیمی ڕۆژانە لە سینەمایەکەی، وتار و کۆڕەکان، کاتی ئاواز و مۆسیقا، هەروەها کاتی کردنەوە و داخستنی بارەکەی... هتد کاپتنی پاپۆڕەکە لەگەڵ دوو یاریدەدەری لە هۆڵی شانۆ گوتەیەکی پێشکەش کرد وێڕای بەخێرهاتنی سەرجەم گەشتیارەکان هیوای گەشتێکی خۆشی و سەلامەتی بۆ خواستن کە بەمەزندەی من کە نزیکەی سێ سەد کەس دەبووین. بەکورتیش باسی (پاپۆڕی سەتۆرینای) کرد، کە هێڵەکەی لە نێوان نیویۆرك و ناپۆلی یە. ئامۆژگاریشی کردین، کە بەگوێرەی ئەو نامیلکەی پێشکەشمان کراوە ڕەفتار و هەڵسوکەوت بکەین. هەروها کاپتن ئاگاداری کردین کە لە شەپۆلی دەریای ئەتڵەسی نەشڵەژێین و ئارام بین. دوای ئەوە تیپی مۆسیقا دەستی بە چەندین ئاواز و گۆرانی هەمەجۆر کرد لە نێوان سەمای خەڵك ئاهەنگ تا یەکی شەو بەردەوام بوو . لە چێشتخانەی پاپۆڕەکە من و ئافرەتێك و دوو پیاو ، کە تەمەنیان لە پەنجا ساڵ تێپەڕ کردبوو ، لەسەر یەك مێز خەریکی نان خواردن بووین . هەر سێکیان ئەمەریکی بوون بەڵام بە ڕەچەڵەك ئیتاڵی بوون و بۆ سەردانی کەس و کاریان بۆ ئیتاڵیا گەشتیان دەکرد . هەر چەند بە ئینگلیزی گفتوگۆیان دەکرد ، بەڵام ئینگلیزیەکەیان باش نەبوو ، لە چێشخانەکە تا بڵێی جۆری خواردن و سەڵاتەکانیان باش و خاوێن و پاك بوو ، ئەو کاتە من جاحێڵ بووم تەندروستیم

لەو پەڕی باشیدا بوو ، کێشم 59 کیلۆ گرام بوو ، جل و بەرگم باش و پۆشتە بوو ، پارە و پولیشم هەبوو ، بۆیە خواردنێکی باشم دەخوارد ، کورد گوتەنی: پڕ بەزگم نەم دەزانی سەر ئێشە ، ڕشانەوە ، یان سەر سوڕانی دەریا چیە ؟ پاپۆڕەکە لە نێوان شاری نێویۆرك و شاری لیشبۆنە لە پرتوگال بوو ، من و چەند کەسێك دەمان دیت چەند فەرمانبەرێکی پاپۆڕەکە خەریکن دەرگای سەربانی پاپۆڕەکە دادەخەن ، گوریسی ئەستور و درێژ دەکەن و دەیبەستن لە دالانی پاپۆڕەکە . هەر وەها چەرچەفی زیادە تەڕ دەکەن و دەیگوشن ، ئەوجا لەسەر مێزەکانی نان خواردن دادەنێن ، لە چێشتخانەش چاکێتی مەتاتی لە شوێنی تایبەت دادەنێن گوێمان لە دەنگی کاپتنەکە بوو لە ڕێگای بلند گۆکانەوە دەیگووت : بەڕێزان پێویستە ئاگادارتان بکەم ، کە شەپۆلی دەریا لە بەرز بووندایە 30 کم ، تکایە زۆر هاتووچۆ مەکەن و باشتر وایە لە ژووری خۆتان بن ، یان دەست بگرن بەم گوریسانەی ، کە ئامادە کراوە . ئێمە بیرمان لە هەموو شتێك کردۆتەوە تکایە مەشلەژێن ، مەترسن ، ئارامتان هەبێ . من و ستافەکەم چەندین جار ڕووداوی وامان بینیوە و شارەزای چاکمان هەیە ، بۆیە دلنیا بن هەموو شتێك لە ژێر کۆنترۆڵ دایە ئەمجارەش لەم ئەزموونە دەردەچین ، ئێمە هەردەم لە خزمەتی ئێوە داین ، کاپتن خێرای پاپۆڕەکەی کەم کردەوە ، شەپۆلی دەریاکە تا نزیکتر دەبوینەوە بەرزتر دەبووەوە پاپۆڕەکەی زیاتر دەهەژاند. جارێك بۆ ئەو تەنیشت و جارێك بۆ لایەکەی دی . هەندێك جاریش لوزی بلند دەبوو ، ئەو کەسانەی ، کە بەتەمەن بوون دیار بوو زۆر دەترسان ، بۆیە هەر خەریکی نزا و پاڕانەوە و نوێژیان دەکرد و شەهادەی بە مەسیحیانەیان دەهێنا ، کاتێ دەستیان لەسەر سنگیان دادەنا و خاچیان دەکرد ، زۆربەیان دەرشانەوە و ڕەنگیان دەگۆڕا . ئەو کاتە لە دلی خۆمدا دەمگووت: ئێستا دەزانم ، ژیان چەند شیرینە، ئازیزە ، خۆشە . پیرەکانیش حەز دەکەن سەد سالیش بژین .....

من وەك نەبام دیبێ نە باران نە دەترسام ، نە سەرم دەسوڕا و نە دەرشامەوە ، دەستیشم بە گوریسەکان نە دەگرت دەچووم بۆ چێشخانەکە لە کاتی خۆی نان خواردن ، کەم کەس لەوێ بوون . قاپ و کەوچك و چنگاڵ و پەرداخ بەدەگمەن . کە لەماوەی نیو کات لەسەر مێزەکان گلۆر نە دەبوونەوە . ئێمەش هەموومان وەك یەکێکی سەرخۆش ، کە ترەنگی لێوە دەهات لە کاتی ڕۆیشتن بەلادا دەچووین . کات (دەی شەو) کاپتن ئاگاداری کردین ، کە لەماوەی نیو کاتژمێری دیکە دا شەپۆلی دەریا نزم دەبێتەوە و ڕزگارمان دەبێ.

# پا پۆری سەتۆرینیا و بتڵێك شەمپانیا

تایەر ئیسماعیل ساڵح
بەشی دووەم

گۆڤاری کەکۆن (ژمارە 2 ، ل22 )
( ئازاری ،2009 )

ڕۆژی دواتر ڕیکلامێك لەسەر تەختە ڕەشەکە نوسرابوو : "ئەم شەو لەکاتژمێر هەشتی ئێوارەدا ئاهەنگێك لەهۆڵی شانۆ ئەنجام دەدرێت بەناوی پێشبڕکێ ی جل و بەرگی عەنتیکەو سەیرو سەمەرەو ڕەنگاوڕەنگ،کەپێی دەگوترێ( Fancy Dress Party )ئەو ئاهەنگە بۆتە نەریتێك لەناوپاپۆڕی سەتۆرینیا،لەهەرگەشتێکدا ئەنجام دەدرێ.هەمووسەرنشینانی ئەو پاپۆرە بۆیان هەیە بەشداری ئەو پێشبڕکێ بکەن ، بۆتۆمارکردنی ناوی خۆیان لە پرسگە.

لە دڵی خۆم گوتم : تایەر ئەمە باشترین هەلە بۆئەوەی جلوبەرگی کوردی لەبەر بکەم ، بەڵام جلە کوردیەکانم لەناو جانتایە ، جانتاش لەبنەبانی خوارەوەی پاپۆرەکە ، ئەویش داخراوەو ڕەزامەندی کارگێرانی پاپۆری دەوێ . چووم بۆ پرسگەو کابرام حاڵی کرد . ئەویش یەکێکی لەگەڵ ناردم و بەقادرمە چوینە خوارەوە . جانتام کردەوە . بەرگی کوردەواریم دەرهێنا ڕانك و چۆغە و پشتێن و جەمەدانی و کڵاو و کڵاشی سپی هەورامی . بیرم کردەوە جلی کوردی بێ خەنجەری کوردی کەم و کوری تێدا دەبێ ، بۆیە چووم بۆ چێشتخانەکە و ئامێری دارتاشیم وەرگرت لەگەڵ پارچە تەختەیەك . بەقەڵەم نیگاری خەنجەرێکی 30 سانتیمەتری ڕێك وپێکم دروست کرد ، ئەنجا بە مشار و مەورەتەکە دارەکەم جوان و ڕێك کرد خەنجەری بێ کالان  گەر یەکێك لە دوورەوە بیدیتبا ، وای دەزانی خەنجەری بەڕاستیە(تەماشای وێنەکە بکە)لەکاتژمێرحەوت و نیوی ئێوارە بەشداربووان لەپێشبڕکێیەکە هەموو ئامادەبوین و لەپشتی پەردەی شانۆ وەستابووین ، هەر ئەوکاتە بەو جلوبەرگانەوە یەکترمان دیت . لەهەشتی تەواو پێشکەش کاری بەرنامەکە وتارێکی کورت و پرچێژی بەم بۆنەیەوە دا . لەجێگایەکی تایبەت ئامێرێکی وەك کاتژمێر ، کە پەلیکێکی دیاری تێدابوو تۆماری هاوارو چەپڵەی جەماوەری دەکرد ، تا چەپڵە و هەرایەکە زۆرترو بەهێزتر بوایە ، ئاستی پەلیکەکە زۆرتر هەڵدەستا . دوایی چەند کەس وتیمێك هاتنە سەر شانۆ ناوی من خوێندرایەوە . کە هاتمە سەرشانۆ خەنجەرە دارەکەم لەپشتێنم دەرهێنا و بەدەستی ڕاستم لەرێکم پێکرد و خولێکم لەسەر شانۆکەدا . جەماوەردەستیان بەچەپڵەلێدان و هاوارکرد، بۆ ئەوەی زۆرتر چەپڵەم بۆ لێبدەن ، دوبارە خولێکی دیکەم دا ، زیاتر هاوار و چەپڵەم گوێ لێ بوو . پەلیکەکەش زیاتر بەرز دەبۆوە و ئاستێکی

بەرزتری تۆمار دەکرد . دوای من دایکێك و کوڕو کچەکەی بانگکران بۆسەر شانۆ . هەرسێکیان کراسێکیان درووبوو . دروشم و ئالاَی پاپۆرەکەیان لەسەر کراسەکە نەخشاندبوو . ئەوجا هەرسێکیان لەسەر ئەژنۆ دانیشتن . لەبەر ئەوەی زۆربەی جەماوەر بەڕەچەلَەك ئیتالَی بوون ، بەلاَم ڕەگەزنامەی ئەمریکیان هەبوو ، پاپۆریش هەم ئیتالَی بوو . بۆیە هەستی ئەوانی جولاَند و کەوتنە چەپلَە لێدان و هاوارێکی زۆرو بەشێوەیەك پەلێکی ئامێرەکە گەیشتە ئەوپەری .
دوای هەموو بەشداربووان بانگ کران ، کاتی دابەش کردنی خەلاَتەکان هات ، کە سێ خەلاَت بوو . خەلاَتی یەکەم بۆ دایك و کور و کچەکەی بوو ، دووەم من بووم ، خەلاَتەکەش بریتی بوو لە بتلێك شەمپانیا . خەلاَتی سێ یەم بۆ سێ ژن بوون . یەکێکیان چاویلکەیەکی ڕەشی لە چاو کردووە و پەرتزکێکی بەدەستەوەیە لەسەری نوسراوە "ئەوروپا، ڕۆژێك بە پێنج دۆلارانە " بەنوستن و خواردنەوە . دوای ئێمە هەموومان لەسەر شانۆیەکە وێنەیەکمان گرت و هاتینە خوارەوە . وا ڕێکەوت من لەسەر کورسییەکی بەتالَ لەتەنیشت ژنێك و کچە تەمەن بیست سالَیەکەی دانیشتم ، ژنەکە پیرۆزبای وەرگرتنی خەلاَتەکەی لێکردم و پرسیاری جل و بەرگە کوردیەکەی لێکردم ، وەهەروەها چەندین پرسیاری دیکەی ئاراستەی کردم، دیاربوو خۆشحالَ بوو بەم جۆرە ڤیستیڤالَ و جل و بەرگە عەنتیکانە . ڕوم لەکچە جوانەکە کردو گوتم: زۆر خۆشحالَ دەبم ئەگەر ڕازیبیت شەمپانیاکە پێکەوە نۆش بکەین!" کچەکە تەمەشایەکی دیکەی کرد و وەلاَمی نەبوو، دایکەکە گوتی: ئێمە ڕازین بەمەرجێك بەشداری بکەم. منیش گوتم: باشە مایەی خۆشیمە ، چووم بۆلای بارەکە و سێ پەرداخم وەرگرت . فەرمووم لێکردن بۆ بانی پاپۆرەکە لەوێ تیپی مۆسیقای پاپۆرەکە ئاوازو گۆرانی بەسۆزی لێدەدا تا ئەو کاتەش هەر جلی کوردیم لەبەر بوو . لەسەر بانەکە کەش و هەوایەکی یەکجار ڕۆمانسی هەبوو . مانگە شەوێکی خۆش بوو ، تریفکەی لەئاوی دەریا دەدرەوشایەوە ، ئاواز و گۆرانیش جۆش و خرۆشی زێدە کردبوو . لەو دیمەنە جوانەدا پێکم پڕ شەمپانیا کرد و گوتمان: ..چریو چریو!!! هەر تێکەو فرکە تا دوا دلۆپمان نۆش کرد شەویش گەیشتبووە نیوەکەی و کاتێکی خۆشمان بەسەر برد خوا حافیزیمان لێکردن و گەڕامەوە ژوورەکەی خۆم . د. هیگینز هێشتا نەنوستبوو . خۆشحالَی خۆی بۆ ئەو بەرگەی لە بەرم دایە دەربڕی بۆ ماوەی نیو سعاتێکیش باسی کورد و کوردستان و عێراقمان کرد. لەو ماوەی لەگەلَ د. هیگینز هاوژوور بووین زانیاریەکی باشم پێشکەش دەربارەی ڕۆژهەلاَت بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی . هەستم کرد زۆربەی ئەمریکیەکان زانیاری کەمیان هەبوو دەربارەی میللەت و ولاَتانی جیهان . هەندێکیان هەر ناوی عێراقیشیان نەبیستبوو . ڕۆژی پاشتر پاپۆرەکە گەیشتە بەندەری (لەشبونە) . من و یەکێکی دی بەپێ بەسەر بەرزترین گردی لەشبونە کەوتین ،

لەوێەوە هەموو شارەکەو بەندەر و دەریامان لەبەرچاو بوو . شەوێك لە لەشبونەماینەوە ، بۆ بەیانی پاپۆر بەرەو دەربەندی چیای تاریق بەڕێکەوت . پێش ئەوەی بگەینە دەربەندەکە پاشماوەی خۆراکی چەند رۆژە لە پاشەڵی پاپۆرەکە فرێدرا ناو دەریا . بەسەدان ماسی دۆلفین (Dolphin) بەدوای پاپۆرەکە دەکەوتن و رایان دەکردو بازیان دەدا و بەدوای خواردن دەگەڕان ، دیمەنێکی زۆر جوانی هەبوو ، کە ئەستەمە لەبیری بکەم ، پاپۆرەکە لە دەربەندی چیای تاریق کاتژمێرێك مایەوە ،ئینجا بەرەو بەندەری (بەرشلونە)ی ئیسپانیا بەرێکەوت . ئێواریەکی درەنگ گەیشتە بەرشلونە ، شەو لەوێ ماینەوە . ئێستا ئێمە لەناو دەریای سپی ناوەڕاستین ئاوی دەریا شیلەتێنە ، تینی تیشکی ڕۆژ مام ناوەنجی گەرمە، گۆمی مەلەوانی لەپاپۆرەکە پرکراوە لەئاوی دەریا . پاپۆرەکە ڕووی لەرێگا و دەربەندی نێوان دورگەی کۆرسیکا و ساردینا دەکات ، مەلەوانی خۆشە لەم کەش و هەوایەدا . من و چەند کەسێکی دی بۆماوەی چوار سەعات مەلەمان کرد ئەوەندە برسی بووم ، کەچووم بۆ چێشتخانەکە بۆ نان خواردن هەرگیز تێر نەدەبووم ، بۆیە هەمیشە خەریکی خواردنی هەمە جۆر بووم پاپۆر لەبەندەرەکە ڕزگاری بوو ڕووی کردە ڕۆژهەڵات بەرەو بەندەری (ناپۆلی) لەئیتالیا ئەم بەندەرە دوا وێستگەی لەنگەر گرتنی (سەتۆرینایە) کاتی پاشنیوەرۆ گەیشتینە ناپۆلی کوڕێکی میسریم لەگەڵ دابوو ئۆتۆمبیلێکی شۆفرلیتی لەگەڵ خۆی هێنابوو جانتایەکانم حەوالەکرد بۆ بەندەری بریندیزی پارەم داو بلیتم وەرگرت هەربە ئۆتۆمبیلی برادەرە میسریەکە چوینە پەنسوینێك من دوو شەوان لەناپۆلی مامەوە کەبەیانی هەڵساین تەماشای ئۆتۆمبیلەکەمان کرد ئەوەندە سپی و خۆڵاوی کرابوو بەپەنجا لەجامەکەی نوسرابوو (ئەمریکی ناشیرن) ناچار هەردووکمان خاوێنمان کردەوە ، ئینجا سوار بووین بۆ پیاسەکردنی بەناو شاری ناپۆلی بلیتی شەمەندەفەرم بڕی و چوومە شارۆچکە جوانەکەی ( بریندزی ) کەبەندەرێکی ئیتالیایە لەسەر دەریای ئەدریا تا یەکی شەو لەپەنسیونێکی چکۆڵانە مامەوە بۆ بەیانی چوومە بەندەرەکە ، جانتایەکانم وەرگرتەوە لە ڕۆژی 1963/6/27 پۆلیسی تایبەتی بەندەرەکە داوای لێکردم ، کە جانتایەکانم بکەمەوە بۆ پشکنین . بە پۆلیسەکەم گوت بڕوابکە هەموو کتێبن . بەڵام بێسوود بوو ناچار لەسەر داوای پۆلیس جانتاکانم کردەوە ، بینی زۆربەیان پەرتووکن . ئەوجا جانتاکانم ڕەوانەی عەمباری پاپۆرێکی دیکەی ئیتاڵی کرد بەناوی ( ئۆزۆنیا ) . ئەو پاپۆرە نوێ تر ، ڕێك و پێك تر بوو ، ژوورەکانیشی خاوێن و باوێن بوو گۆمی مەلەو چێشتخانەو بارو شانۆی زۆر باش بوو . لەناو پاپۆرەکە خەڵکێکی زۆر هەبوون ، ناسیاویم لەگەڵ چەند کەسێك پەیدا کرد ، بەتایبەتی لەگەڵ دایك و کوڕێك دەگەڕانەوە ماڵی خۆیان لە بەیروت / لوبنان . دایکەکە ناوی " ساگی " و کوڕەکەشی " چارلی " بوو . پاپۆڕی ( ئۆزۆنیا )

بەرەو بەندەری " ئەسكەندەریە " لەمیسر بەڕێكەوت . شەوەكە بە ڕێگاوە بووین و بەیانیەكەی گەیشتینە ئەسكەندەریە . شەو و ڕۆژێك لەوێ بووین ، دوایی پاپۆر ئاڕاستەی گۆری بۆ بەندەری بەیروت . شەو لە ڕێگا بەیانیەكی درەنگ گەیشتینە ئەوێ " سالی و چارڵی " ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆنی خۆیانیان پێدام ، داوایان لێكردم سەردانیان بكەم . منیش گفتم پێدان و ماڵئاوایی كاتیمان لەیەك كرد . بە تاكسیەك چووم بۆ هوتێلێكی نزیك بەندەرەكە . سێ شەوان لەوێ مامەوە دوایی چووم بۆ زانكۆی ئەمریكی و چاوم كەوت بە بەرپرسێكی بەشی ناوخۆیی ڕێكەوتین كە 5 شەو لە یەكێك لەبەشە ناوخۆییەكان بمێنمەوە بە چوار دۆلار ، كەچی 15 شەو مامەوە ، هەر بەچوار دۆلارەكە ، تەلاری بەشە ناوخۆییەكانی خوێندكاران لە شوێنێكی دلگیر و بەرز بوو ، هەروەها دەیڕوانییە سەر دەریا و پاپۆرەكان . هەر لەو زانكۆیە ناسیاویم لەگەڵ ( عوسمان قادر فاتەكە ، فاروق كەركوكی و ڕەفیق سەفوەت ) پەیدا كرد ، كە خوێندكاران لەزانكۆی ئەمریكی لوبنانی ... لە ئایندەیەكی نزیكدا یادو بیرەوەری خۆم لەچیابەرزەكانی دەنوسمەوە ، بە تایبەتی گفتوگۆم لەگەڵ مامە قەشەی كلێسای بن دارە پیرەكانی ئەرزی لوبنانی . چاوپێكەوتنم لە گەڵ شوانێكی ناو قەد پاڵی چیاكانی ئەوێ . هەروەها چاوپێكەوتنم لە گەڵ پەیامنێری ئەوساكەی ڕۆژنامەی نیۆرك تایمس ( دانا ئادەم شمیدز) لەماڵی خۆی لەبەیروت بە ئامادەبوونی فاروق كەركوكی . دانا ئادەم كتیبێكی هەیە لەسەر كورد بە ناوی(گەشتێك لەنێوان پیاوانی ئازادا) هەروەها سەردانی ماڵی (سالی و كوڕەكەی چارڵی) لە بەیروت ..

# داری سکوایا جایگەنتیا بەتەمەنترین و درێژترین و گەورەترین داری جیهان

**(تایەر ئیسماعیل سالّح) پسپۆری شارەزای دارستان.** **گۆڤاری کەکۆن(ژمارە21 ل18)**
**(ئایاری 2012)**

ڕوتبەی ئەم دارە (CONIFERALE) یە، لە خێزانی (TAXODIACEAE) ڕەگەزەکەی (SEQUOIA) و ناوی زانستی (SEQUOIA GIGANTEA). لە ناو خەڵکیش بە ( BIG TREE) ناسراوە واتە داری گەورە. ئەم دارە لە چیای سیارا لە پارکی نشتیمانی یۆسەمین و هەروەها پارکی نیشتمانی سکوایا لە هەرێمی کالیفۆرنیا دەروێت. بە هەزاران لەو دارە فیلەتەنانە لە بڵندایی دوو هەزار و پێنج سەد مەتر لە ئاستی دەریاوە دەژییێت. گەلێك لەم دارانە تەمەنیان گەیشتۆتە چوار هەزار ساڵ زێتر و کێشیان لە هەزار تەن تا شەش هەزار تەن تێپەر دەکات. بڵندیان یان باشترە بڵێم درێژیان دەگاتە هەشتا مەتر. دارە گەورەکەی جەنەراڵ شیرمان لەم چیایە، کە زێتر مەبەستی منە چەندین جار بۆ لێکۆڵینەوە و پیاسەکردن سەردانیم کردووە کێشی دەگاتە شەش هەزار تەن و تیرەکەی دوانزدە مەترە و بڵندایی 85 مەترە.
داری ناوبراو بە قەد تاقێك ، کە ئۆتۆمبیلێکی بچوك پێیدا گوزەر دەکا کون کراوە، وەك لە وێنەکە دەیبینن، ئەمەش بۆتە هەوارگەیەکی گەشتیاری، یان شوێنێکی سەرنجراکێش بۆ گەشتیاران، ڕۆژانە چەندین ئۆتۆمبیل و سەرنشینانی بەوێدا تێدەپەڕن و وێنەی دەگرن و لێدەگرن.
ئەوەی شایانی باسە تۆی ئەو دارە زەبەلاحە بە قەد دنکە نیسکێکە، هەر 85 هەزاری ئەوجا دەکاتە یەك کیلۆ ئەوەش جێگای سەرسورمان و کاری بە توانای پەروەردگارە ، جگە لەوەش بە دەگمەن دووچاری نەخۆشی دەبێت و بە شێوەیەکی گشتی دارێکی سپ و ساغە. زانکۆی کالیفۆرنیا لە بیرکلی(75) دۆنمی، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە و تۆژینەوە لەم دارستانە هەیە.
لە لایەکی دیکەوە دەبێ ئەوەش بگوترێ لە ڕەچەڵەکدا لە خێزانی دار کاژە(سنەوبەر) و بە شێوەی مەخروتی هەڵدەکشێ. لە بن هەر حرشوفێکی دوو دنکە تۆی هەیە. دارێکی دیکە هەیە هاوچەشنی ئەم دارەیە و لە هەمان خێزانە بە ناوی زانستی (SEQUOIA SEMPERVIRENS) و ناوی میللی(RED WOOD) واتە دارە سورەکە، یان کوردی ترە بڵێم سورە دار. ئەم جۆرە دارانە لە باکوری شاری سانفرانسیسکۆ لەو هەرێمی کالیفۆرنیا دەڕوێت بە درێژایی720 کم بەرەو باکور و بە

پانی25کم هاوتەریب لەگەڵ زەریای هێمن، تا نزیکی باشوری هەرێمی ئۆریگۆن بەدی دەکرێ.
کەشوهەوای ئەم ناوچەیە بە باران و تەماوییە، گەلێك لەم دارانە بڵندیان دەگاتە(90) مەترو تەمەنیشیان لە (1500) تا(2900) ساڵە ، هەر هەمان زانکۆ( زانکۆی کالیفۆرنیا) 90 دۆنمی لەم دارستانە هەیە بۆ تۆژینەوەی زانستی دارستانی، بەڵام زۆربەیان موڵکی خەڵکن.
ئەوەی مەبەستم بوو لەم نووسینە، ئەوەیە، کە حکومەت و زانکۆکانی ڕۆژئاوا گرنگییەکی زۆر دەدەن بە دارستان و خزمەتیان دەکەن ، من بەش بە حاڵی خۆم هەوڵێکی زۆرمدا دوای ئەوەی دۆنمێك زەویم لە خوارزای خۆم رەهبەر سەید برایم پێبەخشرا، ئەو تۆیە لە ئەمریکاوە بهێنم بۆ ناوچەی چنارۆکی کۆییان، بۆ ئەم مەبەستەش پێوەندیم بە چەندین ڕێکخراوی کشتوکاڵی کوردستانی و بیانی کرد، بە تایبەتی ڕێگخراوی (فاو)، کە هاوکارم بن بۆ پەیداکردنی ئەو تۆیە و دابینکردنی بیرێك، بەڵام بەدەنگمەوە نەهاتن بە ئاوات بووم، وەك عاشقی دار و دارستان بۆ نەوەکانی دوای خۆمان دارستانێك لە داری نایاب لەو دۆنمە بڕوێنم، بە تایبەتی ئەو دارە، کە بەدەگمەن تووشی نەخۆشی و فەوتان دەبێ. هیوادارم زانکۆی کۆیە و بەشی دارستانەکەی لە فەکەڵتی زانستی چەند دۆنمێك دارستان لە نزیك خۆیانەوە قۆرخ بکەن و تۆژینەوەی جددی بکەن لە سەر دارەکانی دەوروبەری کۆیە، هەروەها گوڵ و ڕووەکەکانی.

سەرچاوە:

1–لێکۆڵینەوەی مەیدانیم لە تەموزی 1960 سەبارەت بەو دارە، ئەو کاتەی خوێندکاری زانکۆ بووم لە ئەمریکا.

**P191 ، TEXTBOOK OF DENDROLOGY،HALOW AND HARRAR–2**

**1950، DCGRAM-HIL،TO203**

# گوڵ بژێرێك له بیرەوەریەكانم

**تاهیر ئیسماعیل ساڵح** **گۆڤاری كەكۆن** ( **ژمارە 25 ، ل**13 )
**ساڵی**2013

له ساڵی 1948 ساڵح جەبر سەرۆك وەزیرانی ئەوساكەی عێراق ، گفتووگۆی لەگەڵ بریتانیا كرد بوو بۆ بەستنی پەیمانێك ، كه دوای به پەیمانی *پۆرتسموس ناسرابوو . گفتوگۆكانی هەردوو وڵات گەیشتبووه مۆر كردن . هەر چەند دەوڵەتی عێراق لاری نەبوو له پەیمانەكه بەڵام سەرجەم لایەن و ڕای گشتی عێراقییەكان به پێچەوانه بوو ، به تایبەت حیزبه سیاسیەكان . وەك پارتی دیموكراتی كورد ، حیزبی شویعی ، حیزبی شەعب ، كه عەزیز شەریف سەرۆكی بوو ، ئەم بەڕێزه پاڵپشتی كێشەی كوردی دەكرد ، هەروەها حیزبی دیموكراتی نیشتیمانی ، كه سەرۆكەكەی كامل جادرچی بوو . زۆربەی ڕۆشنبیر و كەسایەتی زانكۆ و پەیمانگاكان به تایبەتی خوێندكارانی كۆلێژی یاسا، لەگەڵ جەماوەرێكی زۆری عێراق دژی مۆر كردنی ئەو پەیماننامه بوون ، كه پێیان وابوو عێراق زێتر به ئیمپریالیزمی بەریتانیاوه دەبەستێتەوه ، ئەو كاته خەبات كۆشش دەكرا بۆ به دەس هێنانی سەروەری تەواوی عێراق ، بۆ ڕێگەگرتن دژی پەیمانەكه بڕیاریاندا خۆپیشاندانێك ساز بكەن له كانوونی دووەمی ساڵی 1948 . ڕێپێوان و خۆپیشاندان له گۆڕەپانی ( باب ئەلموعەزم) ەوه دەستی پێكرد . له شەقامی ڕەشید گوزەری كرد تا گۆڕەپانی ئەلتەحریر بەشداربووان چەند دروشم و نووسینیان هەڵگرتبوو هێمنانه بوو له گۆڕەپانی (ئەلتەحریر) سەرۆك حیزب و لایەنه سیاسیەكان وتاری كورت و پڕ واتایان خوێندەوه دوای ئەوه خۆپیشاندەران ، كه زۆربەیان خوێندكار بوون بەرەو كۆشكی شاهانه بەڕێكەوتن لەوێ له گۆڕەپانی كۆشك لەگەڵ سەرۆك حیزبەكان گردبوونەوه و یاداشت و سكاڵای خۆیان دا به سەرۆكی دیوانی شاهانه.

دوای ئەوەی بڵاوەیان به خۆپیشاندان كرد . خوێندكارانی كۆلێژی یاسا ڕۆڵێكی تایبەتیان هەبوو . له بیرمه كاكی كاكان عومەر مستەفا . دادپەروەر بەكر ئیسماعیل و عومەره سوور . كه هەرسێكیان كۆیی بوون و لەگەڵ سدقی ناوێكی خەڵكی دهۆك و هەندێكی دیكه خەڵكی سولێمانی ، ئامێدی ، زاخۆ ، كەركووك ، هەولێر ، كه به داخەوه ناویانم بیر نەماوه ، ئەوانه هەموویان چالاك و ژیر و بەركەتی بوون لەم خۆپیشاندانه . بۆ ئەوەی فشار بخەنه سەر حكومەتەكەی ساڵح جەبر ، بۆ ئەوەی پەیمانەكه مۆر نەكرێ ، چالاكی جەماوەریانه بەردەوام بوو ، بەشێوەیەك كار و كاسبی و دەوامی

قوتابخانەکان و کۆلێژەکانی زانکۆی بەغدا و کاری وەزارەتەکان سستی بە خۆیەوە بینی بوو ، یان ڕاوەستابوو . بەندە ئەوکات لە ناوەندی دووی کشتوکاڵ بووم لە ئەبوغرێب ، کە دەکەوێتە ڕۆژ ئاوای بەغدا ، ئێمەش وەکو هەموو خوێندکارانی دیکە سواری لۆری یان پاست دەبووین و دەهاتینەوە (بابئەلموعەزم) بۆ خۆپیشاندان . تەنها جارێك چوینە گۆڕەپانی کۆشکی شاهانە لە (ئەعزەمییە) ،دوو خوێندکارمان ئەوانیش سکاڵایان پێشکەشی سەرۆکی دیوانی شاهانە کرد . دوای ئەو چالاکیە جەماوەریانە ، سەرۆك وەزیران ساڵح جەبر ، لەگەڵ وەزیرکان ، کە ژمارەیان دە یان یانزە دەبوون ، کۆبوونەوە و بڕیاریاندا ، کە هەموو کۆلێژ و قوتابخانەکان دابخرێت و گشت قوتابییانی دەرەوەی بەغدا بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان . ئەو بڕیارەش لە مانگی شوباتی 1948 دەرچوو . من و جەبار محمەد ئەمین ، حەمید حەوێز کۆیی بوین لە ناوەندی کشتوکاڵ ، هەر یەکە دینار و روبعێکیان داینێ ، کە لە ژمێریاری قوتابخانەکەمان وەرمان گرت ، بۆ ئەوەی بەو بڕە پارەیە بە شەمەندەفەر بگەڕێینەوە کۆیە . ئەوەی شایەنی باسە قوتابخانەی ناوەندی کشتوکاڵ لە ئەبوغرێب قوتابخانەی مامۆستایان لە ئەعزەمییەی بەغدا تەنها قوتابخانە بوون لە هەموو عێراق . هەردوو قوتابخانەی بەشی ناوخۆییە بە خواردن و نوستنەوە بوو . کە بە خۆڕایبوو . باش و ڕێك و پێك بوو . بۆ ئێمە ، کە لە خێزانێکی هەژار و کەمدەرامەت بووین ، من و جەبار محەمەد ئەمین (برای وەستا ستاری چایەچی ) لەگەڵ حەمید حەوێز 150 فلسمان دا بە عەرەبانچیەك تاکو بمانگەیەنێتە وێستگەی شەمەندەفەر لە بەغدا . هەریەکەشمان 300 فلسمان دا بۆ بلیتی شەمەندەفەر تا کەرکووك . لەناو شەمەندەفەر خوێندکار زۆر بوون بە درێژای شەو بە چەپڵەڕێزان و گۆرانی کاتەکەمان بەڕێ کرد . لە کاتژمێر هەشتی بەیانی گەشتینە کەرکووك . لەوێش بە 150 فلس گەشتینە گەراجی کۆیە . من کە دینار و روبعێکم وەرگرتبوو ، خۆشم 150 فلسم پێ بوو ، کۆی پارەکەم کردیە دینارێك و چوارسەد فلس . یەك دینار هەزار فلس بوو ، 20 پەنجای بوو ، 100 دەفلسی بوو ، 250 عانە بوو ، پاسێك لە گەراجی کۆیە لە کەرکووك ئامادە بوو ، دەچووە کۆیە . 750فلسم دا کرێی پاسەکە و بەرەو کۆیە بەڕێکەوتین گەیشتینە نزیك تەقتەق لە دەشتی قەرناوی زێی کۆیە هاژە و لرفەی دەهات ئەو ناوەی پڕ ئاو کردبوو . بارانیش بەردەوام بوو . قەیاغەکە لەو بەری تەق تەق هات . قەیاغەوان لە دووری 50-70مەتر هاواری کرد و پێ ی ڕاگەیاندین . کە قەیاغەکە لەوە زێتر ناگاتە لای ئێمە . باوکم سمایلە سوری دارتاش . جانتایەکی داری بۆ دروست کرد بووم (50-30) سم بوو لەسەر شانم دانا و بەناو ئاوی تەنکاو بەرەو قەیاغەکە ڕۆیشتم . سواری قەیاغەکە بووین (ئەو کاتە پردی تەق تەق دروست نەکرابوو ) شاڵاوی باو بارانێکی توند هەراسانی کردبووین ، حەمید حەوێز بەتانیەکی

پێ بوو ، با بەهێزەکە بەتانیەکەی فڕێ دایە ناو زێ ، حەمید بە جلوبەرگەوە خۆی هاویشتە ناو ئاو و بەتانیەکەی گرتەوە ، ئێمە هەمووومان سەرمان سووڕما ، قەیاغەوان قەیاغەکەی ئارام کردەوە ، تا حەمید نزیك بووەوە ، ئێمەش بە هۆی پشتێنێك ، کە بۆمان هەڵدا توانیمان ڕایبکێشین و دەستمان گرت و بەسەر قەیاغەکەمان خست ، بەڵام دوای هەر هەمووومان لۆمەمان کرد ، لەو کارە مەترسی دارەی کرد بوی بۆ بەتانیەکە ، بە جلی تەڕەوە گەیشتینە تەق تەق . لە چایخانەیەك دانیشتینم ، تا خۆمان گەرم بکەینەوە و چایەکی گەرم بخۆینەوە و نان و ماستێکیش بخۆین . هیچ پاسێك نەبوو بەرەو کۆیە ، بۆیە بڕیار درا وڵاغ بەکرێ بگیرێ . کرێی وڵاغیش لە نێوان 500-600فلس بوو . من لەو پارەی هەمبوو 1200 فلسم سەرف کرد بوو ، تەنها 200 فلسم پێ مابوو ، جەبار و حەمید وڵاغیان بەکرێ گرت ، لەگەڵ چەند کەسێکی دی . من بە جەبارم گوت ، کە جانتا دارەکەم لە پشتی وڵاغەکە قایم بکا ، چونکە بڕیارم دا بوو بە پێیان ، تا کۆیە بڕۆم . باران بەردەوام و ڕێگاو بان قوڕ و هەندێکی قامیشەلان بوو ، ماوەکەش 20 کیلۆمەتر دەبێ تا کۆیە ، بەڵام چاریشم نەبوو . دوای بیرم کردەوە ، پێڵاوەکەم بەم ڕێگایە پێی بڕۆم تا کۆیە پێی بڕۆم دڵنیام لەت و پەت دەبێ ، بۆیە پێڵاوەکەم لەپێ کردەوە و هەردوو قەیتانەکەم گرێدا و لە پشت ملم شۆڕم کردەوە . لە کاتی ڕۆیشتندا پێڵاوەکان دەبزووان و هەڵدەقۆزنەووە ، ناو بە ناو بەڕوومەتم دەکەوتن ، من خەمی پێ ڕووت نەبوو ، کە بریندار دەبێ ، گرنگ ئەوەیە پێڵاوەکە سەلامەت بێ . نە حامید و نە جەبار بۆ تاوێکیش نەیان گوت سواری وڵاغەکان بم ! لە نزیك سەرشووران ، کە سۆر و سپی مۆر ببون ، بەڵام زامدار نەبوون ، پێڵاوەکەم لەپێ کرد و بەرەو ماڵەوە ڕۆیشتم . ماڵەکەمان بەرامبەر ماڵی قادر و عەلی یا ڕابی بوو ، هەروەها بەرامبەر ماڵی میرزا غەفوور بوو ، کە کوردی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو ، لە ماڵەوە باسم نە کرد ، کە بە پێ خواستی لە تەقتەقەوە هاتووم . دوای چەند ڕۆژێك ، کە لە کۆیە ماماوە ، لە ئێستگەی ڕادیۆی بەغدا هەواڵێکی بڵاوکردەوە ، داوای لە خوێندکارانی دەرەوەی بەغدا کرد بگەڕێنەوە شوێنی خوێندنیان . دیسان بە سێ قۆڵی من جەبار و حامید گەڕاینەوە بەغدا . ئەوەی کە پێویستە باسی بکەم ، من لە پشوی هاویندا بۆ دوو مانگان لە باخچەکانی قوتابخانەکەم لە ئەبوغرێب کارم کرد ، ڕۆژانەکەم تەنها 250 فلس بوو . توانیم لەو ماوەیەدا 12 دینار پاشەکەوت بکەم ، هەر لە منداڵیمەوە هەوڵم داوە ، کەلەسەر پێی خۆم ڕاوەستم و پشت بە توانای خۆم ببەستم ، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لە خوێندن سەرکەوتوو بم و یەکەم بم لە نێوان شەست خوێندکار.

**پۆڕتسمۆس: شارێکە لە ئینگەلتەرە ، نزیکەی 600 کم لە لەندەن پایتەخت دوورە و دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوایی لەندەن.**

# خۆزیا هەرێمی کوردستانیش وەك وڵاتانی دیکەی جیهان بێت!!

**تاهیر ئیسماعیلساڵح** **گۆڤاری کەکۆن( ژمارە 51 ، ل13 )**

**(کانونی یەکەم2017 )**

**گەلێك لەوڵاتانی ئەم جیهانە، بەتایبەتی هەر ویلایەتێك لەئەمریکا شانازی بەدارستان و گوڵ و باڵندە و ئاژەڵی کێوی دەکات، ئەمانەکە زۆرن و دەرپسکێن و دەگونجێن لەم خاك و چیای تایبەتانە کەکەش و هەوا و پلەی سارد و گەرمی ڕێژەی بەفربارین و بڵندی لە ڕووی دەریاوە. ئێمەی کوردیش پێویستە شانازی بکەین بە: داربەڕوو، کەو، نێرگز، بزنەکێوی. ئەمانە دەبنە دروشم و سومبوڵی هەرێمی کوردستان. پێویستە بەشێوەیەکی فەرمی لەپەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر موافەقەتی لەسەر بکرێت، بۆ پارێزگاریکردنیان، یاسای بۆ دابنێت.**

# شای عێراق -فەیسەڵی دووەمم، ئەوها دیت

تاهیر ئیسماعیل صالح
گۆڤاری کەکۆن( ژمارە46 ل13 )
( کانونی دووەمی 2017 )

دەفتەری یادەوەرییەکانم پڕن لە ڕووداو سەربوردەی خۆش و ناخۆش. ئەوەی دەیخوێنیتەوە ، دەگەڕێتەوە بۆ پێش پتر لە نیو سەدە، ئەو سەردەمەی کە سەرەڕای کەم و کوڕییەکان . خێر و بەرەکەت و خۆشیی و فەرەحنایەتی وڵاتی داگرتبوو.

ڕێك لە مانگی ئاداری ساڵی (1953)، بەندە چاودێریی دارستان بووم لە هەولێر (ئەو کات مەقامی چاودێریی، یەکسان بوو بە بەڕێوبەرایەتی دارستانی هەرێمی کوردستان ئێستا). ڕۆژێك پیاوێکی ئینگلیزی تەمەن (35) ساڵانم لێ بە ژووری کەوت و خۆی بە ناوی (جاك ئیڤانز) ناسند و گوتی : هاوڕێ ، چونکە هیچ چاودێری دارستانم لە سوارەتوکە و سەرسەنگ نییە، حەز دەکەم و دەمەوێ ڕاتبگوێزمەوە بۆ ئەوێ . من یەکسەر ڕەزامەندیم نیشاندا و هەر ئەو ڕۆژە فرمانی ڕاگوێزانەوەکەم بۆ دەرچوو و ئینفیکاکم کرد و بە ڕێگەی هەولێر-موسڵ بەرەو سوارەتەکە بەڕێکەوتم ... سەفەرێکی کتوپڕ و خێرا بوو .... هەر کە گەیشتمە ئەوێ بینیم لەو یانزدە خانوو جوان و نوێیانە ئەوێ ، یەکێکیان بۆ من ، وەك فەرمانگە و جێگەی حەوانم بو ئامادە کراوە . ڕۆژی دواتر کوڕێکی مێرخاسی بادینی لەگەڵ قۆڵچییەکی دارستان هاتنە سەردانم و کوڕەکە ناوی (عارف ڕەشید) بوو وەك مەئموری دارستان خۆی ناساند کە هاتووبوو ببێتە یاریدەدەری من، ئەو شارەزای هەموو بستە زەوییەکی دارستانەکانی ئەو دەڤەر بوو، قۆڵچییەی دارستانیش ناوی (گیب-تەیب) بوو. من خۆشحاڵی خۆم بە ناسینیان دەربڕی و بەڵێنماندا کە ئەوەی بۆمان دەکرێ لە پێناو خزمەتکردنی قەزای ئامێدی (عمادیە) بە ڕێك و پێکی و دڵسۆزانە بیکەین. ئەو کات سوارەتوکە یەکێك بوو لە خۆشترین و دڵگیرترین هاوینەهەوارەکانی عێراق . چەندین خانووی گەشت و گوزاری تێدا بونیاتنرابو ، بەرپرسی خانووەکانی هەوار کوڕێکی گوندی کوورەمارکی بوو بە ناوی مستەفا کوورەمارکی لە سەرووی خانووەکانیشەوە، مەخفەرێکی پۆلیس هەبوو کە عەریف (بنامێن ) ی ئاشووری مەئموور مەخفەر بوو بە سێ پۆلیسەوە.ئەو پیاوێکی ئازا و جەسوور و بە گفت و لوفت بوو . عارف و تەیبی دەناسی

زوو هاته لام و ئامادەگی خۆی نیشاندا بۆ هەر ئەمر و فرمانێ من داوای لێبکەم . منیش زۆر سوپاسگوزاری بووم . ئەوە بوو من و عارف و تەیب. کەوتینە گەڕان و چاودێری کردنی ئەو دارستان و لیڕستانەی لە دەڤەرەکەدا هەبوون، ڕۆژانە بە پێیان ئەم گوند و ئەو گوندمان دەکرد لە چیای گاڕە و مەتین و کانی ماسی و بەرواری بالاّ.... و خەڵکی گوندەکانمان لە دوو شت ئاگادار دەکردەوە : کە بە هیچ  شێوەیەکی بەبێ پرسی ئێمە نە دەبێ دار و درەخت ببڕنەوە و نە خەڵوز دروست بکەن.
هەمیشە هۆشیارمان دەکردنەوە  کە هاوینان، ئەگەر ئاگرێك بەربووە دارستانەکان زوو پیاوانە بیکوژێننەوە و ئێمەی لێ ئاگادارکەنەوە.
لە سەرەتای وەرزی دارچاندن دەستمانکرد بە چاندنی ژمارەیەکی زۆر لە نەمانی کاژ (دار سنەوبەر) لە سەرسەنگیش خانووێکی یەك ژوورێکیان وەك فەرمانگە دارستان بۆ دروستکردبووین ، زۆربەی هەرەزۆری گوندنیشینەکانی دەڤەرەکە دیان بوون. مامە قەشەی سەرسەنگ لەگەڵ مەئموورەکان و هاوڕێیەکانی دیکە. تا بڵێت خۆش مەشرەب و بەڕێز و موحتەرەم بوون لە گەڵماندا .
مانگی تەمووز بوو ، عەریف بنیامێن هاتە لام و گوتی: تەلەفۆنم لە دهۆکەوە بۆ کراوە، کە شافەیسەڵی دووەم لەگەڵ عەبدولئیلای خاڵی وا بە ئۆتۆمبێلی بچوك بەرەو سوارەتوکە و سەرسەنگ بەڕێکەوتوون . جا من و عەریف بنیامێن و عارف و تەیب و سێ پۆلیسەکەی مەخفەر بۆ پێشوازیکردنیان لەسەر جادە ڕاوەستاین. هێندەی پێنەچوو ئۆتۆمبیلی شا فەیسەڵ گەیشتەجێ . عەبدولئیلا لێیدەخوری و شافیسەڵ لە پێشەوە دانیشتبوو و ئەفسەرێکیش لە پشتەوە بوو.
ئۆتۆمبیلەکە لە کن ئێمە ڕاوەستا و هەرسێکیان هاتنەخوارەوە. یەکسەر عەریف بنیامێن لەگەڵ پۆلیسەکان بە ڕێوەرەسمی سەربازیی (ئستیعاد و ئیستەریحی) وەك پێشوازی بۆ کردن. ئەوجا شا فەیسەڵ تۆقەی لە گەڵ عەریف بنیامێن و سێ پۆلیسەکە کردوو. هاتە کن من و تۆقەی لەگەڵ منیش کرد و لێ پرسیم تۆ کێت و ئیش و کارت چیی و لێرە ! منیش بە هێمنی وەلاّم داییەوە گوتم: گەورەم ، بەندە چاودێری دارستانم و ئەمانەش عارف و تەیب ، یارمەتیدەر و قۆڵچی دارستانن، ئەوجا بۆم ڕوونکردەوە کە چۆن ئێمە بەسەر گوندەکاندا دەسوڕێینەوە و ئامۆژگاریان دەکەین و ڕێگری لەداربڕینەوە و خەڵوز دروستکردن و سووتاندنی دارستانەکان دەکەین و ناهێڵین بێ مۆلەتی ئێمە کاری وابکەن . کەلە قسەکانم بومەوە شا فەیسەڵ تۆقەی لەگەڵ پۆلیسەکان و عارف و تەیبیش کرد و

عەبدولئیلاش هەمان شتی کرد و سواری ئۆتۆمبیلەکە بونەوە کە چادری نەبوو کراوە بوو ە بەرەو سەرسەنگ بەڕێکەوتن.

عارف وتی : بۆ نەچینە سەرسەنگ، خۆ لەوێش فەرمانگەی دارستانمان هەیە و هەر (15) کیلۆمەترێك لێرەوە دوورە.. منیش پێشنیارەکەم پەسەند کرد و خۆمان گەیاندە ئەوێ.لەوێ بینیم شافەیسەڵ ڕاکێتێکی یاری تێنسی سەر زەوی بە دەستەوە بوو.دیار بوو حەزی دەکرد یاری لەگەڵ وەرزشوانێك بکات. خەڵکێکی زۆر دەورری دابوو. کوڕێکی دیان گوتی: وەرزشوانێکی مەسیحی لێرەیە کە لە بەغداوە هاتووە ئەو یاری تێنس دەزانێ... هێندەی پێنەچوو لە گوندی لەو وەرزشوانەیان هێنا و شا فەیسەڵ دوای تۆقەکردن لێ پرسی  تۆ ئەو یاریە دەزانی؟ ئەو گوتی: زۆر باش یاری دەکەم شا گوتی : فەرموو با یاری دەست پێبکەین. کوڕە مەسیحییەکە گوتی: قوربان من مەرجم هەیە. ئەو وتی: فەرموو مەرجی چی؟ کورەکە دەستی بۆ ئۆتێلی سەرسەنگ درێژکرد و گوتی : گەورەم ئەگەر من دۆرام ، دەچم لەو ئوتێلە یەك بوتڵ وێسکی بۆ تۆ دەکڕم! شا گوتی ئاخر من مەشروب ناخۆمەوە . کورەکە گوتی: گەورەم، ئەو لە تەماشاچییانەی ڕاواستاون، زۆربەیان مەسیحن تۆ بوتڵە وێسکییەکە بکە دیاری بۆ یەکێك لەوان ئەوان دەیخۆنەوە.

شا مەرجەکی قبوڵ کرد و دەستییان کرد بە یاریکردن ....خەڵکە تەماشاچییەکە بوون بە دوو بەرە : لایەنگری شا و لایەنگری کوڕە مەسیحییەکە.بووە چەپڵە لێدان و بانگە بانگ و هاندان.وەللا... شا فەیسەڵ دۆڕا. یەکسەر فەرمانی بە ئەفسەرێکی سێ نەجمە دا بچێتە ئەو هۆتێلەو بوتڵە وێسکییەکە بێنێت... کە هێنای، شا فەیسەڵ تۆقەیەکی گەرمی لەگەڵ وەرزشوانەکە کرد و بە دەستی خۆی بۆتڵەکەی دایە دەستی.

لە ساڵانی پەنجەکانی سەدەی ڕابردوو هاوینە هەوارەکانی کوردستان زۆر بایەخیان پێدەدرا بۆ گەشتکەران و وەزیرەکان و فەرمانبەرە پلە باڵاکانی هەموو عێراق. جگە سەرسەنگ، لە هاوینەهەواری پیرمام. نۆ خانووی گەشتیاری و ئوتێل هەبوو لە شەقڵاوە و حاجی ئۆمەرانیش هەمان شت.لەو هوتیلانە مەلەوانگە و گۆڕەپانی یاری و گەمەکردن بە تایبەتی یاری تێنسی سەر زەوی هەبوو.

هەموو ساڵێك ، لە مانگی ئادارەوە وەرزی گەشتیاری بۆ ئەو ناوە دەستی پێدەکرد. هەموو ئەو دەزگایانەی سەر بە فەرمانگەی (هێڵی ئاسن- سكك الحديد) بوون لە ئەندازیار و کارەباچی و بۆریچی و فیتەر و کارمەندە تەکنیککارەکان دەهاتن بۆ ئامادەکاری هەموو شتێك بۆ میوانان تا مانگی تشرینی دووەم دەمانەوە . جا خزمەتگوزاری تەندروستی و شارەوانیش بە باشی پێشکەش دەکرا.دوای ئەو وەرزە ئەو کارماندە هونەرییانە دەگەڕانەوە شاری مووسڵ.

بەندە وەکو خانەنشینێکی ئەزموونداری بەتەمەن بەبێ ڕیایی و پێداهەڵگوتن دەڵێم : ئەوی ماوەی نێوانی (1953 تا 14ی تەموزی1958) دووبارە نابێتەوە، چونکە ڕۆژگارییێك بوو، لێوان لێو لەئاشتی و ئاشتەوای و دۆستایەتی بوو: بێ بەرژەوەند و خۆشەویستی ڕۆحی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی توند و تۆکمەی و سیلەی ڕەحمی پڕ لە جەرگسۆزی وئەمەکداری و وەفاداری بۆ یەکتر و خاك و نیشتیمان. نە تەماح و نە حەسوودی و نە بووغز و نە ڕق لە دڵی کەس دا نەبوو. هەموو ئایین و ئایینزا و ڕەگەزێك خوشك و برا بوون و یاسا بەڕاستی سەروەر بوو.

ڕۆژی (14ی تەمووزی 1958) لەو کاتەی شا فەیسەڵ و دایك و پلکەکانی و بەرپرسانی دیوانی مەلەکی ، قەول بوو بچنە فڕۆکەخانەی (موسەنا) لە بەغداد بۆ سەفەر کردن بە نیازی نیشانکردنی خاتو فازیلە بۆ شا فەیسەڵ لە ئەستەمبوڵ کە ئەویش لە لەندنەوە هاتبووە ئەوێ ، کەچی هەموو بنەماڵەی شافەیسەڵ لەسەر ڕێگای ئەبوو غرێب تیرۆرکران و کوژران . لەو ڕۆژییەوە ئەم عێراقە خۆشی بە خۆیەوە نەبینیووە. ئەو خوێنەی ئەو ڕۆژە بە ناحەق ڕژا بوو بە پەڵە هەورێکی ڕەش و تا ئێستا هەر خوێنی لێ دەبارێ (58) ساڵە، کوشتن و قەتلوعام کردن و گەندەڵی و فیسق و فەساد و فیتنە و ئاشووب و تایفەگەری و حیزب حیزبانێ و پەتبازیی و قۆڵبڕی و یەکترخواردن ، بەبێ پسانەوە و وەستان بەردەوامە.

ئێستا کەس نازانێ ئایندەمان چییە و چۆن دەبێ و چیمان لێبەسەر دێ!

# بەرێز تاڵەبانی ، بەیانیت باش

**تاهیر ئیسماعیل صالح -وەرگێران لە عەرەبییەوە د.هاوژین صلیوە**

**گۆڤاری کەکۆن** ( **ژمارە** 48 ، **ل**19 )

( **ئایاری** 2017 )

سووپای حەرەس قەومی دەستیان کرد بە ڕەشبگیری و کوشتنی خەڵك لە گوندەکانی کەرکوك و ناحیەی شوان و دەشتی هەولێر و تەقتەق و کۆیە و گوندەکانی، وە لە دهۆك و ئەو گوندانەشی کە دەکەونە نێوان موسڵ و دهۆك. ئەو زانیاریانەم لە ڕۆژنامەکانی (نیویۆرك تایمز) و (کریستیان ساینز مۆنیتەر) لەڕێی ڕاپۆرتەکانی (دانا ئادەم شمید) یەك بەیەك دەخوێندەوە، هەروەها لە(گۆڤاری تایم) و لە (گۆڤاری نیوس ویك) ، شتەکانم دەخوێندە و لەکاتی مانەوەم بۆماوەی چوار ڕۆژ لە نیویۆرك، لە فەهرەستی کتێبەکان ڕادەمام و بەشێکی کتێبەکانم دەخوێندەوە، کە تایبەت بوو بەعێراق و بەتایبەت کورد. لەپاشاندا دەچووم بۆ بینایەی هەیئەی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ گوێڕاگرتن لەو گفتوگۆیانەی کە دەربارەی ڕووداوە تازەکان بوون یەکێ لە ڕۆژەکان چوومە بارەگاکانی وەفدی فەرەنسی و بەریتانی و ئەمریکی. کە بەرامبەر کۆشکی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو.داوام لە پرسگە کرد ، چاوپێکەوتن لەگەڵ یەك لەوبەرپرسانە بکەم، بۆئەوەی پێی ڕابگەێنم کەوا سیستەمی بەغدا دژی کۆمەڵگای عێراقە، بەڵام هیچ کەسێك لەوەفدی فەرەنسی گوێی بۆڕانەدێرام. داواکەیان ڕەتکردمەوە، بەڵام وەفدی بەریتانی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کردم و تەنها قسەی دبلۆماسیان بۆکردم لەکۆتایدا چوومە بارەگای وەفدی ئەمریکی و ڕێگای چاوپێکەوتنیان پێدام. کاتێ چووم بۆ وێ دوو دیبلۆماسم دی پێم وتن بەیانیتان باش، یەکێکیان جوابی دایەوەو وتی: بەرێز تاڵەبانی بەیانیت باش. وەڵامم دایەوەو وتم: من بەرێز جەلال تاڵەبانی نیم، من دەیناسم و هەردوکمان خەڵکی شاری کۆیەین. ئەویش قەزایەکە سەر بە هەولێرە. وتی: ببورە، وتم ئاساییە. دواتر وتی: چیم پێدەکرێ بۆتبکەم، وتم: ئێوە دیبلۆماسینە و لەوساڵانەی کەوا لەزانکۆی

ئێوەم دەمخوێند، زانیم کەوا دیموکراسی بڵاوە لەلاتان. ئەمریکا بانگەشە بۆ پاڵپشتی ئەوگەلانە دەکات، کەوا لەلایەن ڕژێمە دیکتاتۆرەکانەوە تووشی دەست بەسەری هاتوون ئەمریکاش دەیـەوێت ئـەم خەم و زوڵـمـە لـەسـەر ئـــەم گـەلانـە هەلگرێت.

من عێراقییەکی کوردم ناوم(تاهیر ئیسماعیل ساڵح)ە، بەپێی ئەوکاتەی کە بۆمدەڕەخسێ، ڕۆژنـامـە و گـۆڤـارەکـانـی ئێوە دەخوێنمەوە، ئێوەش دیبلۆماسین، کـارتـان ئـەوەیـە کـە چـاودێـری ڕووداوەکـانـی نـاو وڵاتەکەتان و وڵاتانی دیکە بـکـەن.دیـارە لای ئێوە(دانا ئادەم شمێدز)پەیامنێری ڕۆژنامەی (نیوۆرك تایمز)ە،کە بارەگاکەی لەبەیروتی لوبنانە،

بەبەردەوامی وتار لەبارەی عێراق بەگشتی و بـارودۆخـی هەرێمی کـوردسـتـانـیـش دەنـووسـێـت، بەتایبەتیش لە خستنە ڕووەکانیدا باسی کردەوەکانی ڕژێمی بەغدا و حەڕەس قەومی دەکات لەبارەی ترساندنی خەڵك و ئەنجامدانی کاری ئیرهاب و کوشتن و گرتن و سووتاندنی گوند و بەرهەمەکانیان کاتێ ئێوە بانگەشەی دیموکراسی دەکەن بۆ ئەو گەلانەی کە توشی کوشتن و ستەم و بەدیل گرتن دەبـن. من وەك هاووڵاتییەکی عێراقی داوا لەئێوە دەکـەم، کەوا هەڕەشە لەڕژێمی بەغدا بکەن، بۆئەوەی ئەو کارانە دژ بەخەڵکی عێراق بە هەموو جۆرە ئایینەکان و نـەتـەوەکـان ڕابوەستێنێت وەڵامی دایەوە: بەڵێ ئێمە هەموو ڕۆژنـامـە و گۆڤار و ڕاپۆرتەکان دەخوێنینەوە، کە پەیامنێرەکان دەینووسن. پێت ڕادەگەێنین کە ڕاپـۆرتـێـك لـەوەزارەتـی دەرەوە بۆ بەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەرز دەکەینەوە و داواکاریەکەت تۆمار دەکەین. سوپاسم کردن و بارەگای (وەفدی ئەمریکی بۆنەتەوە یەکگرتووەکان)م بەجێهێشت

ئەوەی شایەنی باسە من ئەم ئەرکە بچوکەم بەتەنێ ئەنجامدا بێئەوەی کـەوا من سـەر بەهیچ، حیزبێکی کوردی، یا عەرەبی بم. تا ئێستاش من عێراقییەکی کوردی سەربەخۆم. کاتێ کە گەیشتمە بەیروت توانیم شوێن و ژمارەی تەلەفۆنی (دانـا ئـادەم شمێدز) وەرگـرم. پەیوەندیم پێوەکرد و خۆم پێناساند و داوام لێکرد کەواچاوپێکەوتنی لەگەڵا ئەنجام بدەم ، بۆئەوەی کەوا ببینم و سوپاسی بکەم. بارتەقای ئەوشتانەی کەوا لەبارەی عێڕاقەوە دەیانووسێ.

(دانا ئادەم) کاتێکی بۆدانام بۆ ئەوەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەنجام بدەم

پێی وتم: چۆن توانیت ناونیشان و تەلەفۆنەکەم بزانیت. وەڵامم دایەوە وتم: من لەبەشی ڕۆژنامەگەری، لە سەفارەی ئەمریکی لە بەیروت دەستم کەوت. خۆی و یاریدەدەرە لوبنانییەکەی پێشوازییان لێکردم زۆر سوپاسم کرد بۆئەو شتانەی کە لەبارەی ڕاستییەکانی بارودۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان دەیـنـووسـێـت. وێـنـەی چەند سـەرکـردەیـەکـی کـورد و وێنەی کۆمەڵێك پێشمەرگەی پێشاندام، کە خۆی گرتبووی، ئەم وێنانەی لەمکاتەدا گرتبوو، کە لە هاوینی1963 بـۆمـاوەی مانگ و نیوێ لـە کـوردسـتـان مـابـووەوە. پێی ڕاگەیاندم، کەوا کتێبێکی ئامادەیە بەناوی: (گەشتێك بەنێو جیهانی پیاوە دلێـرەکان)، وتیشی کەوا ڕەوانەی چاپیشم کردووە ، پاشان ئەو و یاریدەدەرەکەیماڵئاواییان لێکردم و ڕۆیشتم و جارێکی تر سوپاسم کردەوە. دواتر (دانا ئادەم شمێدز) لەپێشەکی کتێبی ناوبراودا لە ساڵی 1964 کە دەڵێ: سوپاسم پێشکەشی جەلال تاڵەبانی دەکەم، کـە تایبەتمەندی سـەرکـردەی سـەربـازی و دیبلۆماسییە بۆ قەزییەی کورد. بەڕێز مام جەلال ڕێنماییەکی زۆریـشـی پـێدام، هەروەها لەکتێبەکەیدا باسی ڕۆڵی مـام جـەلال دەکـات لە لەبەغدا قەزییەی کورد. بەڕێز مام جەلال ڕێنماییەکی زۆریـشـی پـێدام، هەروەها لەکتێبەکەیدا باسیی ڕۆڵی مـام جـەلال دەکـات لە لەبەغد لە ڕۆژگـاری مفاوەزاتی (ئەحمەد حەسەن بەکر) و (عەبدولسەلام عارف) و (عەبدولرەحمان عارف)(مام جەلال)یش عێراقی بەخاك و گەلەوە خۆش دەوێت، بێ جیاوازی گرنگی بەلایەنی بـەرژەوەنـدی گشتی دەدات.داوا لەخودای گەورە دەکەین بۆ قازانجی عیراق، مۆفەقی بکات بـەرانبـەر بە ئەرکەکانی ئەم شتانە پنتی یادگارییەکانمن لە وێستگەکانی ژیانمدا. لێرەدا دەمـەوێ بە بۆنەی هەڵبژاردنی (مام جەلال)وەك سەرۆك کۆماری عیراقی یەکگرتوو، چەند لایەنێك لەبیرەوەرییەکانم لـەگـەڵ ئەم سەرکردە کوردستانییە گەورەیە بنووسم ، کاتێ ساڵی 1947لەکۆیە پۆلی سێیەمی ناوەندی بووم، (مام جەلال) لەپۆلی چواری سەرەتایی بوو ، ئـەوکـات ڕێنوێنی و سەرکردەی هاورێکانی بوو، ئەوکاتە کەوا بەناو شەقامە گشتییەکانی ، کۆیە و بۆ سەر شووران دەڕۆیشت کە لەدەرەوەی کۆیە بوو. دەردەکەوت کە سیمای سەرکردە و ئازایەتی و بلیمەتی لە کەسایەتییەکەیدا دیاربوو. لەوتەمەنەدا پێشبینیم کرد کە مام

جەلال سەرۆكێكی باش دەبێت، لە كاتێكدا لە دواناوەندی زراعە بووم لە ئەبووغرێب، كە لە قۆناغی كۆتایی بووم، لە هاوینی ساڵی 1949( مام جەلال)م لەكۆیە دیت. وابزانم ئەوكات (مام جەلال) لە پۆلی دووی ناوەندی بوو، پێم وت : كتێبخانەیەكی تایبەتت هەیە . وەڵامی دامەوە وتی بەڵێ هەمە . چووین بۆ ماڵی باوكی (شێخ حسامەدین تاڵەبانی ) ، هەموو كتێبەكانم بینی وەك بەبیرم دێ سێ  كتێبم لێ خواستەوە:

1-كتاب الفچيله، دانەرەكەی (مصگفی لگفی المنفلوگی) بوو.

2-كتێبێك لەبارەی مەكسیم گۆركی.

3-كتێبێك وابزانم لەبارەی(المادە الدیالیكتیە)بوو.

هەرسێ كتێبەكەم خوێندەوە، بەسوپاسەوە بۆم گەڕاندەوە، مام جەلال پێی وتم: هەركاتێ بتەوێ كتێب وەرگری، كتێبخانەكەم بۆتۆ كراوەیە.

*سەرچاوە: الاتحاد، العدد (1021) ،(الاثنين) 2005/5/30 السنە الثالثة عشر.

# تاهیر ئیسماعیل ساڵح
# (تایەری سمایلە سووری نەجار)

**بەشی یەکەم** **گۆڤاری کەکۆن (ژمارە 54 ، ل20 )**
**(ئابی 2018 )**

مرۆڤی متمانە بەخۆ هەردەم بەرامبەر بە نەهامەتییەکانی ژیان دەستەوەستان نەوەستایە، لە هەنگاوی یەکەمەوە بە گەشبینییەوە بە خاڵە لاوازەکانیدا چوویتەوە و لەسەر پێیەکانی خۆی وەستایە و کۆسپەکانی سەر ڕێگای وەك پەیژە بەکارهێنایە بۆ گەیشتن بە لوتکەی ئاواتەکانی، بەهۆی هەژاری و کەم دەرامەتی، ڕۆڵەی زۆر بنەماڵە لە کۆیە هەبووە ئەو بوارەی بۆ نەڕەخساوە درێژە بەخوێندن بداو بڕوانامەی بەرز بەدەست بێنێ، سەردەمێك خوێندن لەو شارە تا سێی ناوەندی بوو، دەبوایە قوتابی بۆ خوێندنی دواناوەندی بۆ هەولێر و شارەکانی تر بچێ کە ئەمەش بۆ بنەماڵەی هەژار ئەستەم بوو، بەو هۆیەوە بە سەدان قوتابی زیرەکی ئەو شارە ئەو هەلەیان لە دەست چوو، قوتابیش هەبووە لەو شارە کۆڵی نەداوە، خەرجی خوێندنی بە کارکردن دابین کردووە سەرەڕای سەختی ژیانی سەرکەوتنی بەدەست هێناوە باسکردن لە وێستگەکانی ژیانی کاك تاهیر جیاوازە لە ژیانی کەسانی تر، ئەو لە سیاسەت کاری نەکردووە، بەڵام کوردپەروەر بووە، بنەماڵەکەی هەژار بووە و هەر لە تەمەنی منداڵییەوە حەز و ئارەزووی لە خوێندن بووە و کۆڵی نەداوە و کاری جۆرا و جۆری کردووە و خۆی پێگەیاندووە و بڕوانامەی لە دەرەوەی وڵات بەدەست هێناوە، ئاستی زانستی بڕوانامەی ئەو سەردەمەش بەراورد بە ئێستا زۆر بەرزتر بوو، بە ڕاشکاوی باسی گەشتی ژیان و نەهامەتییەکانی کرد، بە شانازیش وردەکارییەکانی سەرکەوتن و زاڵبوون بەسەر گرفت و بەربەستەکان و گەیشتن بەئامانجەکانی دەخەینە ڕوو. ساڵحی باپیری لە شەڕی یەکەمی جیهانی بۆ بەرەکانی جەنگ ڕۆیشتووە و نەگەڕایتەوە کە بە (سەفەربەلگ) بەناوبانگە، بۆیە نەیبینیوە، خانەی نانەوا (دایکی باوکی) سێ کوڕ و کچێکی بووە، حەسەن و حوسێن جمك بووین، ئیسماعیل دارتاش بووەو حەسەن لەگەڵ ئەو کاری کردووە و حوسێنیش ئاسنگەر بووە، دواترحوسێن بۆ توتن چاندن لە (1942-1943) بەماڵ و خێزانەوە چووینە بیتوێن خۆی و هاوسەری تووشی نەخۆشی (مەلاریا) بووین و لە ماوەی دوو هەفتە هەردووکیان گیان لە دەستدەدەن و سێ کچەکەیان لە ماڵەکانی: خانەی نەنکیان وحەسەن و وەستا أسماعیلی مامیان پەروەردە دەکرێن، تا شووکردنیان دەمینێنەوە. باوکی بە

سمایله سوورەی نەجار ناسراوە لە هۆزی شێخانییەکانی کۆیەیە کە بە بنەچە دەگەڕێنەوە سەر ئێزیدییەکان. وەستا سمایل هاوسەرگیری لەگەڵ (زەهوە خان) کچی سابیری ئەبابەکر ئەنجام دەدا و سێ کوڕ : تاهیر، مەجید، محەمەد، لەگەڵ پێنج کچ : حەلیمە، خەجاو، پەرژین، گەلاوێژ، شلێر یان دەبی. کاك تاهیر ساڵی (1929) لە گەڕەکی بەفری قەندی لە کۆیە لە دایکبووە، دراوسێکانییان لەو سەردەمە: میرزا غەفوور کوردێکی ئێرانی بوو خەڵکی (مەهاباد -سابلاخ) بوو، تووتن و جگەرەی دەفرۆشت، دوو کچ و کوڕێکی هەبوو بەناوی (دڵشاد) دواتر چوونەوە سابلاخ، دڵشاد پۆستێکی گەورەی لە کۆماری مەهاباد وەرگرتوە، قادر و عەلی یا رابی، (سەعیدی بەرید، قادر کۆتك، عەبدولرەحمان ئاسنگەر، مستەفای مەیدان) ئەوانە لە یەك خانوو بوون، ڕەفیقی بەردکێش، مام حەوێز باوکی م. عەلی، مام مەحمود باوکی م. عەبدولکەریم شێخانی، وەستا محەمەدئەمین کەبابچی (لەسەرەتای چلەکان خانووی میرزا غەفوور دەکڕێتەوە -نووسەر-). لە (1936) لە قوتابخانەی ئولا وەردەگیرێ کە بەڕێوەبەرەکەی م. سابیر ئیسماعیل بوو، مامۆستاکانیش : تاهیر سەعید، تاهیر مەعروف، تاهیر سادق، رەفعەت ئەفەندی، مەجید نورەدین، حەمەدەمین مەعروف، کەمال جەمیل، فەخری بۆتانی (باوکی کاکە مەم بۆتانی)، ئەو قوتابییانەی لەگەڵی بووین: فەیسەل حەمدی، مەجید مەعروف، مەجید عومەر، مەجید حەمید، فاتیح رەسول، تاهیر مەعروفە سوور، مەحمود فەقێ، کەمال کەریم، جەمال کەریم، حەمە عەلی و ئەمجەد نورەدین، کەریم شارەزا، عومەر ئەسعەد، واحێد حەمکول، بابەکە، مستەفا ساڵح، باکوری، عەبدولخالق فەتاح ئاغا، کەمال سادق، کەمال رەشید، سوورەی عەبدئاغا، عەبدولرەزاق یاسین، مەغدید عەزیز، موعتەسیم عەبدولمەجید، حەمە عەلی بێتوشی، کارگوزاریش: مام عەبدوڵلا (باوکی کازم کۆیی شاعیر) بوو، کاك تاهیر لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: (باوکم مرۆڤێکی موسڵمان و نوێژکەر بوو هاموشۆی مزگەوتی دەکرد، کەسێکی تەماحکار نەبوو، بەرهەمەکانی جوان و پوخت بوو، بەڵام بە قازانجی کەم دەیفرۆشت، سندوقی تووتن و هەوجار و کەلوپەلی دێهاتنشینەکانی دروست دەکرد، جەنجەڕی باوکم لە ناوچەکانی هەولێر و کەرکوك و سلێمانی بەناوبانگ بوو، زۆر پتەو بوو، کەون دەبوو بەڵام تێك نەدەچوو، تەنها (250) فلس قازانجی دەکرد. دەچووە نازەنین دار چناری دەهێنا قاپ قاپی لێی دروستدەکرد، (ئەو سەردەمە نەعل نەبوو، لە هەموو ماڵ و مزگەوت و حەمامەکان هەبوو)، بۆ جووتێك (20) فلس قازانجی بوو. لە خانویەکی قوڕی (100) مەتری دا بووین (10) کەس بووین، لەبەر ئەو هۆیانە وەك کوڕە هەژارێك بۆ ئەوەی نەبمە بارگرانی بەسەر باوکم و لە خوێندنیش بەردەوام بم کاری جۆرا و جۆرم کردووە، لە تەمەنی 10 ساڵییەوە ڕۆژانە بادەمچەم لە ژنێکی گەڕەك بە کۆمەڵ دەکری و لە شوێنە گشتییەکان و گەڕەکەکانی شاری کۆیە بە

مڵاکی دار دەمفرۆشت، خزمێکمان هەبوو سەرتاش بوو دوکانی بەرامبەر دەرگای مزگەوتی گەورە بوو ناوی محەمەد حەمەد (برای م.حەمید حەمەد) بوو شاعیریش بوو نازناوی (مسکین) بوو، بۆ ئەوەی فرۆشتنم زیاتر بێ، داوام لێکرد پارچە شیعرێکم بۆ دابنێ ئەویش ئەو پارچە شیعرەی بۆ دانام:

**تامی زارییە بادەمچە**

**بە ددانی بیکە پارچە**

**چەقەڵە باوی کاموسەك**

**دوو مراکی بە فلسەك**

دەنگیشم خۆشبوو ئەزبەرم کردبوو و بەدەنگی بەرز دەمگووتەوە، بە هۆی ئەو شیعرە داهاتی ڕۆژانەم بەرز بۆوە بۆ (4) کیلۆ. لە ساڵی (1941) لە پۆلی یەکی ناوەندی بووە، لە لای قادر محەمەد ئەمین (قادری یا ڕابی) کە یانەی فەرمانبەرانی کۆیەی بەگرێبەستی ساڵانە گرتبوو بووە بەشاگرد ڕۆژانە بە (75) فلس، (م.جەلال حەوێزی) سەرۆکی یانەکە بوو، کارەکەی زۆر قوڕس بووە، لەو تەمەنە دەبوایە دوای دەوامی قوتابخانە بە تەنەکە ئاو ڕشێنی یانەکە بکا و کورسییەکانیش بگوازتەوە. لە (1945) دەبێتە شاگرد لای ڕەوانشاد (خدری پەستەك سۆر) ڕۆژانە بە (50) فلس بۆ فرۆشتنی شەربەتی مێوژی سروشتی خۆماڵی، کە لەماڵەوە دروستییان دەکردو بەفریشیان لە چاڵەکانی خۆران و چیای گوندەکانی نزیك کۆیە دەهێنا و بەمشار پارچەیان دەکرد و دەیانفرۆشت. بەهۆی دڵسۆزی و دەستپاکییەوە داهاتی فرۆشتنییان بەراورد بە جاران زیاتر دەبێ و بۆیە خاوەن کار زۆری خۆشویستوە، کاك تاهیر دەڵێ: (کە قوتابی بووم لە بەغدا لە (1947) بەڕێکەوت کاك خدرم لە هاوینێکی گەرم لە (ساحە الگیران) لە بەغدا دیتەوە پەنیری کوردی دەفرۆشت زۆر دڵخۆشبوو کە زانی لە بەغدا قوتابیم). لە (1946) دەبێتە شاگرد مانگانە بە (دوو) دینار لە ئاشی ئاگر کە ئەو سەردەمە وەستا حوسێنی نەجار و حاجی سەعیدی کوتاڵ فرۆش بۆ کۆیەیان هێنابوو، وەستا عەبدە (مامی عەبدولکەریم شێخانی) سەرپەرشتی دەکرد و پیرۆت ناوێکیش یاریدەدەری بوو، داوایان لێکردووە کە پێوەری گەنم بچوك بکاتەوە، بەهۆی دڵسۆزی لەکارەکەی بەوە ڕازی نەبووە، بۆیە وازی لەکارەکەی هێناوە و لەلای کەسیش باسی نەکردووە، دواتر لە فەرمانگەیەك مانگانە بە (یەك) دینار لە وەرزی هاوین (باوەشینی دەستکرد) ی کار پێکردووە*، بە ڕەنج و ماندووبوون و کارکردن توانی بەسەر بەربەستەکاندا زاڵبێ و خەرجی خوێندن دابین بکا و لە قوتابخانەش سەرکەوتووبێ. لە (1945) لە قوتابخانەی ناوەندی کۆیە بووە کە بەڕێوەبەرەکەی شەوکەت ئەفەندی (سلێمانی) بوو، مامۆستاکان: جەلال شەریف مامۆستایەکی هەولێری باش بووە، عەلی موزەفەر، حەسەن عەقراوی،

حەمید بێتووشی بۆ وەرزش، قوتابخانەکەیان لە نزیك گردی عارەبییان بوو، ئەو قوتابییانەی لەگەڵی بوون: عەبدولخاڵق عەبدولفەتاح، کەمال کەریم، جەمال کەریم، مەجید عومەر، مەجید مەعروف، مەجید حەمید، باکووری، فەیسەل حەمدی، تاهیر مەعروفە سوور، کەمال سادق، کەمال ڕەشید ئاغا، فاتیح رەسول، واحێد حەمکۆل، دوو کوڕی قایمقامی ئەو سەردەمە: سەیفەدین و سەلاحەدین، کەریم شارەزا، زاهیر هەناری، عەبدولرەحمان هەناری، ئەمجەد حەمە عەلی شێخ نووری، بورهان نەجمەدین، حیسامەدین تەیب ناسراو بە شەعب (کوردپەروەرێکی باشبوو)، حەمەعەلی بێتوشی، موعتەسیم عەبدولەجید، بورهان نەجمەدین. لە پۆلەکەیان تەنها کاك تاهیر حیزبی نەبووە. دوای تەواوکردنی ناوەندی ئەو سەردەمە دواناوەندی لە کۆیە نەبوو، دەبوایە بۆ هەولێر بچێ و باوکیشی لە توانایدا نەبووە مانگانە (دوو) دیناری بۆ بنێرێ، بۆیە دوو ڕێگای لە پێش بووە: یان بۆ خانەی مامۆستایان بچێ کە لە هەموو عێراق تەنها لە بەغدا هەبوو، یان بۆ دواناوەندی کشتوکاڵ کە تەنها لە ئەبوغرێب هەبوو و بەشی ناوخۆ و خواردنیشیان بۆ قوتابیان دابیندەکرد، لە ساڵی 1947 لە دواناوەندی کشتوکاڵ لە (ئەبوغرێب) وەردەگیرێ.

# تاهیر ئیسماعیل ساڵح

## ( تایەری سمایلە سووری نەجار )

**بەشی دووەم و کۆتایی** **گۆڤاری کەکۆن ( ژمارە 55 ، ل20 )**
**( تشرینی یەکەم 2018 )**

لە پشووی هاوین لە کۆیە کرێکاری دەکاو پارەکەی بۆ خەرجی ساڵی داهاتوو پاشەکەوت دەکا، هەروەها گوتی : قوتابییەکی دیانی عەنکاوەمان لەگەڵ بوو بەناوی (رۆفۆ عەبدولئەحەد) لە قوتابخانە یەکەم دەبوو منیش دووەم ، (شیوعی) بوو بۆیە لە راپەڕینی (1948) لە بەغدا پێش ئەزموونەکانی ساڵی دووەم و کۆتایی دەستگیرکرا، لە کۆی (60) قوتابی من بە یەکەم مامەوە و بڕوانامەم وەرگرت. ئەو ساڵە (20) کەسیان دامەزراند، من لە غاباتی هەولێر دەست بەکاربووم، بەڕێوەبەرەکەی (چەفری ولیام چاپمان) ئینگلیز بوو و زۆر زیرەك بوو، غاباتی موسل و سلێمانیش سەر بە هەولێر بوون، مووچەی دوومانگی دواکەوتووم وەرگرت، یەکێکیانم بۆ باوکم بە پۆستە ناردەوە کۆیە کە (5،18) دینار بوو. لە (1953) بۆ خوێندن دەچێتە کولێژی دارستانی (قوبرس) کە کەوتبووە قەدپاڵی بەرزترین شاخی ئەو دوورگەیە ( 3000 م) لە رووی دەریاوە بەرز بوو، لە نزیك گوندی ( پرودرو 1430 م) ، لە (1955) بە یەکەم دەرچووە و میدالیای لە حاکمی گشتی پێدراوە (لای پارێزراوە)، ئەوماوەیە (حاجی فەتاحی حەسیر) کە خزمیان بووە بریکاری وەرگرتنی مووچەکانی بووە، خانووی ماڵی باوکی بەهۆی کاریگەری خراپی ئاوەڕۆی (حەمامی حەسەناغا ) و کۆنی ورزی بوونی دار و کاریتەکانی، مەترسی داڕمانی بەسەریاندا هەبوو بۆیە نامەی بۆ دەنێرێ کە کۆی مووچە کۆکراوەکە کە زیاتر لە (300) دیناری ئەوسەردەمە دەبێ بداتە باوکی و دواتر باوکی بەو بڕە پارەیە خانوێکی تازە لە شوێنی خانووە کۆنەکە دروست دەکا و لەو مەترسییە ڕزگاریان دەکا. بۆیە لە مانگی تەموزی 1955 کە دەگەڕێتەوە کۆیە باوکی بە توندی لە ئامێزی خۆی دەگرێ و پێی ڕادەگەیەنێ ئەگەر ئەو یارمەتییەی ئەو نەبا ماوەیەکی کورتی مابوو هەموویان بکەونە ژێر خانووەکە، دواتر بووە بە بەڕێوەبەری دارستانی (حیللە) لە باشووری عێراق و پاش ماوەیەك دەگوازرێتەوە هەولێر . لە (2005) پاش (50) ساڵ لە دەرچوونی لە یوبیلی زێڕین سەردانی کۆلیژەکە دەکا لە قوبرس پێشوازی گەرمی لێدەکرێ ولە (نیقۆسیا) وە بەرەو (لارناکا) و دواتر عەمیدی کولێژ لە پێشوازیدا دەبێ و سەردانی ژوورەکەی خۆی دەکا و بە فراوانبوون و پێشکەوتنی

کولێژەکە سەرسام دەبێ و چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی لەگەڵ ئەنجام دەدەن . لە (1959) ناوی بۆ (بعپە) ی ئەمەریکا دەردەچێ بۆ زانکۆی ویلایەتی (یوتا) کولێژی دارستان و پاوان و ئاژەڵی کێوی تا (1963) چوار ساڵ و نیو دەمینێتەوە، لە پشووی هاوینانیش لەو ماوەیە (25) ویلایەت گەڕاوە جگە لە شوێنی گەشتیاری وەك تاڤگەی (نیاگارا)، ئەو سەردەمە شەو بە دۆلارێك لەهۆتێل دەمایەوە.
لەزانکۆ بەوە زۆر پەست بووە کاتێ قوتابییەکی تورکی هاوپۆلی لەگەڵ بووە، نکۆڵی لە بوونی کورد کردییەو بە تورکی شاخاویی ناوزەدی کردیینە، لە ئەمەریکا لە کتێبخانەکان بە دواداچوون بۆ دۆزی کورد دەکاو لە نەتەوە یەکگرتووەکانیش جاروبار بە دۆلارێك لە شوێنی تایبەت بە هاوڵاتیان وەك گوێگرەك دادەنیشێ. لە بۆنەکان و جەژنەکانی کریسمیس جلوبەرگی کوردی لەبەردەکا کە لەگەڵ خۆی بردبوو و بەو هۆیەوە کوردی بە ئامادەبووان دەناساند. کاك تاهیر لە درێژەی قسەکانیدا گوتی : بە نیازبووم نەگەڕێمەوە ساڵێکم مابوو بڕوانامەی ماجستێر وەرگرم، زۆرم هەوڵدا داوام پێشکەش بە (ملحق پقافی) عێراق (ناصر ألحانی) کرد و تەلەفۆنیشم بۆ کرد کە بە کارکردن و خەرجی خۆم بمینێمەوە، کەفیلیشم ڕەوان شاد (محەمەدی مەلا سابیر) بوو، بەڵام ڕازی نەبوو درێژە بە خوێندن بدەم، لە (17ی تەموز 1968) سەدام بۆ ماوەی دوو هەفتە ئەو کەسەی هێنایەوە و کردییە وەزیری دەرەوە (واپێدەچێ فێڵ بووبێ)، دواتر لەگەڵ چەند کەسێکی تر لە سێدارەیدا. لە کۆتایی حوزەیرانی (1963) بە پاپۆر دەگەڕێتەوە لەبەر بارودۆخی نالەباری کوردستان لە بەیروت دەمینێتەوە لە بەشی ناوخۆی زانکۆی ئەمریکی (4) دۆلار دەدا بۆ چوار شەو بەڵام یارمەتی دەدەن مانگێك بەو نرخە دەمینێتەوە، ئەو ماوەیە بە وەرزش خەریك دەبێ و بەسەر بەرزترین لوتکەی چیای ناوچەکە دەکەوێ کە کەناڵی تەلەفزیۆنی (11) ی لوبنانی لەسەر بوو. هەر لە بەیروت ناونیشانی (دانا ئادەم سمیپ) لە سەفارەی ئەمریکی وەردەگری کە ڕۆژنامەنووس و پەیامنێری ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمزی ئەمریکی بەناوبانگ بوو، دانەری کتێبی (گەشتێك بۆ ناو پیاوە ئازاکان) کە ماوەی (46) ڕۆژ بە نهێنی و بێ ڤیزا لە نێو پێشمەرگەکان و شۆڕشی کورد لە (1963) لە ناوچە ئازادکراوەکان گەڕاوە، چەندین وێنەی سەرکردە کوردەکانی نیشانداوە، ڕۆژنامەنووسێکی چالاك بووە. دواتر دەگەڕێتەوە بەغدا و بۆ دڵنیابوون لە بارودۆخی کەسوکاری بەرەو کۆیە بەڕێدەکەوێ لەو کاتەی سوپای بەعس بە ڕابەرایەتی ئەفسەری موسڵاوی تاوانبار تەها شەکرچی تاوانی کوشتن، گرتن، سووتاندن لە کۆیە ئەنجام دەدەن و مەڕ وماڵات و دەغڵودانی دێهاتەکانی ئەو ناوچەیەش بە تاڵان دەبەن ، بە هۆی سووتاندنی دوکانێك لە لایەن حەرەس قەومییەوە گوایە وەستای چاککردنی چەك بووە کە دراوسێی دوکانی باوکی دەبێ، دوکانی باوکیشی کە دار و تەراش دەبێ دەسووتێ. دواتر بۆ مامەڵەی

دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بەغدا و سەرێکیش لە گرتوخانەی (موسەیەب) دەدا بۆ سەردانی بەندکراوە کۆییەکان و ڕەوان شاد سەید برایمی زاوایان کە لە کۆیە دەستگیرکرابوون. سەرەتا بە بەڕێوەبەری توێژینەوەی دارستان لە هەولێر دادەمەزرێ تا (1972) دواتر دەگوازرێتەوە بەغدا و پۆستی یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی دەدرێتێ تا (1976) دەمینێتەوە، لە بەغدا باسی یادەوەرییەکی خۆی لەگەڵ کاکی کاکان (عومەر دەبابە) دەکا کە بەهۆی نسکۆی شۆرشی (1975) دوورخرابۆوەو لە فەرمانگەی دارستانی (رومادی) بە فەرمانبەر دامەزرابوو و هاووشۆی خێزانییان دەبێ و ماڵی هەردووکیان لە شەقامی فەڵەستین لەبەغدا دەبێ، کاك تاهیر گوتی: هەرچەندە من لەو پۆستە بەرزە بووم ڕامسپاردبوو یارمەتی بدەن، بەڵام دواتر لە بەڕێوەبەری فەرمانگەکەی (عەبدولکەریم) زانیمەوە کە زۆر دڵسۆزانە بە کار و ئەرکەکانی هەڵساوە و ڕازی نەبووە یارمەتی بدرێ. لەسەر داوای خۆی لە (1982 ) خانەنشین بووە. کاك تاهیر زۆربەی وڵاتانی جیهان گەڕاوە (ئەمەریکای باشوور نەبێ) لە (1979 تا 1982) هاوینان بە ئۆتۆمبیلی خۆی بە خێزانەوە بەرەو ئەوروپا بۆ گەشت چوون کاری کردووە و بۆ توێژینەوەی زانستی لە (1969) دەینێرنە (سوید) (56) ڕۆژ (SIDA) ڕێکخراوی دەینێرنە (هیندستان) بۆ توێژینەوە لە (FAO) و (UNDP) دەمینێتەوە. لە لایەن ڕێکخراوی دارستانەکانی ئەو وڵاتە (14) ڕۆژ دەمینێتەوە، دواتر بۆ هەمان مەبەست دەچێتە (ئوسترالیا) (14) ڕۆژی تر دەمێنێتەوە و لەشاری (کامبیرا) بەدیداری مامۆستای خۆی (د.پرایۆر) شاد دەبێتەوە کە لە هەولێر وانەی توێژینەوەی دارستانی پێگوتووەو لەوێ یارمەتی داوە بۆ بەدەست هێنانی (1) کیلۆ تۆی (یۆکالبتۆس) بۆ چاندنی لە نەمامگەی غاباتی هەولێر و دواتر دابەشکردنی بەسەر فەرمانگەکانی دارستانی هەولێر، سلێمانی، کەرکوك، جۆرێکی تایبەتیشی بۆ باشووری عێراقی ناردووە، هەروەها کتێبێکیشی بە زمانی ئینگلیزی دەربارەی ئەو درەختانەی کە لە جیهان کۆیکردیتەوە و لە شەقامەکانی (کامبیرا) چاندیتی بە واژۆی خۆی پێشکەشی کردووە. دواتر بۆ هەمان مەبەست دەچێتە (تەهران) پایتەختی ئێران، لەوبارەیەوە گوتی: سوپاسی ڕێکخراوە بیانییەکان دەکەم کە یارمەتی زۆریان دام بۆ ئەو گەشتانەی دەرەوەی وڵات. ڕۆڵی هەبووە لە دروستکردنی دارستانی ئاسکی کەلەك، خانزاد و ناوچە دێمییەکان لە هەولێر، توێژینەوەی بە زمانی ئینگلیزی دەربارەی دارستان هەیە . لە ساڵی (1975) قەڵەمی دار چنارێکی ناوازەی بەتەمەنی لە لە بەر دەرگای ماڵەکەی ڕواندووە، جوانی و بەرزی {London Play} بەریتانیا بۆ هاتووە لە جۆری سیمایەکی نایابی بە شەقام و گەڕەکەکە بەخشیوە ، دوو دار چناری تری لە هەمان چەشن لە چناڕۆك و دوکان چاندووە. لە (1964/7/2) پرۆسەی هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو (شوکریە سابیر فەتحوڵلا)

ئەنجام دەدا کە دەرچووی زانکۆی بەغدایە و بەڕێوەبەری دواناوەندی و خانەی مامۆستایان بووە، کوڕێکیان بەناوی (بڵند) دەبێ ئەندازیاری میکانیکە لە ئەڵمانیا نیشتەجێیە، لەگەڵ سێ کچ : د. ئاڤا لە کولێژی پزیشکی زانکۆی موسڵ دەرچووە و دکتۆرای لە زانکۆی بەغدا لە پشکنینی (شێرپەنجە) وەرگرتووە، د. سۆزان دەرچووی کولێژی ئەندازیاری بیناسازی بەغدایە، ماستەری بەدەستهێناوە، د. دالیا دەرچووی کولێژی پزیشکی زانکۆی سەڵاحەدینە لە بەشی سۆنار کار دەکا. کاك تاهیر کەسێکی کۆمەڵایەتییە لە شەستەکان لەگەڵ (حوسێن ڕشوانی) ئاوەڵزاوای لە دیوەخانی (مستەفا فەندی) لە گەڕەکی ئازادی بەشداری کۆڕ و کۆبوونەوە دەبێ و دەربارەی باخچە و درەخت ڕاوێژی پێدەکەن ، لە ساڵانی دواتریش لە هەولێر هامووشۆی دیوەخانی (ڕەشاد موفتی) و (مەسعود محەمەد) ی کردووە و بە بیروڕایان سەرسام بووە. کاك تاهیر گوتی: من ویژدانم زۆر ئاسوودەیە بەوەی لە ژیانی قوتابییەتیم و فەرمانبەریم ماوەی 42 ساڵ پارەم لە پێداویستی خۆم پاشەکەوت کردییە و یارمەتی ناکا، خەریکی (Net) دایك و باوك و خوشك و براکانم داوە. ژیانی ڕۆژانەی ئێستای: سەیری خوێندنەوەی کتێب و ڕۆژنامەیە بە زمانی ئینگلیزی و عارەبی، کتێبخانەیەکی خنجیلانەی لەماڵەوە هەیە، لە باخچەی ماڵەوەش بایەخ بە گوڵ و درەخت دەدا، جوانترین دیاری لای ئەو گوڵە. هامۆشۆی بازار دەکا، لەگەڵ کۆکردنەوەی سامان نەبووە، لە ژیان گەشبینە و لێبووردەیە. دەربارەی بارودۆخی کوردستان گوتی: ئایندەمان نادیارە، سیاسەت تەنها شەڕ و بەرخودان نییە، عەقڵی سیاسی و ئیداری و ئابووری دەوێ، نابێ سەرکردە و کەسانی بەرپرس مەغروور و خۆپەرست بن، ئێستا سەردەمی خێڵ و دیوەخان و ئاغایەتی نەمایە وڵات بەسیستەمی کۆنی جاران بەڕێوە ناچێ. بەداخەوە کە تا ئێستا ناوماڵی کورد بە شێوەیەکی دروست ڕێك نەخرایە، لە مێژووی کۆنیش سەرکردەی کورد هەبووە ناوماڵی میللەتانی تری ڕێکخستییە وەکو: سەلاحەدینی ئەیوبی لە فەڵەستین، محەمەد عەلی لە میسر.

٭ (باوەشینی دەستکرد) وەك باوەشینێکی لاکێشەیی گەورە بوو، لە دارو قوماشی ئەستوور دروستدەکرا، لە بنمیچی ژوور لەسەر دوو ڕێڕەو (سکە) دەبەسترا و بە پەتێك بەردەوام ڕادەکێشرا، سەردەمێك کارەبا و ئامێری فێنککەرەوە لە کۆیە نەبوو، لە فەرمانگە و شوێنە گشتییەگان لە وەرزی گەرما بەکاردەهات . ڕوونکردنەوە : لە بەشی یەکەمی ئەو چاوپێکەوتنانە تا ئەو بەشە (14) وەك یاداشتنامەو یادەوەرییەکی مێژوویی بەنرخ چەندین ڕووداو و ئەزمونی ئەو بەرێزانە گۆڤاری کەکۆنی خۆشەویست و مێژوو و ئەرشێفی شکۆمەندی شارەکەمانی دەوڵەمەند تر کردییە، لێرەوە بە خوێنەرانی ئازیز ڕادەگەێنم، تا لە توانامان بووە خۆمان لە بڵاوکردنەوەی باسێك یان ڕووداوێك

**پاراستوە کە ببێتە نیگەرانی کەسانێك یا بنەماڵەیەك کە سەرجەمیان جێگای ڕێز و خۆشەویستی و سەرفرازی ئێمەن، لە نووسینی هەر بەشێکیش خودی ئەو کەسایەتییە یا بنەماڵەکەی (ئەگەر لەژیاندا نەمابوو) بەرپرسن لە ڕاست و دروستی زانیاری و ڕووداوەکان کە چاو پێکەوتنییان لەگەڵ ئەنجامدراوە و گوزارشت لە بیروڕای خۆیان دەکا، لەگەڵ ڕێز و سڵاوم بۆ گۆڤاری کەکۆنی ئازیز و خوێنەرانی لە دڵا خۆشەویست.**

**ئەو چاوپێکەوتنە لە بەرواری** 2018/4/5 **لە ماڵەکەی خۆی لە گەڕەکی ئازادی لە هەولێر ئەنجام درایە .**

# کاکی کاکان، عومەر مستەفا

# ( عومەر دەبابە ) م ئەوها دیت )

**تاهیر ئیسماعیل صالح** ( **تایەری سمایلە سووری نەجار** ) **گۆڤاری کەکۆن** ( **ژمارە** 53 ، **ل**34 )
( **ئایاری** 2018 )

ساڵی (1975) ، مانگی مایس ، ڕۆژی هەینی، کات نۆێژی بەیانی، شاری بەغداد، جادەی فەلەستین، خانووی: ( لە خوارەوەی زانکۆی مستەنسرییە). دەنگی زەنگی ماڵم هات، چووم دەرگام کردەوە، بینیم کاکی کاکانە، بەخێرهاتنێکی گەرموگوڕم کرد: (فەرموو وەرە ژوورەوە).

خێزانم وەکو من بەخێرهاتنێکی گەرمی لێکرد وپرسیاری خواڵێخۆشبوو (سورەیا)ی لێکرد، چونکە لە ساڵی (1960) خێزانم بەڕێوبەری (دار المعلمین)ی هەولێر بووە، (سورەیا خان) مامۆستا بوو لەو پەیمانگایەدا. پاشی چا خواردنەوە، کاك عومەر پێیگوتم: ( ئەمن نە ویستیتم، نە داوای وەزیفەم کردووە، نە حەزیشم لەو ئیشەی دراوەتە من، بووە، ئەتو و هەڤاڵانی من، دابەشیانکردینە لەو پارێزگای بەغدا و باشوری عێراق ، ئەمنیان داناوە لە دائیرەی دارستانی ڕومادی، ئەوجا حەزدەکەم و داوات لێدەکەم، کە بمناسێنی بە چەند بەرپرسێکی باڵا لە وەزارەتی کشتوکاڵ)

(بەرێز کاکە عومەر، سەرچاو سەر سەرم ، لە خزمەتم ، بەیانی بفەرموو بۆ بەڕێوبەرایەتی گشتی دارستان ) . ڕۆژی شەموو کاکە عومەر هات، لەگەڵ خۆم بردمە کن بەڕێوبەری گشتی دیوانی وەزارەت ، دوایی بووە وەکیلی وەزیری کشتوکاڵ لە زەمانی (عیزەت دووری ) . دوایە کاکە عومەر هاتە دائیرەی دارستان . هەر لەوێ تەلەفۆنێکم بۆ بەڕێوبەری دارستانی ڕوومادی کرد ، وام پرسیارکرد ، کە:-

(برایەکی گەورە و بەرێزی من دامەزراوە لە فەرمانگەی دارستان لەلای تۆ ، دەمەوێت زۆر زۆر ڕێزی لێ بگرن ، هەر ئاسانکاریەکی هەیە بۆی بکەن ) . بەڕێوبەرەکە ناوی عەبدولکەریم بوو ، گووتی (مامۆستا تاهیر هیچ خەمت نەبێت ، ئەمن ڕێزی لێ دەگرم و بەخێر بێت ، لەسەر چا و سەرم ... )

کاکی کاکان و سورەیا خان خانوویەکیان بە کرێ گرتبوو لە گەڕەکی ئەندازیاران لە جادەی فەڵەستین

له کۆڵانێکی پشت خانووی وەڵاش زاوام ( جلال محمد داود ). ئەمن و خێزانم دوو جاران زیارەتی سورەیا خانمان کرد جارێکیان کاکی گەورە کاکە محمد ناوی تاهیر ئەفەندی بوو لەوێم دیت و خێزانم خەریکی گفتوگۆی خۆش بوون لە بارەی ئەو ساڵانەی ، کە لە هەولێر بوون لەگەڵ سورەیا خان.
ئەوەی شایەنی باسە . کاکە عومەر زۆر پەیوەندی و ئیلتزامی بەو وەزیفەیەوە دەکرد ، ڕۆژانی پێنجشەم و پاشی دەوام ئەوجا ڕومادی بە جێدەهێشت ، دەگەڕایەوە بەغدا و دوایی بۆ ماڵی خۆیان . ڕۆژانی شەموو بەیانی زوو بە ئۆتۆمبێلی خۆی دەچووە ڕومادی و لەگەڵ کاتی دەوام ئامادە دەبوو لە فەرمانگەی دارستان ، عەبدولکەریم ڕومادی ، یەك دوو جاران تەلەفۆنی لەگەڵ کردم و پێی گووتم : (کاك تاهیر بە کاکە عومەر دەڵێم دوو جار وەرە لە هەفتەیەکدا ، بەڵام کاك عومەر سوورە لەسەر دەوامی هەموو ڕۆژێك لە هەفتەیەکدا ، تەنها ڕۆژی هەینی لێرە نییە ). سیاسەتمەدارانی بە ئەزموون و بە تەمەن وەکو کاکی کاکان و هەڤاڵانی دووربین و حیساب بۆ هەموو شتێك دەکەن ، لە کاتی ڕۆژان و خەباتیان شك لە هەموو هەڵسان و دانیشتنێك و جموجولێکیان ، زۆر هۆشیارن لە گفتوگۆ و جێگای کۆبوونەوەیان لەگەڵ یەکدا . ئەو ڕۆژەی ، کە کاکی کاکانم بە دی کرد لە ماڵی خۆمان ، تەماشام کرد هیچ ئۆتۆمبێلێك لە پشت ماڵی من نەبوو ، گووتم: (کاکی کاکان ئەوە من بە ئۆتۆمبێلی خۆم دەتبەمەوە ماڵی خۆتان) ، گووتی: ( ئەمن ماڵی تۆم پێزانی لەڕێگای کچی برام ، کە قوتابیە لەکن ئەو ئەعدادیەی کچان ، کە خێزانت جێگری بەڕێوبەری ئیعدادیە الزهرایە . کچی برام لەگەڵم هات بە ئۆتۆمبێلی خۆم ماڵی تۆی پێشاندام، دوایە کچی برام بردەوە ماڵەوە ، ئەوجا ئەمن بە ئۆتۆمبێلەکەم هاتمەوە ، سەیارەکەم ڕاگرتووە لە کۆڵانێکی دوور لە ماڵی تۆ ، دوایە بە پێیان هاتمە ماڵی تۆ ، ئۆتۆمبێل ماڵی تۆ ئاشکرا دەکات ، منیش نامەوێ نە سەرئێشە و نە ئاستەنگ بۆ تۆ و بۆ خۆم دروست بکەم). گووتم: ( کاکە عومەر ئەمن دێم لەگەڵت هەتا جێگای سەیارەکەت ) ، گووتی : (سوپاست دەکەم ، بەڵام ئەمن بە باشی نازانم ، نەوەکو یەکێك سەیارەی منی کەشف ، یا دەستنیشان کردبێت )، گووتی: (ئەتوو بڕۆوە ماڵی خۆت ، ئەوها باشترە).

# ڕووداو و نەهامەتی لە ژیاننامەی کۆییەکان
# یادەوەری قووتابییەکی کۆیی لە ڕا پەڕینەکەی بەغدای 1948

**هۆشیار محەمەد ئەمین ساڵح کۆیی**

**گۆڤاری کەکۆن( ژمارە 59 ، ل34)**
**( تەموزی 2019 )**

سەردەمێك کۆیە بە گرنگترین قەزا لە دوای نەجەف لەسەر ئاستی عێراق هەژمار دەکرا ، بە داخەوە بە درێژایی مێژوو بەهۆی هەڵوێستی کوردایەتی دانیشتوانی ئەو بایەخەی پێنەدراوە کە لەگەڵ پێگە و شوێن و مێژووی پڕشنگداری بگونجێ و ئابووری شارەکەیان پێی ببوژێتەوە ، ئەم پشتگوێ خستنە کاریگەری نەرێنی هەبوو لەسەر بارودۆخی ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی ، کۆییەکان سەلماندییان کە نەداری و نەهامەتی و باری ئابووری خراپییان نابنە کۆسپ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانییان ، لە ژیاننامەی کۆییەکان بابەت و ڕووداوی ناخۆش هەیە بەڵام بە هۆی خۆڕاگرییان و گەشبینیان و کۆڵنەدانیان سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە . لەم بەشە باسی ڕووداوی قووتابییەکی کۆیی دەکەین کە بەهۆی بارودۆخی ناهەمواری عێراق خۆی و ئاوەڵەکانی تووشی نەهامەتی بووین : کاك تاهیر ( تایەری سمایلە سووری نەجار ) کە قووتابی بووە لە دواناوەندی کشتوکاڵ لە ( أبوغرێب ) لە بەغدا باسی یادەوەری خۆی ئەو سەردەمە و گەشتێك دەکا لە بەغدا وە بۆ کۆیە و گووتی : لە سەردەمی سەرۆك وەزیرانی عێراق ( ساڵح جەبر -سەرۆکی حیزبی ئیستقلال ) پەیمانی ( - portsmouth - کە لەو شارەی بەریتانیا ساڵی 1948 مۆر کرا و ئەو سەردەمە دەوڵەتێکی داگیرکەر بوو ، بۆیە نیشتمان پەروەران و حیزبە کوردی و عەرەبییەکان : پارتی و شیوعی ئەو سەردەمە مۆڵەتییان نەبوو ، (حیزبی وەتەنی کامیل جادرچی ، حیزبی شەعبی عەزیز شەریف ) ئەو دوو سەرۆك حیزبە وتاریان پێشکەش کرد و ئەمەیان بە پەیمانێکی خراپ بۆ سەر ئاییندەی سەربەخۆیی عێراق لە قەڵەمدا ، حیزبی شیوعی وتەحەرووری وەتەنی و پارتی ڕۆڵیان هەبوو لەو ڕاپەڕینە ، بۆیە خۆپێشاندانی قووتابییان و کرێکاران و حیزبەکان دەستی پێکرد تەنانەت ئافرەتانیش بەشداریان کرد و ڕاپەڕینەکە هەموو بەغدای هەژاند ، ئەنجوومەنی وەزیران بۆ کپ کردن و کەمکردنەوەی دەنگە ناڕازییەکان بڕیاریاندا بە داخستنی دەرگای قووتابخانە و کۆلێژەکان بۆ کاتێکی نادیار و بڕیاریش درا قووتابییە دەرەکییەکان بۆ شارەکانییان بگەڕێنەوە ،

کاك تاهیر گووتی : ئێمە سێ قووتابی کۆیی بووین لە دواناوەندی کشتوکاڵ لە (ئەبو غرێب) بەندە ، جەبار محەمەدئەمین ، حەمید حەوێز ، من تەنها (300 ) فلسم لامابوو کە پارەیەکی زۆر کەم بوو بۆ گەڕانەوەم ، خۆشبەختانە بڕیاردرا بۆ هەر قووتابییەکی دەرەکی دینارێك و روبعێك (250،1) بۆ خەرجی گەڕانەوەیان پێ بدەن ، پلیتی شەمەندەفەرمان بۆ کەرکوك بە ( 300 ) فلس بڕی ، پەستی دار هەبوو لە کەرکوکەوە بۆ کۆیە بەڵام پێی ڕانەگەیشتین ، شەو لە کەرکوك لە هوتێلێك بە (30) فلسماینەوە ، پیاسەیەکمان بە نێو بازاڕ و شەقامەکانی ئەو شارەدا کرد ، بۆ مێژوو ئەڵێم ئەو سەردەمە (1948) ز چاوم بە یەك عارەب نەکەوت زۆربەی دانیشتوانی کورد و تورکومان و کەمە ئاینییەکان بوون ، بەهۆی لافاو ئاوی زێی تەق تەق هەڵسابوو، بۆ بەیانی سواری پەست بووین بۆ تەق تەق بە (750 ) فلس ، ئەو سەردەمە پرد نەبوو بەهۆی لافاو ئۆتۆمبیل نەدەگەیشتە قەیاغەکە کە هۆیەك بوو بۆ پەڕینەوە ، بۆیە پەستەکە گەڕاوە کەرکوك ، ئێمەش بەناو ئاو کەلووپەلەکانمان لە پشتی خۆمان بەست وخۆمان گەیاندە قەیاغەکە ، سەیری گیرفانم کرد تەنها (250 ) فلسم لا ماوە ، حەمید و جەبار هەریەکە و هێسترێکیان بۆ کۆیە بە (700) فلس بە کرێ گرت و منیش کەوتمە بیرکردنەوە لە لایەك ئەو پارەیەم لا نەبوو هێستر بە کرێ بگرم و لە لایەکی تر تازە باوکم پێڵاوێکی تازەی بە قەرز بۆ کڕیبووم بەو ڕۆیشتنە زۆرە بێ کەلك و لەت لەت دەبێ و باوکم بەو نەدارییەی سەغڵەت دەبێ ، بۆیە گۆریە و پیلاوەکانم لەملم بەست و بەناو قوڕ و چڵپاو و زەمەند و قامیشەڵان بە پێ خاوسی بە دوای ئەوان بە ڕێ کەوتم بێ ئەوەی بۆ چاوتروکانێکیش بێ داوای سواربوونم لێبکەن ، تەنها ئەو جانتایەی کە باوکم لە (دار) بۆی دروست کردبووم جەبار بۆی هەڵگرتم ، پاش زیاتر لە 25 کیلۆمەتر ڕۆیشتن لە چوارتاقی نزیك کۆیە لە گۆمە ئاوێك قاچەکانم شووشت کە خوێن لێی دەچۆڕایەوە ، زۆر ئاسوودەبووم کە پێڵاوەکانم لەت لەت نەبوون و دیسان باوکم قەرزار نەکرد ، بۆ ئەوەی نیگەرانیش نەبن گۆریەو پێڵاوە تازەکەم لە پێ کردەوە و گەیشتمەوە ماڵ و لە ئامێزییان گرتم بێ ئەوەی ئەو نەهامەتی و دەردەسەرییەیان بۆ بگێڕمەوە و غەمبارییان بکەم .

دوای هەشت ڕۆژ ساڵح جەبر دەستی لە کار کێشایەوە و محەمەد ئەلسەدر (باپیری موقتەدا سەدر) کە کەسایەتییەکی شیعەی نەجەف بوو لە شوێنی ئەو داندرا و پەیمانەکە پووچەڵ کرایەوە و بارودۆخەکە ئاساییی بۆوە ، لە ڕادیۆی بەغداش ڕاگەیەندرا کە قووتابی شارەکان بگەڕێنەوە بەغدا و ئێمە و قووتابییە کۆییەکانی تر گەڕاینەوە و دەوام دەستی پێکردەوە . لە مێژوو بە ( ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی 1948 ) بە ناوبانگە کە چەندین کەس شەهید و بریندار بوون و چەندین

قووتابی لە کۆلێژ و پەیمانگەکانییان  دوور خرانەوە و دەرکران کە خوێندکاری کۆییش لە نێوانییاندا بوو.

⋆  لە شارەکانی تری عێراق و کوردستان خۆپێشاندان ئەنجام درا ، لە کۆیە چەندین کەس دەستگیرکران و درانە دادگای عورفی (نووسەر).

⋆ هەر بۆ نموونە : ڕەوان شاد عومەر دەبابە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لەو ڕاپەڕینە و نوێنەری پارتی بوو  هەر لەبەر ئازایەتی  و توانای جەستەیی لەو ڕاپەڕینە ئەو نازناوەی پێی بەخشرا  و  زاهیر هەناری ، سەمەدی حاجی محەمەد (مەنجەڵ) ، کەریم شارەزای نووسەر لە چاوپێکەوتنێك دا گووتی : { ڕەسوڵ محەمەدئەمین کەبابچی  ناسراو بە مام ڕەسوڵ  ، یەکێك بوو لە قووتابییە کۆییە  بەشدار بووەکانی ڕاپەڕینەکە سەرپەرشتی کۆمەڵێك  قووتابی کولێژی ئەندازیاری  دەکرد .تەقەی لێکرا و دواتر دەستگیر کرا و ڕەوانەی گرتووخانە کرا ،  سەرەڕای زیرەکی  و نمرە بەرزەکانی بەهۆی  چالاکی سیاسی  پێشتر وەرگرتنی لە کۆلیژەکان لێی قەدەغە کرابوو  ، ئەو سەردەمە سەر بە حیزبی تەحەرووری مارکسی  بوو  کە ڕۆڵێکی گرنگیان لە ڕاپەڕینەکە هەبوو  بەندە (کەریم شارەزا) ئەندامی ئەو حیزبە بووم  ، ماوەیەك مام رەسوڵ لە  کۆیە بەرپرسمان بوو  }. لە ڕووداوەکانی عێراق  کۆییەکان ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو بەڵام  بە داخەوە لە نووسینەوەی مێژوو  مافی خۆیان پێنەدراوە.

# ئەمەریکا و کەوەکانی کوردستان

**تایەری سمایلە سووری نەجار** **گۆڤاری کەکۆن (ژمارە 63 ، ل16 )**

**( تەمووزی 2020 )**

**کەو ( Chukar Partirdge ) باڵندەیەکی شاخاوییە ، دیمەنێکی جوان و دەنگێکی خۆشی هەیە لە دەنگی باڵندەکانی تر جیاوازە ، باڵەکانی ڕێ ڕێیە ، قاچەکانی و دەندووکی سوورە ، گەردنی و ڕۆخی چاوەکانی بە هێلێکی ڕەشی هێلکەیی داپۆشراوە ، لە جیهان شەش جۆری هەیە ، هەر لە کۆنەوە شاخەکانی کوردستان ژینگەیەکی لەبار بووە بۆ ژیان و گەشەکردنی ، کێشی نیو کیلۆ یا زیاترە ، لە مانگی ئایار ( 20 ) هێلکە یا زیاتر دادەنێ و لە مانگی حوزەیران دەیتروکێنێ . کاتی خۆی دەسپێکی کردنەوەی ئێستگەی کوردی بەغدا بە قاسپەی کەو بوو د. بەدرخان سندی لە پارچە شیعرێکی لە سەر کەو دایناوە : کەوا سپێدێ بخوێنە هەر بخوێنە هەر بخوێنە ....... هونەرمەند گوڵبەهار بە ئاوازێکی خۆش چریویەتی و لە ئێستگەی کوردی بەغدا پەخشکرا .**

**کەو بە جووت یا بەڕە و دەبیندرێ ، بێچووەکانی بە ڕەو بە دوای دایکیان دەکەون دیمەنێکی جوان دەبەخشی .**

**بە داخەوە لە کوردستان شەڕەکەو لە لایەن کەوبازەکان و هەوادارانییان وەك قومارێك ئەنجام دەدرێ و دەبێتە هۆی ئازاردان و بریندارکردنی ئەو باڵندەیە و دیمەنێکی قێزەوەن دەبەخشێ ، خۆزیا ئەو نەریتە کۆتایی پێدەهات ، کەو جگە لە کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژئاوای چین و ئەمەریکا و ئەوروپا و وڵاتی تریش هەیە .**

**لە ساڵی ( 1890 ز) بەڕێوەبەری باڵندە لە ویلایەتی ( یۆتا ) ی ئەمەریکی لەگەڵ چەند شارەزایەکی تری باڵندە هاتنە کوردستانی باکوور بە مەبەستی کۆکردنەوەی ( 100 ) جووت کەوی نێر و مێ ، لە ناوچە شاخاوییەکانی ( شەرناخ ، ئامەد ، سرت ، موش ، بتلیس) .. کەوەکان لە سندوقی تایبەت داندران و دان و ئاویان بۆ ئامادەکرا ، دواتر گواسترانەوە ئەستەنبۆل لەوێشەوە بە پاپۆر گواسترانەوە بۆ شاری نیویۆرك و دواتر بە شەمەندەفەر بۆ ویلایەتی یۆتای**

ئەمریکی ، کەش و هەوا و ژینگەی ئەو ویلایەتە لە کەش و هەوای شاخەکانی کوردستان دەچێ ، هەر کەوێك ژمارەیەکی تایبەتی بۆ تەرخان کرا ، لە ئەلقەیەکی کانزا لە لاقەکانییان بەستران ، شیلتەر و پێداویستییەکان ئامادەکران ، بۆ پەروەردەکردنییان ڕووبەری ( 100 ) مەتر دووجا بۆ هەر جووتە کەوێك تەرخانکرا ، بۆ پاراستنییان لە ئاژەڵی دڕندە و گۆشت خۆرەکان زەوییەکان سیم بەند کران و لە کانیاوێك جۆگەلە ئاوێك بە نێو زەوییەکان راکێشرا . لە کاتی بەفر بارین بە ڕێژەی { 10 تا 20 } سم کارمەندانی پڕۆژەکە سەردانی ناو سیمەکانییان دەکرد و دان و پێداویستیەکانییان بۆ ئامادە دەکردن، قوتابییانی کولێجی دارستان و باڵندە و ئاژەڵە کێوییەکان و هەڵگری نامەی ماجستێر لەو بوارە بەردەوام بوون لە لێکۆڵینەوەی زانستی دەربارەی کەوەکان { Scientific Research } پسپۆران و بەڕێوەبەرایەتی باڵندە پاش زاو و زێ و زیادبوونی ژمارەیان چەند سەد کەوێکییان بۆ دەرەوەی سیمەکان ئازاد کرد ، پاش 72 ساڵ { 1890 - 1962 }ژمارەی کەوەکان لەو ویلایەتە بوو بە نیو ملێون کەو .

بەڕێوەبەری پڕۆژەکە لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ یارمەتی دەرانی و قووتابیان گووتی :
WE ARE VERY FORTONATE THATE WE IMPORTED ANICE LOOKING BIRD WITH A NICE VOICE AND DELIEIOOS MEAT

{ ئێمە زۆر بەختیارین کە ئەو باڵندە جوان و دەنگ خۆشانەمان هێنا ئێرە کە گۆشتێکی بە تام و خۆشیان هەیە }. یاسای تایبەت بۆ ڕاوکردنییان داندرا لە ساڵێك تەنها چوار ڕۆژ دیاری کرا بۆ ئەم مەبەستە ، هەر لە یاساکە دا هاتووە ، لە ڕۆژ و مانگی دیاریکرا و بەدەر لە کاتی زاووزێ کردنییان تەنها دەبێ 3 کەو ڕاو بکرێ ، دەبێ بە ساچمە لە ئاسمانەوە ڕاو بکرێن ، بە هیچ شێوەیەك نابێ لەسەر زەوی بکوژرێن ، ئەگەر ڕاوکەر نەیتوانی لەو چوار ڕۆژە ڕاویان بکا دەبێ بۆ ساڵی داهاتوو چاوەڕێ بکا ، هەموو باڵندەکانی تر و ماسی یاسای تایبەتی خۆیان هەیە ، ڕاوکەر دەبێ لە پێشەوەی شەپقەکەی مۆڵەتەکە و جۆری ساچمە ( تاپرەکەی ) ڕاوی پێدەکا بلکێنێ هەر ویلایەتە و یاساو ڕێنمایی تایبەت بە خۆی دەربارەی ژینگە و دار و گوڵ و ئاژەڵە کێوییەکان هەیە .

خۆزیا له هەرێمی کوردستانیش یاساکان توندتر دەکران و پارێزگاری له سامانی سروشتی ، { دار بەڕوو و گوڵه نێرگز } به نموونه و سامانی ئاژەڵی بزنه کێوی { MOUNT GOAT} به نموونه دەکران . پێویسته یاسا له سەر هەموان به بێ جیاوازی جێبەجێ بکرێ .

بەم شێوەیه کەوەکانی کوردستان ناسنامەی ئەمریکیان وەرگرت ، ئایا ئێستا ( 2020 ) ز پاش ( 130 ) ساڵ ژمارەی کەوه کوردییەکان له ئەمەریکا دەبێ چەند بێ ؟ .

* ئامادەکردن و پێداچوونەوە :

هۆشیار محەمەدئەمین ساڵح کۆیی.

# دیکتاتۆرەکان و نەتەوە چەوساوەکان و چەند باسێکی مێژوویی

**تایەری سمایلە سووری نەجار** **گۆڤاری کەکۆن ( ژمارە 61 ، ل22 )**

**بەشی یەکەم** **ساڵی 2020**

بە درێژایی مێژوو زۆر نەتەوە دووچاری چەوساندنەوە و زەوتکردنی مافەکانییان لەلایەن دیکتاتۆرەکان بووین ، بۆ نموونە نەتەوەی کورد چەندین ساڵە لە ژێر زەبر و زەنگی دیکتاتۆرەکاتی بەغدا ، تەهران ، ئەنقەرە ، دیمەشق دەژین ، مافی کەمە ئیتینییەکانی کوردستان لە سابیئە کریستان ، بەهائی بە هەمان شێوە پێشێل کراوە .

چارەنووسی دیکتاتۆرەکان لە چارەنووسی شای ئێران و ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر کە سەدام لە کارەکەی لایدا و دواتر خودی سەدامیش لە ناوچوو ، عەبدولسەلام عارف کە لە حوزەیرانی ساڵی 1966ز لە شاری بەسرا بە خۆی و 12کەس لە هیلیکۆپتەرەکەیان کەوتنە خوارەوە و سووتان ، حافز ئەلئەسەد و کوڕەکەی بەشار.لە تورکیا کەمال ئەتاتۆرك ، ئێستاش ئەردوغان رێچکەی ئەوی گرتووە، ئەو دیکتاتۆرانەی لە ژیاندا ماون چارەنووسییان لەوانی پێشوو باشتر نابێ .

لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانی 1939 - 1945ز چەندین دیکتاتۆر فەرمانڕەوا بوون : لە ئیسپانیا فرانکۆ ، لە ئەڵمانیا هیتلەر ، لە ئیتالیا مۆسۆلینی ، لە روسیا جۆزیف ستالین لە شەڕی دووەمی جیهانی هاوپەیمانی لە نێوان ئەمەریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و چین و دواتر روسیا لە دژی وڵاتانی (میحوەر) کە پێك هاتبوو لە ئەڵمانیا ، ئیتالیا ، یابان جگە لەو وڵاتانەی کە پشتگیری و هاوکاری یەکێك لەو لایەنانە بوون .

لە 1945/9/2 شەڕ کۆتایی هات کە نزیکەی 6 ساڵی خایاند لە دوای شەر سیستەمی دیموکراتی لە ئیسپانیا ، فەرەنسا و زۆر وڵاتی تر پەیرەو کرا . ستالین وەك دیکتاتۆرێك تا ساڵی کۆچ کردنی 1953 مایەوە .

لەساڵی 1961 روسیا دیواری بەرلینی دروست کرد و ئەڵمانیا بۆ ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات دابەش کرا ، ئاستی ئابووری و خۆش گوزەرانی ڕۆژئاوا بەرز تر بوو لە بەشەکەی تری کە روسیا

سیستەمی حوکمرانی خۆی بە سەردا سەپاندبوو ، بۆیە هاولاَتییانی ئەو بەشە بەردەوام بە نهێنی هەولّی چوونە ناوبەشی ڕۆژئاوایان دەدا ، بەلاَم بەهۆی سەختی دیوارەکە زۆربەیان گیانییان لە دەست دەدا و دەکوژران .

لە سەردەمی غۆرباشۆف لە 1991/8/9 ( 15 ) دەوڵەت سەربەخۆییان وەرگرت و لە یەکێەتی سۆڤیەت جیابوونەوە تەنها ئازربێجان نەبێ بەهۆی بوونی نەوت لە باکۆ شەڕێکی دژوار لە نێوانییاندا ڕوویدا و دواتر روسیا ناچار بوو بکشێتەوە .

## گەشتەکەی ولیام دۆگلاس و تاوان بارەکەی لورستان

ڕۆزفلت لەساڵی (1933)ز سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بوو ، ئیفلیج بوو و لەسەر کورسی کەمئەندامی بوو ، سیاسەتمەدارێکی زیرەك و بەتوانا بوو ، لە سەردەمی سەرۆکاییەتی ئەو دەستووری ئەمەریکا هەموار کرایەوە و ویلایەتی هەڵبژاردن درێژ کرایەوە لە دوو خوول بۆ سێ ، بەمجۆرە ویلایەتی رۆزفلت بوو بە 12 ساڵ. رۆزفلت (ولیام ئۆ دوگلاس ) کە دادوەر و پرۆفیسۆری زانکۆ بوو پۆستی ئەندامی دەستەی بالاَی دادگای گشتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکای پێی سپارد ، کە پۆستێکی بەرز و گرنگ بوو .

ولیام دۆگلاس دۆستێکی باشی کورد بوو ، پەیوەندیم لەگەڵی هەبوو ، چەند کتێبێکی نووسیوە بە تایبەتی : STRANGE LANDS AND FRIENDLY PEOPLE ( ولاَتێکی نامۆ و میللەتێکی هاوڕێ )OFF MEN AND MOUNTAINS (بۆ پیاوان و چیاکان ) زۆر کتێبی تری داناوە کە زۆڕبەیانم هەیە .

لە هاوینی ساڵی 1946ز دۆگلاس لەگەڵ کوڕەکەی گەشتێکی دەستپێکرد لە ناوچەی لورستانی ئێرانەوە بۆ ناوچەی هۆزی کەمال جونبلاَت (گیان پۆلا) لە لوبنان ، لە گوندێکی کاولبووی لورستان چاوی بە پیرەمێرد و پیرێژنێکی لوری دەکەوێ ، پیرەمێردەکە بەو مەرجەی ناوی بلاَونەکاتەوە ئەو زانیارییانەی پێدەدا و گووتی : سوپای ئێران تاوانی زۆری لەو دەڤەرە ئەنجام داوە لێرە باسی تاوانەکانی ژەنەرال ئەحمەد قەساب (AHMED BUTCHER) دەکەم : { ئەو تاوانبارە لە گوندەکەمان ئاگرێکی گەورەی کردەوە ، قامەکی ئاسنی گەورەی

ئامادەکرد ، من و پیرێژنەکەم لە پەنایەك خۆمان حەشاردابوو و سەیرمان دەکرد ، گەنجەکانییان دەهێنا و دوو سەرباز قۆڵیان دەبەستن و ئەفسەرێك بە شیری تیژ سەریان لە ملیان جیا دەکردنەوە ، ئەفسەرێکی تر ئاسنێکی درێژ و پانییان لە ناو ئاگرەکە دەردەهێنا و خوێنی سەربڕاوەکانییان پێ دەوەستاند ، ئەفسەرەکانی تر بە پاڵدان قوماریيان بە سەلکی گەنجەکان دەکرد و ئەوەی زیاتر غلۆر بباوە براوە بوو ، مەڕ و مالآت و پەلەوەری گوندەکەیان دەخستە ناو لۆرییەکان و بە تالآن دەیانبرد }

ئەو تاوانبارە ترس و دڵەڕاوکێی خستبووە ناو دڵی خەڵکەکە دەڵێن ئەگەر منداڵی ناو لانك بگریابا بە ئەحمەد قەسابییان ژیر دەکردەوە ! .

وا ڕێککەوت دوگڵاس لە تاران لەگەڵ سەفیری ئەمریکی لە قەسری شاە داوەت دەکرێن و لەوێ چاوی بە ژەنەڕاڵ ئەحمەد قەساب دەکەوێ و پێی دەڵێ : بۆ ئەو تاوانەت لە لوڕستان ئەنجام داوە ، ئەویش دەڵێ : لوڕستان شایستەی لەوە خراپتڕن ! .

دواتر دۆگڵاس دەچێتە سابڵاخ ( مەهاباد ) و گووتی : هەرچەندە من قازی محەمەدم نەدیوە بەڵام زۆربەی سەرۆك هۆزەکان بەکەسایەتییەکی ڕۆشنبیر و زیرەك و ڕاستگۆ و بنەماڵەکەشی بە ناودار لە قەڵەم دەدەن .

قازی محەمەد کەسایەتییەکی ڕۆشنبیر بوو زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ڕووسی دەزانی ، لە 22 /1 / 1946 بە سەرۆکی کۆماری مەهاباد هەڵبژێردرا بە پشتگیری روسیا و ئادربێجان ، کۆمارەکە 11 مانگی خایاند ، کاتێ روسیا لەگەڵ ئەمەریکا و تاران پێکهات لەشکری ئێران بێ تەقە مەهابادی گرت، لە 31 / 3 / 1947 قازی محەمەد و هەردوو براکەی سەیف و سەدری قازی لەسێدارە دران . دواتر دۆگڵاس دەچێتە شاری (ماکۆ ) سەیر دەکا کابرایەك لە ژێر کەپرەکەی ترێی ڕەش بە گەنم و ساوار دەگۆڕیتەوە ، لەو کاتە کوردێك دەبینێ سواری کەرێك دەبێ و ژنەکەشی لە تەنیشتییەوە بە پێ دەڕوا ، کوردەکە لە سواری کەرەکە دادەبەزی و سلآوی لێدەکا ، دۆگڵاس پێی دەڵێ : لە کوێوە هاتویی ؟ ئەویش بە دەنگێکی بەسۆز و بە پەرۆشەوە دەڵێ : لە دوورەوە

( WAY UP ) دەچم بۆ زیارەتی گۆڕی قازی محەمەد ، دۆگڵاس دەڵێ : وەها بەگەرمی قسەی لەگەڵ دەکردم لەو بڕوایە دابووم ئەگەر کەسێك بۆ ئەو زیارەتە ڕێگای لێ بگرتبا ئامادە بوو بە خەنجەرەکەی پەل پەلی بکا .

دۆگڵاس لەگەڵ کوڕەکەی بەرەو لوبنان دەڕۆن و لە نزیك چیای دروز میوانی ( کەمال جونبلات - گیان پۆلا ) دەبن ، گیان پۆلاکان بە ڕەسەن کوردن ، کەمال جونبلات لە ساڵانی حەفتاکان سەردانی بەغدا دەکا و داوا لە سەدام حوسێنی دیکتاتۆر دەکا کە ڕێگای پێ بدا بۆ سەردانی مەلا مستەفای بارزانی ، سەدامیش بە فڕۆکەیەکی هیلیکۆپتەر دەینێرتە ( دیلمان ) چاوی بە مەلا مستەفا دەکەوێ و تا درەنگانی شەو باسی دۆزی کورد دەکەن ، جونبلات باسی ئەو ژەمە خواردنەی لای بارزانی دەکا و دەڵێ : لە ژیانم ئەوەندە گۆشت کاوری وەها ناسکم نەخواردوە.

{لە دوای هەرەس هێنانی کۆماری مەهاباد مەلا مستەفا و 450 لە یاوەرانی بە ڕێگاییەکی سەخت و دژوار و بڕینی سنووری سێ دەوڵەت توانییان لە ڕووباری ئاراس بپەڕنەوە و بچنە ناو خاکی رووسیا و 12 ساڵ بمێننەوە ، لە دوای شۆڕشی 14ی تەموز گەڕانەوە نیشتیمان .

ئەو چوار ئەفسەرە کوردەن لە کۆماری مەهاباد گەڕابوونەوە ( عیزەت عەبدولعەزیز ، محەمەد قودسی ، خێروڵڵا عەبدولکەریم ، مستەفا خۆشناو ) خۆیان ڕادەستی وەزارەتی بەرگری عێراق کردبوو لە سەردەمی حکومەتی ساڵح جەبر لە سێدارەدران ، رەئیس بەکر حەوێزی کە ئەفسەرێکی کۆیی بوو خۆی بە دەستەوە نەدا لە گوندەکانی بناری چیای کۆسرەت خۆی حاشاردا و رزگاری بوو } .

# دیکتاتۆرەکان و نەتەوە چەوساوەکان و چەند باسێکی مێژوویی

**بەشی دووەم** **گۆڤاری کەکۆن ( ژمارە 62 ، ل26 )**

**تایەری سمایلە سووری نەجار** **ساڵی 2020**

ژنان و منداڵەکانی بارزانی هاتنەوە (عێراق) وە لە دەشتی دیانا (سۆران)لە ناو خێوەتان دەژیان ، حکومەتی بەغداد لە ڕێگای مستعهدی ئازووقە گەچیان تێکەڵ کردبوو لەگەڵ ئاردەکە ، چەندین لەو منداڵانە کە نانیان خواردبوو، هەموویان گەدە وڕیخۆڵەکەیان ڕەق بوو و مردن ، دایکی منداڵەکان زوو زانیان کە ئەو ئاردە بە کەڵکی خواردن نایەت.

## ونستۆن چەرچڵ و ئەلاکسندەر فیلمینگ دوو کەسایەتی مێژوویی

ونستۆن چەرچڵ تەمەنی 10 ساڵان دەبێ لەگەڵ باوك و دایکی بۆ گەشت دەچنە نزیك ڕووباری تایمز، گۆمە ئاوێکی قوول لەو ناوە دەبێ ، ونستۆن پێیەکانی دەخلیسکێ و دەکەوێتە ناو گۆمەکە ، لەو کاتە کوڕە جووتیارێك بە ناوی ( ئەلاکسندەر ) لە بنەماڵەی فیلمینگ لەو ناوە دەبێ و مەلەوانێکی باش دەبێ بە ڕاکردن و بە پەلە یەکسەر خۆی فڕێ دەداتە ناو گۆمەکە و ونستۆن لە خنکان رزگار دەکا . چەرچڵی باوك زۆر سوپاسی ئەلاکسندەر فیلمینگ دەکا .

چەرچڵ دەوڵەمەند بوو ، لە ڤیلاکەی خۆی لە لەندەن دەژیا بەرامبەر بەو چاکەیە بە فیلمینگی باوك دەڵێ : زۆر حەز دەکەم ئەلاکسندەری کوڕت لەگەڵ ونستۆنی کوڕم لە ڤیلاکەمان بژی و بە یەکەوە قۆناغەکانی خوێندن تەواو بکەن ، فیلمینگ ڕازی دەبێ و ونستۆن و ئەلاکسندەر لە ڤیلاکەی بنەماڵەی چەرچڵ گەورە دەبن و قۆناغەکانی خوێندن تەواو دەکەن .

ونستۆن چەرچڵ لە داهاتوو ساڵی ( 1940 )ز دەبێتە سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا ، مرۆڤێکی باڵا بەرز و قەڵەو بوو ، شەپقەیەکی لەسەر دەنا ، جگەرەی چرووتی کوبی دەکێشا سیاسەتمەدارێکی زۆر سەرکەوتوو بوو ، لە سەردەمی ئەو شەڕی دووەمی جیهانی هەڵگیرسا ،

ئەڵمانیا لە ئاسمان و دەریا و وشکانی ئابڵوقەی بە سەر بەریتانیا دا سەپاندبوو ، فرۆکەکانی ئەڵمانیا بە شەو و ڕۆژ شارەکانی بەریتانیایان بۆردومان دەکرد . بۆیە چەرچڵ داوای لە بەریتانییەکان کرد بە شەو تەنها یەك گڵۆپ دابگیرسێنن بەو مەرجەی لە دەرەوەی ماڵ دیار نەبێ ، بەهۆی دۆخی ئابووری خراپی وڵات داوای لێکردن لە هەفتەیەك تەنها چوار هێلکە بدرێتە منداڵانی تەمەن 6 تا 20 ساڵ .

چەرچڵ لە وتارەکانی وشە و دەستەواژەی جوانی بەکاردەهێنا ، ئێستا وەك پەند بەکار دەهیندرێ بۆ نموونە : ( لە سیاسەت نە هاوڕێیەتی بەردەوام و نە دوژمنی بەردەوام هەیە بەڵکو بەرژەوەندی بەردەوام هەیە ) .

چەرچڵ ، مۆسۆلینی ، ستالین ، رۆزفلت ، بەرپرسێکی گەورەی فەرەنسا لە دوورگەی ( ماڵتا ) کۆبوونەوەکانییان ئەنجام دەدا .

ئەلاکسندەر فیلمینگ قووتابییەکی ژیر و زیرەك بوو لە باشترین زانکۆی بەریتانیا دکتۆرای ( B . S . E ) ، ( M . D ) ، ( P . H . D ) وەرگرت .

لە ساڵی 1943 - 1944 ونستۆن چەرچڵ تووشی نەخۆشی ئاو بەندی و هەوکردنی سییەکان بوو ، لەو کاتە ئەلاکسندەر فیلمینگ دەرمانی پەنسلینی لە کەڕووی نان دۆزیەوە و چەند دەرزییەك لەو دەرمانە لە چەرچڵ دەدا و پێی چاك دەبێتەوە ، بۆیە فیلمینگ دوو جار چەرچڵ لە مردن رزگار دەکا ( TWICE IN LIFE - TIME ) .

ئێستا بەندە تەمەنم (91) ساڵە ئەو ڕووداوانەی پێشووم هەمووی لە بیرە . لە ڕێگای بەرنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەزگای سوێدی نێودەوڵەتی ( UNDP ) ، ( SIDA ) و گەشتە خێزانییەکانم هەموو وڵاتانی جیهانم دیوە تەنها ئەمەریکای باشوور نەبێ . لە بەغدا و وڵاتە یکگرتووەکانی ئەمەریکا و قوبرس پسپۆریم لە دارستان وەرگرتوە، هەڵسووکەوتم لەگەڵ کەسانی زانا و ڕۆشنبیر بووە و زانیاری بەسوود لێیان فێر بوویم. لە ژیانم لە هیچ حیزبێك کارم نەکردووە ، تەنها بۆ نەتەوەکەم نەبێ و بە ئەرکێکی پیرۆزم داناوە ، لە ساڵی ( 1960 ) لە زانکۆی ویلایەتی ( یۆتا ) لە ئەمەریکا چوار قووتابی تورکم لەگەڵ بوون زۆر

تووندڕەو و ڕەگەز پەرست بوون ، زانییان من کوردم جارێك باسی ئەوەم کرد کە لە تورکیا ( ئەو سەردەمە ) شەش ملیۆن کورد هەیە ، یەکێك لەو تورکانە بە توڕەییەوە گووتی : ئەو کرمانجانە تورکی شاخاوین گێل و نەزانن ! منیش گووتم : رۆژێك دێ ئەو کرمانجانە مافە ڕەواکانییان وەرگرن .

لە ئەمەریکا جلوبەرگی کوردی و خەنجەرێکی دارم لەگەڵ خۆم بردبوو ، لە بۆنەکان لەبەرم دەکردن ، زۆر لە قووتابییەکان نەیان دەزانی لە چی نەتەوەیەکم ، تەنها مامۆستایانی مێژوو و جوگرافیا و یاساناسان و دیپلۆماتەکان ئاشنا ببوون و دەیا نگووت : ئەوانە پیاوی ئازای شاخەکانن .

حاجی قادری کۆیی فەرموویەتی :

**کوردی ئێمە نەزان و دواکەوتوون**
**پێکەوە ئاگر و پووش و نەوتن**
**گەر بێتو دەستی یەك بگرن**
**وەك ئەسکەندەر هەموو جیهان دەگرن**

**<u>تێبینی</u>**

زۆر سوپاسی مامۆستا و نووسەر (هۆشیار محەمەدئەمین ساڵح کۆیی) دەکەم بۆ هاوکاری کردنم لە پێداچوونەوە و دارِشتن و تایپ کردنی ئەو بابەتە و یادەوەرییەکانی ترم هیوادارم هەردەم سەرکەوتوو بێ لە کارە پیرۆزەکانی .

# دكتۆری دار و درەختی بەلاش

**نووسینی تاهیری سمایلە سووری نجار**

لەمانگی حوزەیڕانی ساڵی 1964 خانوەکی پێنج سەد مترم بەکرێ گرت، مانگی بە شەش دیناران، لە گەڕەکی ئازادی.

خوالێخۆشبوو ئەندازیاری بە ئەزموون و بەناوبانگ ئیحسان شێرزاد دیزاین (تصمیم) کرد. هەموو خانووەکان دروست کران بە کەرپوچی خۆماڵی و چیمەنتۆ (سقف) بە شێلمان و چاتی کران باخچەی پێشەوەی خانووەکان پانی (3) سێ مەتر وە درێژایی (15) پانزدە مەتر بوو

باخچەی گەورە و خۆش لە پشت خانووەکە بوون

ئەو کەسانەی دەستیان هەبوو لەم پرۆژەیە خوالێخۆشبووان (محەمەد حەسەن دزەیی و عەلی جۆکل و کەمال شاکر و ئەحمەد حەیاوی) بوون.

ئەم زاتانە پارەیان بە قەرز وەرگرت لە کاکەی حاجی مەحمودی کۆیی ، کە لەو سەردەمەوە ماڵی لە گەڕەکی ئیمام قاسم لە شاری کەرکوك.

زۆربەی دانیشتووانی ئەم خانوانە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی بوون لەبەڕێوەبەرایەتی (مصارف) هەولێر.

چەندێك لەم مامۆستایانە لەم خانوانە تەنها سەد دیناری دابووە و بوو بە خاوەنی خانوو

خوا لێخۆشبوو وەڵاش زاوام (Halving) حسێن ڕەشوانی کە لە زانکۆی ئەزهەری میسری (دەرچوو بوو، زۆر زانا بوو لە فقە و شەریعە و زوبانی عەرەبی)

لە ڕێگای مامۆستا حسێن ڕەشوانی بەشداریم دەکرد لە مەجلیسی مستەفا ئەفەندی مەئموری نفوس کە خانووەکەی بەرامبەر یانەی فەرمانبەرانی ئازادی بوو ، هەروەها لە مەجلیسی خوالێخۆشبوو قازی ڕەشاد موفتی.

ئەمن زۆر حەزم دەکرد کە دابنیشم لە مەجلیس پیاوانی بە تەمەن و بە ئەزموون

هەر یانزدە ڕۆژان جارێك دەچوومە ئەو مەجلیسانە. لە مەجلیسی مستەفا ئەفەندی ئەو کەسانە ئێواران دادەنیشتن ، حماسی بەگ بەڕێوبەری دائیرەی انحصار ( توتن) سەید حسێن و سەید حەسن کە دوو ئەفسەری گەورە بوون لە ئوردوگای هەولێر ( حامیە ) و عەبدولقادر قرگەیی بەڕێوەبەری خەزنەی هەولێر و موحسین ئاغا بەڕێوەبەری شارەوانی هەولێر و چەند کەسێکی تر.

ئەمن خۆم حساب دەکرد وەکو ڤوتابییەك بەرامبەر ئەو زاتانەی کە هەموویان خانەنشین بوون باسی مێژووی کەونیان دەکرد

و کەدەهاتنە سەر کشتوکاڵی و دارستان و نەخۆشی ئەم درەختانە ئەمن تەماشایەکی مستەفا ئەفەندیم دەکرد ئەویش دەیگووت فەرموو کاك تایەر.

ئەمنیش بەرێگایەکی زانست و زانیاری پێم دە گووتن ، زۆربەیان سوپاسیان دەکردم ، هەموویان داوایان لێ دەکردم کە بچمە ماڵیان باخچەکەیان ببینم چەندین باخچەی ئەو ماڵانەم دەمدیت (داری یوکالیپتۆس ، سنەوبەر(کاژ) ، سرو)یان چاندووە دەمگووت ئەو دارانە بیبڕە (فگع) چونکە ئەو دارانە بۆ سەکۆی کۆڵانە دەم گووت پارچەیەکی (3)سێ مەتر چوارگۆشە تەرخان بکە لەبوو کەرەوز و توور و پیاز و مەترێك لە دیوارەکانت تەرخان بکە بۆ گوڵی ئەشرەفی (جمبد) ڕەنگا وڕەنگ و نۆ متر چوارگۆشە تەرخان بکە لە بۆ دار هەنجیر و کەپرە دارمێو. ئەوجا ئەمن ڕاچێتەکەی بەلاشم بۆ ئەو کەسانە دەنووسی و پێم دەگووتن ئەو دەرمانانە چۆن بەکار دەهێنن و ئەمانە تەنها لەکن علی جۆکل بەکار دەهێنن و ئەمانە لە باژێری هەولێر پەیادەبی ، هەموو جۆرە دەرمان و (سماد) لە کن علی جۆکل هەیە . ئەوجا کە دەچوومە ماڵی مستەفا ئەفەندی مەئموری نفوسی خانەنشین ، ئەو کەسانەی لە مەجلیسەکە بوون من ئیشم بۆ کردونە سوپاسیان دەکردم و دەیان گووت ئێمە ئەوانەی کە ئامۆژگاریت هەموومان دەتکردووە . ئەو جا ناویان لێ نام (**دکتۆری دار و درەختی بەلاش** ) هەموو خانییەکان ئاگردانی داری هەبوو ناوی مغیری بوو . هەموو خانوەك کورەخانەی هەبوو ، نەفگ ئاوەکەی گەرم دەکرد . دانیشتن بەرامبەر مغیری تەماشای ئەو دارێکی ئیشك کە تۆدای دەنین بۆ ناو مغیریەکە Fire Placeگەلێك لە ژیانت بە بییر دێتەوە ، زەمانی منداڵیت، جاحێڵیت ، زانکۆ دەرچوونت دوایە بووی بە زاوا و بووك ، دوایە خێزانت منداڵی بووە . ئەگەر بازرگان بووی ئەویش هەمان شت، خێزانی ئەم خانوانە هەموویان نە مغیریانەوە و نە کورەخانەیان نەهێشت و هەموویان فت کرد ، ساڵی خەڵکەکە زۆر لە حەمامی صۆبەی نفگ دادەنێن ، دەسووتێن یان دەخنکێن لە ڕێگای (ئەوەل ئۆکسید کاربۆن) ، بانیش لە هۆش دەچن(اغمائ) هەموو کەسێك خۆ سۆبەی نیە ، یان ئامێری کارەبای نیە.

**تێبینی:**

**کە ئێنتەرنێت لە بازاڕ پێیابوو ، منداڵەکانم گوتیان بابە ئێمە حەز دەکەین کە ئێنتەرنێتەکت بۆ بکرین . ئەمن گوتم سوپاستان دەکەم ئەمن موبایلەکەم دەوێ کە بە چ دوگمەکی پێ دەبی و بە چ دوگمەکی دەکژێتەوە ئەمن مێشك و چاو دەستم بەکاردێنم بۆ هەر نووسینەك بێت.**

# له ساڵی 2027 دانیشتوانی شارەكان لەسەر روباری فورات ناچار دەبن كە شارەكانیان بەجیٚ بهێڵن !

**نووسینی : تاهیری سمایله سووری نەجار**

**دوو هۆی گرنگ هەیە:**

یەكەم: گردی زیخاوی

كپبان رملیه sand–dunes

دووەم: كەمی ئاوی پاك بۆ خواردنەوە

Lack of pure drinking water

عاردەكی زۆر لە قەزای بێجی زەرەرمەند دەبێت لەبەر گردەكانی زیخاوی لە ڕوباری دیجلە كەمێك لە عاردەكانی كەربەلا و نەجەف لە ڕۆژئاوایی ئەم پارێزگارانە زیانی لیٚ دەكەوێت شارەكانی دیوانیە (قادسیە)وە سەماوە و(موسەنا)وە ناصریە و (ژی قار) هەموویان لە بیابانی ڕۆژئاوایان زەرەرەكی زۆریان پیٚ دەكەویٚ.

لە ڕۆژئاوای سنوری عێراق لەگەڵ سوریا و ئەردن و سعودیە لە باشوریشی كویتە ، ئەو بیابانانەی زیخی زۆرە و گیا و تەراشی زۆر كەمە ، كاتی ڕەشەبای دێت هێندە بەهێز و دژوارە دەتوانی گردی زیخاوی بگەێتە ئەو شارانەی سەر ڕووباری فورات لەماوەی ئەو هەشت ساڵانەی داهاتوو.

چارەسەركردنی ئەو زیخانەیە كارەكی و ئیشێكی زۆر گرانە (زەحمەتە) پارەیەكی زۆری دەوێت ، پسپۆری دارستان و پارێزەری خۆڵ و زیخ و گیا و گۆر و كەش و هەوا ناسی ...... هتد

Qualified foresters soil conservation experts in plants ecologist and road engineers

نازانم ئەگەر سوریا و ئەردەن و سعودیە و كویت پارەكی دەدەنە عێراق ئەگەر عێراق 50%وە دراوسێیەكانمان لە% 50 بەشدار بن.

ئەوەی كە ئەمن دیتومە لە بیابانی لیبیا لۆری تانكی گەورە ، پری دەكەن لە قیری ڕەش و شل تایەكانی لۆریەكە زۆر گەورەنە ، و لە پشتی لۆریەكە (تانكەرەكە) بۆریەكی 10 دە سانتیمەتری هەیە و لە بنەوەی بۆریەكە چەندین كونی هەیە هەر كونێك 1یەك سانتیمەترە . ئەوجا شۆفێری تانكەرەكە دەرگای قیرە ڕەشە شلەكە دەكاتەوە ، قیرەكە ئەو عاردی زیخاوی دادەپۆشی.

له وەرزی باران پسپۆڕان و کرێکاران دائرەی کە قوگرەکەی 1یەك مەترە ئامادە دەکەن ، وە قیرە ڕەشەکەی هەڵدەگرن ، ئەوجا تۆی گیا و تەراش کە بەرگەی کەمی ئاو گەرمای دەکەن ئەم تۆیانە کە قۆرتەکەی دائیری بە باشی لەناو قۆرتەکەی پەرت دەکەن وە کەمێك زیخی بەسەردا دەکەن.

پێویستە کە حوشتر و مەڕ و ماڵات قەدەغە بکرێت تاوەکو گیایەکانی شین دەبێت نەخزێ پێویستە ڕێگای تایبەتی بۆ ئۆتۆمبێل و لۆری بۆ حوشتر و مەر و ماڵات تەرخان بکرێت .

له ساڵی 1954 بەندە لە گوندەکی 15 کیلۆمەتر لە ڕۆژئاوای پایتەخت دورگەی قوبرس بۆ ماوەی دوو ڕۆژان ئیشم کردووە بۆ ڕاگرتنی زیخی ڕۆخی دەریای سپی ناوەڕاست ، ڕەشەبایە ڕەش و بەهێز لە دەریاوە دەهات و زیخی دەریایەکەی هەڵدەگرت بەرەو بەروبوومی کشتوکاڵ Wattle Fences گوندەکە دەچووە ، ئەوەی ئەمنی کردومە پێی دەگوترێ

ئەو تانوکە (سیاج) لە دار و چرۆی یوکالیپتۆس دەکرێ . داری یوکالیپتۆس بە درێژای یەك مەتر و نیو وە ئەستوری چار هەتا شەش سانتیمترە. هەر دارێك حەفتا سانتیمتر لە زیخی عاردەکە دەکوترێ و بەینی دارەك و دارێك دوو مەترە.

ئەوجا لق و چرۆی یوکالیتۆسەکە دەکرێتە سیاج و زیاتر لە دە سانتیمەتر چرۆەکەی یوکالیتۆس لە عاردی زیخاوییەکە چەسپ دەکرێت، بەینی سیاج و سیاجەك پانزە مەترە ، و لە وەرزی باران و کەش و هەوای سارد تۆ نەمامی باش لە بەینی سیاج و سیاجێك دەچێندرێ.

پاش چەند ساڵێکی کەم بیستم گوندەکە دیسان نۆژەنکران و زەوی و زار هەموی چاندراوە.
سوریا ئاوێکی زۆر کەم بەردەدا لە بەنداوی الگبقە بۆ عێراق، بڕوام وەهایە کە سوریا چەند پێ بکرێ ئاوی فورات پشکی شێر بۆ خۆیەتی.

ئێستا تورکیا بەنداوی ئەلیسۆ(سد الیسو) پڕ دەکات ئەمن وەهای دەبینم ئاوی روباری دیجلەش کەم دەبێت ، بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی( **وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاو**) پێویستە لەو ڕۆژەوە

**دەست بکەن بەنداوی گەورە و بچوك دروست بکەن تاکو ئاو هەبێت بۆ هاوین و پایز ، باب و باپیرمان گوتویانە (ئاو وئاوەدانی) لە قورئانیش رب العالمین دەفەرمووی :**

## (وجعلنا من الماء كل شيء حي أفلا يؤمنون)

[الأنبياء : 30]

**هەولێر** 2019/8/23

* **ناوی قوتابیان:**

فەیسەڵ حەمدی ، مەجید عومەر ،مەجید مەعروف ، مەجید حەمید ، واحید حەمکول ، بابەکە ، مستەفا ساڵح، عومەر ئەسعەد ، کەریم شارەزا ، ئەمجەد و حەمە عەلی نورەدین .

* **ناوی مامۆستایان:**

سابی ئیسماعیل (بەڕێوەبەر) تاهیر سەعید ، کەمال ئەفەندی.

* **ناوی یاریدەدەر :** فەقێ مەحمود

**ناوی فەراش:** مام عەبدوڵڵا (باوکی کازم) نووسەر و شاعیر

قاپ قاپە لە هەموو حەمامەکانی ، لە هەموو مزگەوتەکان لە هەمووماڵێك هەبوو ، چونکە لە زەمانە نەعل و صۆندە نەبوو .

*محەمەد حەمەد( برای مامۆستا حەمیدە شەل) سەرتاش بوو و شاعیر بوو ، نازناوی (مسکین) بوو، حەمید بێتووشی مامۆستای وەرزەش بوو.

***جەفری ولیام چاپمان:***

مووچەی من دوو مانگ دواکەوت، کە مووچەم وەرگرت(18.5 دینار)م نارد بۆ باوکم.

***ڕۆفۆ عبدول ئەحەد عەنکاوی***

*لە مانگی تەموزی سالی 1955 هاتمەوە کۆیە ، باوکم لە ماڵ بوو لە باوەشی کردم شەش جار زیاتر ماچی کردم ؟ گوتم بابە ئەتو قەت هەندەت ماچت نەکردووم ، گوتی کوڕم ئەمن چەند ڕازیمە لەتوو خوای گەورە دە هەندە لێت ڕازی بێت.

*بابم گوتی! کارینە ئەسپیندارەکان بنەبان(سقف)هەمووی ڕزیبوون ، هەندە نەمابوو کە بانەکە هەمووی بەیەکجار بەربێتەوە و بروخێ و ئێمە هەموومان دەمردین لە بەر قوڕسی و ئەستوری خۆر و سواغەکەی بانەکە.

*كۆلێژی دارستانی قوبرس له بڵندترین گوندەكانی ئەم دورگەیه ، ناوی گوندەكه (پڕۆدرمۆس) 1430 مەتر بڵنده له ئاوی دەریا، ئەم گونده له دامینی چیای (ترودۆس) بڵندایی ئەم چیایه زیاتره له سێ هەزار مەتر له ئاوی دەریا ، هەتا بڵندایی 2500 مەتر دارستانی داری كاژه (صنوبر) و دارەكان زۆرپەیان بە تەمەنن.

*تەنها ساڵێكم مابوو كه خوێندنی پلەی ماجستێر تەواو بكەم

* له 17 تموزی سالی1968

*له كەركوكەوه هەتا نزیك هەولێر ئەو گەنم و جۆیەی كه هەبوو ، حەرەس قەومی و عەرەبەكان دەیان دوریەوه به داس وبان به دەراسه، مەڕ و ماڵات و مانگا تاڵان كراوی ئەم گوندانه و ئەوەی كه عەرەبەكان نەیان دەتانی بیدوورنەوه یان زۆر زیاتره له ئالیكی ئاژەڵەكان ئەوجا ئاگریان تێبەردەدا!
و ئەو گوندانەی كه دیتم له گەڵ مزگەوتەكان به تایبەتی مزگەوتی قوشتەپه و تەق تەق لەگەڵ هەموو خانوەكانی سووتابوون، عەقید تەها شەكەرچی له كۆیەوه زەعیم سدیق له سلێمانی وه هەردووكیان موصڵاوی بوون ، دەستیان كرد به كوشتن و گرتن و لێدان هەركەسێك كه تەها شەكەرچی و عەسكەرەكەی كه لەگەڵ بوو زۆر كەسیان له دینگەی بازاری دەبەست و دەیان كوشتن.
كەمال رەشید ئاغای برادەری قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی من بوو شەهیدكرا، دیان بایه یان ئیسلام بایه دەگیرا و دەكوژرا.

*ئەونده زابتی موصڵاوی هەبوون ، هیچ شارێك و لیوایەك ( متصرفیه) له هەموو عێراق به قەدەر زابتی موصڵاوی نەبوون، موصڵاوی دەیان گووت ( یاملازم یا مالازم)
ئێستاش له پارێزگەی هەولێر و دهۆك و سلێمانی به هەزاران موصلاوی لەگەڵ من دەژین ، پارێز كراون ، نەخۆش بێ تیمار دەكرێن ، گەلێكیان بازرگانی دەكەن.

*ئەمن باپیرم (باوكی دایكم )چەندەها جار دیتیه ناوی سابیری بابەكر بوو، خاڵەكانم خدر ، بەكر، حەوێزخاره ، مستەفا عارەب، . حەوێز خارەم هەنده كەرەستەی كڕی بوو دەهاتەوه له ڕێگای تەق

تەق بۆ کۆیە  مینەك تەقیەوە ، لەبن لۆریکە خارە حەوێزم شەهید بوو لەگەڵ شۆفێری لۆریەکە لە بیرمە ئەمە روویدا لە پایزی ساڵی 1968.

* **پێویستە سوپاسی یارمەتیدانم** (UNDP)، (FAO) **بکەم :**

بۆ چوونەوەم بۆ دەزگای لێکۆڵینەوە زانستی دارستان لە هیندستان و ئوستوڕالیا و ئێران (تەهران)

* **پێویستە سوپاسی**(SIDA) **سویدی بکەم :**

کە من ناردرام بۆ سوید لە ساڵی 1969 وە ، 56 ڕۆژان دەرس هەرەوها ڕاهێنانم کرد لە پۆل و مەیدان لە بارەی :

(Scientific Experiment Research in Forestry)

*کە چومە ئەمریکا ، لەگەڵ خۆم ڕانك و جوغەر  و کڵاو و جەمەدانی و کڵاشێکی سپیم لەگەڵ خۆم بردبوو ، خەنجەرێکی داری بێ کالان کردبوو.

لە ڕۆژانی جیژنەی حەزرەتی عیسا (سەلامی خوای لێ بێ ) و لە ڕۆژانی (جەژنی سوپاسەوە)ناو بە ناو لە زانکۆم بەرگی کوردیم لەبەر دەکرد ، و خەنجەرە دارەکەم لە پشتێنیدا قایمم دەکرد. بە دەگمەن قوتابیان زانستیان هەبوو لە بارەی کورد، تەنها مامۆستایانی مێژوو و جوگرافیا و ئەوانەی دەرسی وڵاتانی جیهانیان دەگۆتەوە دەیان زاتی کورد  وەك نەتەوەیەکی ئازا و جەسوور و بەرخودان ، شەرەڤان و  برادەرن.

(Christmas، thanksgiving، Easter Holiday)

**ئەو گۆرانیە کە هەمیشە گویٚ لیٚ بوو و تەنانەت تێکستی گۆرانییەکە لەسەر پەڕەکی سپی نووسیبوو بە دەست خەتی خۆی ، گۆرانیبێژەکە ناوی فرانك سێنتارا بە ڕەگەز ئەمریکیە.**

Strangers in the night
Exchanging Glances
Wond'ring in the night
what were the chances
we’d be sharing love
before the night was through?
Something in your eyes was so inviting
something in your smile was so exciting
something in my heart told me
I must have you
Strangers in the night
two lonely people
we were strangers in the night
Up to the moment
when we said our first hello
little did we know
Love was just a glance away
a warm embracing dance away
And ever since that night
we’ve been together
Lovers at first sight
in love forever
it turned out so right
for strangers in the night…

(18)

## بەڵگە و دەستنووسەکانی

## ( تاهیر ئیسماعیل نەجار)( تایەری سمایلە سووری نەجار)

(1)

بیرەوەرەکانی ژیانم ـ ناهیدی کامیل سوری نجار شیخانی

<u>رۆڵی ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان</u>

لە هاوینی ساڵی ١٩٦٨ فاو (FAO) ڕێکەوتنێکی
ئیمزا کرد لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارستان لە بەغدا بە-
ئەو پڕۆژەیە بە ناوی :- لێکۆڵینەوەی دارستان
و ڕاهێنانی پسپۆڕان کردەوە لە شاری هەولێر.
بەندە بەرپرس بەڕێوەبەری بەشی لێکۆڵینەوە زانستی
دارستان بووم لە هەولێر.
چەند پسپۆڕێک بە ئەزموون لە بارەی لێکۆڵینەوەی
زانستی لە بوارە دارستانی و باراناو پارێزتنی
خۆڵ لەگەڵ سوود وەرگرتن لە داری بۆکاشوک
بۆ ئاژەڵانی ماڵەوە.
~~[illegible]~~ بەڕێوەبەری ئەم پرۆژەیە پسپۆڕ بووش ~~[illegible]~~
ئینگلیز بوو، دوو پسپۆڕ تورکی بوون، یەک
پسپۆڕ پاکستانی بوو، یەک پسپۆڕ پۆڵەندی
بوو، یەک پسپۆڕ ئەمریکی بوو، یەک پسپۆڕ
ڕۆمانی بوو.
بەپێی ئەم ڕێککەوتنە (اتفاقیە) ئەمن یاریدەدەری
پسپۆڕ بووم CO - MANAGER، وە هەروەها بەڕێوەبەری
~~[illegible]~~ فەنی هەولێریش لە وانەی کە دەرچوانی کۆلیجی
دارستانی و تۆکاری حمام العلیل بوون.

(٢)

ئەم پرۆژەیە بەردەوام لە هاوینی ساڵی ١٩٦٨ەوە تا
هاوینی ساڵی ١٩٧٦ لەو بوارەی کە باسم کرد لە پێشتر.

ڕێکخراوی فاو کە بنکەی لە شاری ڕۆما /
ئیتاڵیا بوو سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانیش بوو
لە نیویۆرک / ئەمریکا.

فاو لە ڕێگای ئەو پرۆژەیە زۆر هەلی سەفەرتم
بۆ هۆڵەندا، ئوستراڵیا، سوید و... الخ ڕێک
خستەوە هەموو پارەی سەفەر و وەرگرتنەوەم
لەو وڵاتانەدا دابینم. توانیم
کە زانستی پسپۆڕیی بە ئەزموونی ئەم وڵاتانە
پێشکەوتووانە ببینم وە گەلێک زانیاری
لەم پرۆفیسۆرانە فێر ببم. پێویستە
لێرەدا ئەمن سوپاسی فاو لەگەڵ
